بە pdf کردنی
ayub saber

# زیرەك بە!



## برایان ترەیسی

چۆن بتوانین لە هەموو بوارێکدا هاوشێوەی ئەو کەسانە بیر بکەینەوە و کردار بکەین کە سەرکەوتوون و بەرزترین موچەیان هەیە

وەرگێڕانی:
حەیدەر ئیبراهیم
کەلسوم عومەر

Scanned by TapScanner

# زیرەك بە!

چۆن بتوانین لە هەموو بوارێکدا هاوشێوەی ئەو کەسانە بیر بکەینەوە و کردار بکەین کە سەرکەوتوون و بەرزترین موچەیان هەیە

## برایان ترەیسی

وەرگێڕانی:

حەیدەر ئیبراهیم

کەلسوم عومەر

ناسنامەی کتێب:

ناوی کتێب: زیرەک بە !

نوسەر: براین تریسی

وەرگێڕ: حەیدەر ئیبراهیم - کەلسوم عومەر

بابەت: گەشەی خود

چاپخانە: تاران

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بەختیاری
سلێمانی - شەقامی مەولەوی
٠٧٧٠١٤٩٥٢٧٠



Scanned by TapScanner

# بەشی یەکەم

## بیرکردنەوەی درێژخایەن x بیرکردنەوەی کورتخایەن

" خەڵکی نیگەرانن سەبارەت بە باشترکردن و بەرەوپێشبردنی ڕەوش و بارودۆخەکانیان بەڵام نایانەوێت خۆیان باشتر بکەن. ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی هەمیشە لە سنور و چوارچێوەیەکدا بمێننەوە. ئەو کەسەی کە لە خاچدان ناترسێت ئەوا هیچ شتێك ڕێگری لێناکات لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە دڵی دەیەوێت. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەمە بۆ شتە دنیاییەکان و ئاسمانییەکانیش هەمان شتە. تەنانەت ئەو کەسەی کە تەنها ئامانجی بەدەستهێنانی سامانە پێویستە ئامادە بێت بۆ قوربانیدانێکی کەسی گەورە بەرلەوەی ئامانجەکەی بەدی بهێنێت. هەتاکو ئامانجەکەی گەورەتر بێت ئەوا ژیانێکی باشتر و خۆشتری دەبێت."

( جەیمس ئالین )

هەتاکو باشتر بیر بکەیتەوە ئەوا ئەنجامی باشترت دەبێت و زیاتر سەرکەوتو دەبیت لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا. گرنگترین پێوانە، تاکە پێوانەی چۆنیەتی بیرکردنەوەت، ئەو دەرئەنجامەیە کە بەدەستی دەهێنیت. دەرئەنجامی ئەو شتانەی کە بڕیارتداوە ئەنجامیان بدەیت لەسەر بنەمای بڕیارەکانت.

میلتۆن فریدمانی ئابوریناس دەڵێت:" باشترین پێوەری چۆنیەتی بیرکردنەوە بریتییە لە توانای ڕاستەقینەت بۆ پێشبینیکردنی دروست بۆ دەرئەنجامی بیرۆکە و کردارەکانی دواترت." مەبەستەکەی ئەو بیردۆزە ئابورییە بوو کە جیاکراوەیە لەوەی بەڕاستی ڕوویدا کاتێك ئەو بیردۆزە جێبەجێکرا بەڕوون و ئاشکرا نادروست بوو.

دەرئەنجامەکان هەموو شتێکن! تەنها پرسیار لێرەدا ئەوەیە:" ئایا بیرۆکەکەت سەرکەوتوو بوو یان نا؟" هەندێك کەس ناڕوونن و ناتوانن لە گرنگی دەرئەنجامە درێژخایەنەکان بگەن. وا بیردەکەنەوە کە ویست و مەبەستەکانیان گرنگترین شتن نەك دەرئەنجامەکان. ئەمە هۆکارێکی سەرەکی ناڕوونی و سەرلێشێواوییە لە کۆمەڵگاکەمان و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

دەڵێن:" ئەگەر خواستم هەبێت بۆ شتە باشەکان ڕوبدەن لە دەرئەنجامی بیرۆکەکانم، بڕیارەکانم و کردارەکانمەوەیە ئەگەر ڕووشنەدەن ئەوا تۆ ناتوانیت لۆمەی من بکەیت." توانای تۆ بۆ پێشبینییەکی وردو دروستی دەرئەنجامی بڕیارەکانت پێوانەی ڕاستیی زیرەکییتە.

## زیرەکی چیە؟

زیرەکی پەیوەندی نییە بە ئاستی زیرەکی، ئاستی قوتابی لە قوتابخانە و چەندین ساڵی خوێندن بەڵکو لەبری ئەوە زیرەکی بریتییە لە شێوازی کردارکردن. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئەگەر زیرەکانە کردار بکەیت ئەوا کەسێکی زیرەکیت وە ئەگەر گەمژانەش کردار بکەیت ئەوا کەسێکی

گەمژەیت. بەبێ گوێدانە ئاست و پێوانەکان لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی ئاستی زیرەکی.

کەوایە پێناسەی کرداری زیرەکانە چیە؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە. بریتییە لەو شتەی کە ئەنجامی دەدەیت و نزیکت دەکاتەوە لەو ئامانجەی بەڕاستی دەتەوێت. کرداری گەمژانە بریتییە لە ئەنجامدانی شتێك کە نزیکت نەکاتەوە لەو ئامانجەی دەتەوێت وە خراپتر لەوەش ئەوەیە کە دوورت دەخاتەوە لە ئامانجەکەت.

تۆ کەسێکیت خۆت پێناسەی کردارە زیرەکی و گەمژەییەکانت دەکەیت کاتێك بڕیار دەدەیت لەوەی چییت دەوێت و چییت ناوێت. هەروەك وینستۆن چێرچڵ دەڵێت:" لە مێژە وازم هێناوە لە گوێڕاگرتن لەوەی کە خەڵکی دەیڵێن لەبری ئەوە سەیری کردارەکانیان دەکەم. کردار تەنها ڕاستییەکەیە."

## کردار هەموو شتێکە

چۆن دەتوانیت بڵێیت کە کەسێك بەڕاستی چی دەوێت، چۆن بیر دەکاتەوە، هەستی چۆنە، باوەڕەکانی چین وە خۆی بۆچی تەرخان دەکات؟ زۆر ئاسانە. تەنها تەماشای کردار و هەڵسوکەوتەکانی بکە. ئەمە بریتی نییە لەوەی کە خەڵکی دەیڵێن وە ئاواتی بۆ دەخوازن، هیوا و ئومێدەکانی و نیازەکانی نین کە هەژمار دەکرێن بەڵکو تەنها ئەو شتەیە کە ئەنجامی دەدەن وە بەتایبەتیش ئەوەی ئەنجامی دەدەن لە کاتێکدا ڕووبەڕووی فریودان دەبنەوە یاخود دەخرێنە ژێر پەستان و فشارەوە.

کەسێك دەڵێت:" من دەمەوێت سەرکەوتوو بم لە کاروبارەکانم و ژیانمدا."
ئەو لەڕاستییدا باوەڕی پێی هەیە بەڵام دواتر چاودێری هەڵسوکەوتەکانی دەکەیت و دەبینیت ئەم کەسە لە کۆتا خولەکدا دەگاتە سەر کارەکەی و بەزووترین کاتیش کارەکەی جیدەهێڵێت و پەلەی گەڕانەوەیەتی بۆ ماڵەوە بۆئەوەی زنجیرەی کۆتایی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی لەدەست نەچێت. بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و بە ڕەچاوکردنی ڕەفتارەکانی، ئامانجی ئەم کەسە بریتی نییە لەوەی سەرکەوتو بێت لە کارەکانیدا بەڵکو زیاتر گرنگە بەلایەوە سەیری تەلەفزیۆن بکات. چۆن دەزانیت؟ لەبەرئەوەی ئەمە کتومت ئەو شتەیە هەموو شەوێك پاش کارەکەی ئەنجامی دەدات.

## ئایا بیرۆکەکە سەرکەوتوو بوو؟

تەنها پێوانەی ڕاستەقینەی بڕیار و کردارەکانت بریتییە لەوەی" ئایا سەرکەوتوو بوو؟" ئایا کردارەکانت بەپێی بیرکردنەوەکانت بەرەو ئەو ئامانجەی بردیت کە ویستت یاخود ئەو شتەی کە گرنگ بوو بۆت؟ دوو یاسا هەیە کە وا لە خەڵکی دەکەن هەمیشە لە ژیانی کەسی، لە سیاسەت وە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا هەڵە بکەن. ئەوانیش بریتین لە یاسای دەرئەنجامە نەویستراوەکان و یاسای دەرئەنجامە پێچەوانەکان. ئابورییناس هێنری هازلیت لە کتێبی ئابوری لە یەك وانەدا دەڵێت" مرۆڤ بونەوەرێکی خۆپەرستە. لەبەرئەوە هەموو کردارێك بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخێك. خەڵکی هەمیشە بۆ خێراترین و ئاسانترین ڕێگا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە

دەیانەوێت بە زوترین کات و مەرجی گونجاو بە کەمترین سەرنج و ڕەچاوی دەرئەنجامە لاوەکییەکان."

هەروەها دەشڵێت دەرئەنجامێکی ویستراوی هەر کارێك هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێشکەوتنە لە بارودۆخەکاندا. پێشکەوتن گرنگترین دەرئەنجامە کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەمیشە ئەرێنییە. هەموو کارەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان جەخت لەسەر چاکسازی و بەرەوپێشچوون دەکەنەوە.

## ڕەچاوی دەرئەنجامەکان بکە

بەڵام ئەمەیان دەرئەنجامە دووەم و سێیەمەکانە. چی ڕوودەدات لە پاشان وە لە پاش ئەوەش ئەوانە گرنگترین شتن. یاسای دەرئەنجامە نەویستراوەکان دەڵێت لە زۆربەی بارودۆخەکاندا کردارێك یاخود ڕەفتارێك ئەنجامی ئەرێنی خێرایان دەبێت لە دەرئەنجامی کورتخایەندا بەڵام دەرئەنجامە درێژخایەنەکان ڕەنگە ئەنجامێکی زۆر نەرێنییان هەبێت.

بۆ نمونە، گەنجێك واز لە قوتابخانە دەهێنێت بۆئەوەی کارێکی دەست بکەوێت، پارەی نەخت وەربگرێت، ئوتۆمبیلێك بکڕێت، تێکەڵی خەڵکی بکات، لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیدا بچێتە دەرەوە و ژیانێکی پڕ لە کەیف و خۆشی هەبێت.

ئەمانە هەموویان ئامانجی خێرا و ئەرێنیین کە گەنجەکان دەیانەوێت خۆشی لێوەر بگرن. هەرچەندە دەرئەنجامەکانی کەمی و نەبونی پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری لە ژیاندا زۆرجار دەبێتەهۆی دەستکەوتی نادڵخۆشکەر بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەگەرێکی زۆر کەم بۆ دەوڵەمەندبوون

هەیە و ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە کە تاکەکان هەرگیز نەگەنە ئەو توانا شاراوەییانەی کە هەیانە.

## دروستکردنی شتێکی خراپتر

یاسای دەرئەنجامە پێچەوانەکان بریتییە لەوەی چی ڕوودەدات کاتێک کارێکی تەواو ئەرێنی دەگۆڕرێت بۆ دروستبوونی دۆخێك کە زۆر خراپترە لەوەی ئەگەر هیچ شتێك ئەنجامنەدرایە. بۆ نمونە، سودی خێرا و دەستبەجێ لە یارمەتیدانی خەڵکی و پێدانی پارە بەو کەسانەی کە پێویستیانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە مەبەستی یارمەتیدانیان هەتاکو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات لە ماوەیەکی کورتدا. دەرئەنجامە پێچەوانەکان ڕەنگە وابن کە تاکەکان هۆگر بن بە پارەی خۆڕاییەوە و واز لە هێزی کاری خۆیان بهێنن، پشت بە پارەی بەخشراو ببەستن، شکۆی خۆیان و ڕێزی خودی و بەهایان لەدەست بدەن. تاکەکان خراپتر دەبن لەوەی کە ئەگەر هیچ شتێك ئەنجامنەدرایە باشتر دەبوو.

لە کۆمەڵگادا، هۆکاری سەرەکی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان پێدانی پارەیە بە کەسانی کەم دەرامەت هەمیشە هەوڵێك بووە بۆ یارمەتیدانیان بۆئەوەی بارودۆخی ژیانیان پێ باشتر و بەرەوپێشتر ببەن. بەڵام دەرئەنجامە پێچەوانەکان ڕەنگە ببنەهۆی ئەوەی بەدرێژایی تەمەنیان پشت بە کەسانی دیکە ببەستن و لە تواناکانی خۆیان نائومێدبن.

## بیر لە داهاتوو بکەرەوە

لە یاری شەترەنجدا بە هەبونی داش و جوڵەی گونجاوی زۆریشەوە سەرکەوتنی تۆ بەتەواوی بەندە لەسەر توانات بۆ زانین و پێشبینیکردنی جوڵەکانی بەرامبەرەکەت. لە ژیاندا سەرکەوتنەکانت بە شێوەیەکی یەکجار زۆر پشتدەبەستن بە تواناکەت بۆ یاریکردن لەسەر تەختەی شەترەنجەکە و ئەو جوڵانەی کە دەیانکەیت ڕێبەرییت دەکەن بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی تەواو. هەرچۆنێك تۆ پێناسەی بکەیت و بتەوێت.

دکتۆر ئێدوارد بانفیلد لێکۆڵینەوەی لە بەرزبونەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری کردووە لە ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی دیکەدا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ. هەمیشە بەدوای ئەو هۆکارانەدا گەڕاوە کە بۆچی هەندێك لە تاکەکان و خێزانەکان لە ئاستێکی ئابوری کۆمەڵایەتی نزمەوە بەرەو ئاستێکی ئابوری کۆمەڵایەتی بەرز ڕۆشتوون، نەوە لەدوای نەوە.

هەندێك جاریش لە کاری کرێکارییەوە دەستیان پێکردووە و بونەتە یەکێك لە دەوڵەمەندەکان لە ژیانیاندا. بۆچی ئەمە بۆ کۆمەڵە کەسانێکی کەم ڕوودەدات و بۆ ئەوانی دیکە ڕوونادات؟ ئەمڕۆ لە ساڵی ٢٠١٥ بەتەنها لە ئەمریکادا زیاتر لە دە ملیۆن ملیۆنێر بونیان هەیە. زۆرینەیان خۆدروستکەرن و لە هیچەوە خۆیان پێگەیاندووە و دەستیان پێکردووە و ملیۆنان دۆلاریان دەستکەوتووە تەنها بە کارکردن لە ژیانیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی سەرچاوەی گۆڤاری فۆربیس ( بەهاری ٢٠١٥ ) هەزار و هەشت سەد و بیست و شەش بلیۆنێر هەن لەگەڵ دوو سەد و نەوەد بلیۆنێری نوێ تەنها لە ساڵی ٢٠١٥ دا. لە سەدا شەست و شەشی

ئەو بلیۆنێرانە یەکەم نەوە بوون و خۆدروستکەر بوون. لە هیچەوە دەستیان پێکردووە و ئەو برە پارەیان بەدەستهێناوە لە تەمەنیاندا.

## خاسیەتە هاوبەشەکە

بانفیلد دەیویست خاسیەتە هاوبەشەکەی ئەم کەسانە بزانێت کە لە سەرانسەری جیهاندا هەیان بوو. دۆزینەوەکانی لە کتێبێکی دیار و بەرچاودا کورت و پوخت کردەوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان رەخنەی لێگیرا و زۆر جێگای مشتومڕ بوو. بەڕووی زۆربەی ئەوانەدا وەستایەوە کە باوەڕیان وابوو هەژاریی و خۆشیی ناچار دەکرێن لەسەر قوربانیدەرە بێتاوانەکان کە هیچ هەڵبژاردن و کۆنترۆڵێکیان نییە بەسەر ئەو شتانەی کە بەسەریاندا دێت.

دەرئەنجامەکەی سادە و بەرپەرچنەدراوە بوو، لە دیاریکردنی سەرکەوتنی دارایی و شکستی تاکەکاندا. بۆی دەرکەوت کە "تێڕوانینی کات" هۆکارێکی زۆر گرنگ و بەهێز بووە.

کۆمەڵگای دابەشکرد بەسەر حەوت ئاستدا لە نزمترین چینەوە بۆ بەرزترین چینی کۆمەڵگا.

چینی نزمتر _ نزمتر: چینی سەرو _ نزم: چینی نزم _ ناوەند: چینی ناوەند _ ناوەند:

چینی سەرو _ ناوەند: چینی خوار _ سەرو: چینی سەرو _ سەرو.

بۆی دەرکەوت کە بۆ بەدەستهێنانی هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی ئابوری، تاکەکان زیاتر و زیاتر تێڕوانینی کاتیان جێبەجێ کردووە. بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێوە هاتوون، ئاستی رۆشنبیری و زانستییان چۆنە، یاخود

باروودۆخی ئێستایان چۆنە، تێڕوانینی کات تەنها جیاوازییە لە باروودۆخیاندا.

## تێڕوانینی کات و داهات

لە نزمترین ئاستی ئابوری کۆمەڵایەتی، چینی نزم_ نزم تێڕوانینی کات زۆر جار تەنها چەند کاتژێرێکی کەم بوو یاخود چەند خولەکێك بوو هەروەك لە دۆخی کەسێکی سەرخۆشی نائومێددا یان بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان کە تەنها بیر لە خواردنەوە و بڕی مادەی دواتری دەکاتەوە.

لە بەرزترین ئاستەکاندا، ئەوانەی کە دووەم یان سێیەم نەوەیان دەوڵەمەند بوون تێڕوانینیان سەبارەت بە کات چەندین ساڵ و دەیە بووە تەنانەت بۆ نەوەکانی داهاتووشیان بووە. ئەمە دەریدەخات کەسانی سەرکەوتوو بەزۆری لەبیری داهاتوویاندان و زۆرینەی کاتەکان بیر لە داهاتوو دەکەنەوە. پیتەر دراکەر دەڵێت:"کاری سەرەکی کەسانی پێشەنگ بەتایبەت لە کارو بازرگانیدا، ئەوەیە بیر لە داهاتوو بکەنەوە. هیچ کەسێکی دیکە ئەو بەرپرسیاریەتییەی نییە. هەروەها ئەمە بەرپرسیاریەتی تۆیشە."

کەسانی ئاست بەرز و لە لوتکەدا لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پرۆژەی ساڵانە و تەنانەت دەیەیەك بۆ داهاتوشیان دادەنێن کاتێك بڕیاری ڕۆژانەیان دەدەن. زۆر بەوردی و بەئاگاییەوە بیردەکەنەوە لەوەی کە ڕەنگە چی ڕووبدات بەرلەوەی هەر بەڵێنێك یان خۆتەرخانکردنێکی نەگۆڕ و گرنگ بدەن.

گەورەترین دۆزینەوە لێرەدایە: هەتا بە شێوەیەکی درێژخایەن بیر بکەیتەوە، دیدگای بەرەوپێشچونی چۆنیەتی بڕیاردانی کورتخایەنت باشتر و خێراتر دەبێت. لەبەرئەوەی دەبیت بەو کەسەی کە بیری لێدەکەیتەوە بە ئەنجامدانی بیرکردنەوەی درێژخایەن شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتت لە ئێستادا دەگۆڕێت. ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی ئەگەری سەرکەوتنی گەورە لە داهاتوودا.

## ویستی داهاتووت دەستنیشان بکە

لە ساڵی ١٩٩٤ دا گاری هامڵ و سی کای پراهلاد کتێبێکی سودبەخشیان نوسی سەبارەت بە پلانی کار و بازرگانی بە ناونیشانی ململانێکردن بۆ داهاتوو. لەم کتێبەدا، چەمکی ویستی داهاتوویان لای خەڵك خۆشەویست و بەناوبانگ کرد.

لە کتێبەکەدا دەڵێن گەورەترین ڕوونی و ئاشکرایی کە هەتە دەربارەی ئەوەی دەتەوێت بە کوێ بگەیت لە داهاتوودا ئەوا ئاسانترە بۆت کە لە ئێستادا بڕیاری گونجاو بدەیت.

یەکێك لە بەناوبانگترین بیرۆکەکانیان ئەوە بوو ئەگەر ئامانجت ئەوەیە ببیتە کەسێکی پێشەنگ و ڕابەر لە پیشەسازییەکەتدا ئەوا پێویستە پڕۆژەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەبێت و لە خۆت بپرسیت،" چ کارامەیی و توانا و هێزێکمان پێویستە هەتاکو ببینە یەکێك لە کۆمپانیاکان لە لوتکەدا؟"

کاتێك مەبەستێکی ڕوونت هەیە بۆ داهاتووت ئەوا ئاسانتر دەبێت بۆت کە بەڕونتر و گرنگتر بیر بکەیتەوە تاکو ئەمڕۆ ئەو بڕیارانە بدەیت کە

توانات پێدەدەن ئامانجە درێژخایەنەکانت بهێنیتەدی. وشەی ڕەخنەگرانە لە دیدگای درێژخایەنەوە بریتییە لە" قوربانیدان." کەسانی سەرکەوتوو ئارەزووی قوربانیدان دەکەن بۆ دواخستنی کەیف و خۆشییەکانیان لە ئێستادا و بۆ ماوەیەکی کورت تا خۆشی لە خەڵاتی گەورەتر ببینن لە داهاتوویاندا بۆ ماوەیەکی درێژ. بەبێ ویست و خۆڕاگری بۆ بەشداریکردن لە" ئازاری ماوە کورتدا بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی ماوەدرێژ" تەنها ئەگەرێکی سەرکەوتنی کەم بوونی دەبێت.

## تەنگ و چەڵەمەی خانەنشینی

ئەمڕۆ لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەدا شتێك هەیە کە ئابورناسەکان پێیدەڵێن (تەنگ و چەڵەمەی خانەنشینی نەویستراو.) بە تەنها لە یەك ڕۆژدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دە هەزار کەس لەوانەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەدایك بوون دەگەنە تەمەنی خانەنشینی. بەپێی زانیارییەکانی نیویۆرك تایمز ڕێژەی پاشەکەوتی ئەو خێزاندارانەی کە خانەنشین کراون تەنها سەد و چوار هەزار دۆلارە.

ئەم بڕە پارەیە پێویستە لەنێوان پازدە بۆ بیستساڵی خانەنشینیدا کۆتای پێبێت. بەپێی ئەو زانیارییانەی تۆمارکراوە لە بەشی پارە ڕاکێشانی بانکدا، تێکڕایی ئەو خێزاندارانەی خانەنشین کراون دەتوانن لە ماوەی ساڵێکدا تەنها ٤,١٦٠ دۆلار و مانگانە ٣٤٦ دۆلار لە بانك ڕابکێشن بۆ تەواوی ژیانیان لەگەڵ بیمەی کۆمەڵایەتیشدا.

وە ئەم سەد و چوار هەزار دۆلاریشە ئەندازەیەکی ناوەندییە لە پاشەکەوتی کۆکراوە. لە سەدا پەنجای خانەنشیان لە سەرو ئە ژمارەوەن وە لە سەدا

پەنجای دیکە لە خوارەوەی ئەو ژمارەوەن. هەندێك لە خانەنشینان هیچ پارەیەکی پاشەکەوت کراویان نییە. چۆن دەبێت ئەمە لە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییدا ڕوودات؟

وەڵامەکە ڕوونە. نەبوونی دیدگا و تێڕوانین سەبارەت بە کات. ملیۆنان کەس ئەو خووەیان گرتووە کە هەر زوو ئەوەی دەستیان دەکەوێت و زۆر کات زیاتریش خەرج بکەن بەدرێژایی ژیانیان. لە ئەمڕۆدا، لە سەدا حەفتای گەنجان لەسەر ئەو موچەیە دەژین کە پێیان دەدرێت و هیچیان بۆ نامێنێتەوە لە داهاتەکەیان. سکاڵای ئەوە دەکەن کە پارەکەیان بەشی مانگەکەیان ناکات و ئەوەی وەریدەگرن پێویستە بیدەنەوە بە هەقی قەرز و پێداویستییەکانیاندا. فریودراون بەو باوەڕەی کە ئەم خووی زیادە مەسروفییەیان کێشەیان بۆ دروست ناکات.

## دراوسێ ملیۆنێرەکە

زۆرێك لە ملیۆنێر و ملیاردێرەکانی ئەمڕۆ لە چینی ناوەڕاستن، لە خانووی ئاسایی و لە کۆڵانە ئاساییەکاندا دەژین. زۆرینەیان ماموّستا، شوّفێری بارهەڵگر و فرۆشیارن. بەڵام لە سەدا دە بۆ پازدەی داهاتەکانیان پاشەکەوتکردووە بۆیە لە ئێستادا ساماندار و ئاسودەن.

لەگەڵ موعجیزەی سەرمایەگوزاری، وەبەرهێنانێکی سەد دۆلاری مانگانە لە تەمەنی بیست و یەك ساڵی بۆ تەمەنی شەست و پێنج ساڵی بە ڕێژەی لە سەدا حەوت بۆ هەشت ڕێژەی گەشەکردنی بازاڕی بۆرسە لە هەشتا ساڵیدا ڕەنگە بگاتە بڕی زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار پارەی پاشەکەوت.

پەرەدان بە دیدگا و تێڕوانینی درێژخایەنی کات، پرۆژەدانان بۆ داهاتووت

پێنج بۆ دە ساڵ وە یاخود زیاتریش، شێوازی بیرکردنەوە و کردارەکانی ئێستات دەگۆڕێت.

## داهاتەکەت دوو هێندە لێبکە

لە کتێبی دوو هێندە و دوو هێندەی کامیرۆن هیرۆڵدا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن لە ماوەی سێ ساڵدا قەبارەی کار و بازرگانییەکەت دوو هێندە لێبکەیت. پەیامەکەی زۆر سادەیە: ئامۆژگاریت دەکات بەوەی پرۆژەکەت بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرەو پێش ببەیت و بڕیار بدەیت کە دوو هێندەی ئەو پارەیەی ئێستات دەست بکەوێت و بەو کاتە پەیدای بکەیت. ئەم ڕێژەیە دەبێت لە سەدا بیست و پێنج زیاد بکات لە ماوەی هەر ساڵێکدا.

پاشان بگەڕێوە بۆ کاتی ئێستات وە ئەو هەنگاوانە بگرەبەر کە لە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەدا پێویستن. ئەگەر داهاتەکەت مانگانە بەڕێژەی لە سەدا دوو زیاد بکەیت و ساڵانە لە سەدا بیست و شەش زیاد بکات ئەوا دەتوانیت لە ماوەی سێ ساڵدا داهاتی گشتییت دوو هێندە لێبکەیت.

ئەگەر کار دەکەیت، بەرهەمهێنان و سود و بەرهەمەکەت بە نیو لە هەفتەیەکدا زیاد بکەیت ئەمە دەبێت بە لە سەدا دوو لە مانگێکدا و لە سەدا بیست و شەش لە ساڵێکدا وە دوو هێندەبوونی داهاتەکەت لە سی و شەش مانگدا.

## گەڕانەوە لە داهاتووەوە

خاڵی دەستپێکی پەرەدان بە بیرکردنەوەی درێژخایەن و ڕەچاوکردنی کات

بۆ تۆیە کە بیرکردنەوەی گەڕانەوەت لـە داهـاتووەوە جێبـەجێ بکـەیت.

خەیاڵی ئەوە بکە کە دەتوانیت دارە جادوویەکەت ڕابوەشێنیت و ژیانی

داهاتووت تەواو باش و بێکەم و کورت بکەیت. ئایا ژیانە ناوازە و بێکەم

و کورتییەکەت چۆن دەبێت؟ ئایا چۆن جیاواز دەبێت لە ئەمڕۆت؟

پاشان بگەڕێوە بۆ ئێستات و بپرسە:" دەبێت چی ڕوو بـدات ئەگـەر لـە

ئەمڕۆوە دەست پێبکەم بۆئەوەی داهاتوویەکی نـاوازە و شـیاو بـۆ خـۆم

دروست بکەم ؟"

خـەیاڵ بکـە وەك ئـەوەی هـیچ بەربەسـتێك نییـە لـە ڕێگاکەتـدا بـۆ

بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی دەتەوێت لە داهاتووتدا بەدەستی بهێنیت.

ژیانت لە چوار بەشی گرنگدا شیبکەرەوە:

١. کار و بازرگانی

٢. خێزان و پەیوەندییەکان

٣. تەندروستی و وەرزش

٤. سەربەخۆیی دارایی

پڕۆژەکەت بۆ پێـنج سـاڵ پـێش بخـە و خـەیاڵی ئـەوە بکـە کـە کـار و

بازرگانییەکەت و داهاتەکەت تەواو نمونەیین لە هەموو ڕوویەکەوە. چەندە

پارە پەیـدا دەکـەیت؟ چ جـۆرە کارێـك دەکـەیت؟ پێویسـتە لـە کـوێی

کاروبارەکانتدا بیت؟ لەگەڵ چ جۆرە کەسانێکدا کار دەکەیت؟

## پێنج ساڵە خەیاڵییەکەت

پیتەر دراکەر دەڵێت:" خەڵکی هەمیشە زیاتر لەوە دەخەمڵێنن کە دەتوانن لە یەك ساڵدا بەدەستی بهێنن. بەڵام بەزۆری کەمتر لەوە دەخەمڵێنن کە دەتوانن لەماوەی پێنج ساڵدا بەدەستی بهێنن." هەر کە زۆر ڕوون بویت سەبارەت بەوەی کاروبارە نمونەییەکەت و داهاتەکەت چەند دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ئەوا بگەڕێوە و سەیرێکی ئێستات بکە وە بڕیار لەو هەنگاوانە بدە کە دەیان گریتەبەر لەوەی ئەمڕۆ لە کوێیت بۆ ئەو شوێنەی دەتەوێت لە داهاتوودا لێی بیت.

هەمیشە پاشان هەنگاوی یەکەمت بنێ. هەواڵە باشەکە ئەوەیە کە هەمیشە دەتوانیت هەنگاوی یەکەمت بنێیت. بەڵام پێویست نییە لە کاتی سەرکەوتن بەسەر پەیژەکەدا هەموو هەنگاوەکانت لێوە دیار بێت.

تەنها پێویستە هەنگاوی یەکەم بنێیت. کاتێك هەنگاوی یەکەمت نا وە کاتێك هەنگاوی دووەم دەنێیت ئەوا هەنگاوی سێیەم بەدیار دەکەوێت. هەمیشە توانای بینینی هەنگاوێکی پێشترت هەیە. ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە پێویستتە. بەڵام لەسەرت پێویستە هەنگاوی یەکەمت بنێیت.

کۆنفۆشیوس دەڵێت:" گەشتێکی هەزار هەنگاوی لە تەنها هەنگاوێکەوە دەست پێدەکات." یەکەم هەنگاو هەمیشە قورسترینە. پێویستی بە ئیرادە و بڕیاردانی مەزن هەیە بۆئەوەی کارێکی جیاوازتر لەوە ئەنجام بدەیت کە پێشتر ئەنجامتداوە. بەڵام هەر کە یەکەم هەنگاوتنا ئەوا هەنگاوی دووەم ئاسانتر دەبێت وە پاشان هەنگاوی سێیەمیش. بەزوویی خۆت لە بەرەوپێشچونێکی مەزندا دەبینیتەوە و بەدەستهێنانێکی زۆر لە



Scanned by TapScanner

ماوەی چەند مـانگێکی کەمـدا و زیـاتر لـەوەی کـە لـە چـەند سـاڵی ڕابردووتدا بەدەستت هێناوە.

## خێزان و پەیوەندییەکانت

دیسان دارە جادووییەکەت بجوڵێنە و وا خەیاڵ بکە کە پەیوەندییەکانت و خێزانەکەت لە هەموو لایەکەوە زۆر تەواو و بێکەم و کـورتن. ئایـا وەك چی وان؟ لەگەڵ کێ دەبیت؟ چیتر لەگەڵ کێ نابیت؟ ئەگەر هاوسەرگیریت کردبا، چ جۆرە خانوو و شێوازێکی ژیانت دەبوو لەگەڵ هاوژینەکەتدا؟ چ جۆرە پشوویەك بەسەر دەبەیت؟ وە چ جۆرە ژیانێکت دەوێـت تا دابینـی بکەیت بۆ خێزانەکەت؟

پاشان لە داهاتوتەوە بگەڕێوە بۆ ئەو دۆخەی ئێستات و لە خۆت بپرسە:" چی دەبێت ئەگەر لە ئەمڕۆوە دەست پێبکەم بۆ دروسـتکردنی ژیـانێکی ناوازە لە داهاتوودا؟"

## تەندروستییەکی جەستەیی نایاب

بیر لە تەندروستییت بکەرەوە. ئەگەر تەندروستییت تەواو باش بێـت لـە داهاتوودا ئایا چی جیاوازییەکی دەبێت لە ئەمڕۆ؟ خۆشـی لـە چ جـۆرە وەرزشێك دەبینیت؟ کێشت چـەندێك دەبێـت؟ چ جـۆرە ژەمێـك یـاخود پارێزی خواردنێك دەکەیت؟ چ جۆرە ڕاهێنانێك ئەنجام دەدەیت؟ چی جۆرە مەشـقێکی حەوانـەوە و پشـوودان دەکـەیت، هـەروەها پشـووەکان و سەفرەکانیشت چۆنن؟

پاشان بگەڕێوە بۆ ئێستات و لە خۆت بپرسە، "پێویستە چی بکەم هەتاکو خۆشیی تەواو لە تەندروستیی باش و وەرزشەکانم ببینم لە داهاتوودا؟" پاشان هەنگاوی یەکەم بنێ و شتێك ئەنجام بدە. هەموو شتەکان بە باوەڕەوە ئەنجام بدە و هەمیشە هەنگاوی یەکەم دەبینیت.

## سەربەخۆیی دارایی

چوارەم بابەت لە بەدەستهێنانی سامانی خوودییتدا بریتییە لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی داراییت. پڕۆژەی داهاتووت دابنێ و بپرسە: "چەندەم پارەم پێویستە هەتاکو ژیانێکی ئاسودەم هەبێت لە داهاتوودا؟" لە سیمینارەکانمدا لەگەڵ خاوەن پیشە و بازرگانەکاندا فێری چەمکی ژمارەکەیان دەکەم. هەروەها ناوی کتێبێکی ناوازەیشە لەسەر هەمان بابەت. پرسیارێکی زۆر سادە دەکات" ژمارەکەت چەندە؟"

بڕی دیاریکراو چەندە کە تۆ دەتەوێت بەدەستی بهێنیت، پاشەکەوتی بکەیت، وەبەرهێنانی پێبکەیت وە هەروەها چەندێك پارەی کارکردن بەدرێژایی ژیانت کۆ بکەیتەوە؟ کتومت چەندەت پێویستە تاکو پاڵپشتی شێوازی ژیانتی پێبکەیت لەسەر بنەمای مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ؟

ڕێسایەکی سادە هەیە بۆ سەربەخۆیی دارایی. یەکەم: دیاری بکە کە کتومت چەندی پێویستە بۆ پشتگیریکردنی ئەو شێوازی ژیانەی ئێستات بۆ ماوەی مانگێك ئەگەر هیچ داهاتێکت نەبێت. لە سەدا حەفتای گەنجان دڵنیانین و ناڕوونن سەبارەت بەوەی کە کتومت چەندەیان پێویستە بۆ ژیانێکی مانگ بۆ مانگ.

## خەرجییەساڵانەکان

هەر کە پێداویستییەکانی مانگانەت دەستنیشان کرد، ڕەنگە کەمێك لێکۆڵینەوەی بوێت بۆ خەرجییەکانی ئێستات، خەرجییە ئاساییەکانت، خەرجییە چاوەڕواننەکراوەکان کە ڕەنگە هەبن. ئەوا ئەم ژمارەیە لەگەڵ ژمارە دوازدەدا لێکدان دەکەیت بۆئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکەیت کە پێویستە چەندێك پارە پاشەکەوت بکەیت یاخود چەندە وەبەرهێنان بکەیت ئەگەر هیچ داهاتێکت نەبێت بەدرێژایی ساڵێك.

ئەگەر مانگانە و پاش دانەوەی باج و سەرانەکان بۆ دابینکردنی شێوازی نوێی ژیانت پێویستت بە پێنج هەزار دۆلار هەبێت و لێکدانی بکەیت لەگەڵ دوازدەدا ئەوا پێویستت بە بڕی شەست هەزار دۆلار دەبێت ساڵانە بۆئەوەی بەئاسودەیی بژیت وە ئەگەر هیچ داهاتێکیشت نەبێت.

لە کۆتاییدا، بڕی پارەی ساڵانەت لێکبدە لەگەڵ بیست بەنزیکەی ژمارەی ئەو ساڵانەی لەدوایی خانەنشینبوونی خۆت و هاوژینەکەت بەسەری دەبەن. بۆئەوەی لەگەڵ ئەم شێوازە نمونەییە بەردەوام بیت، ئەگەر پێویستت بە شەست هەزار دۆلار هەبێت تاکو بۆ ماوەی ساڵێك بەئاسودەیی بژیت، لێکدان کرابێت لەگەڵ بیستدا ئەوا پێویستت بە یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆلار دەبێت بۆ خانەنشین بوون لە شێوازی ژیانە نوێیەکەتدا.( دەتوانیت پارەی خانەنشینیەکەت کەم بکەیتەوە کە ڕەنگە لە پێداویستی مانگانە و ساڵانەت هەت بێت)

هەنگاوی یەکەم بنێ

پاشان یەکەم هەنگاو بنێ. هەژمارێکی خانەنشینی بکەرەوە، هەژماری دارایی سەربەخۆ. ئەمە هەژمارێکە کە پارەی تێدەکەیت و هەرگیز و بۆ هیچ مەبەستێك ئەو بڕە پارەیە دەرناکەیت. بەدوای خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاریی داراییدا بگەڕێ. فێرببە کە لەسەر لە سەدا هەشتا و پێنج بۆ نەوەدی داهاتەکەت بژیت و هاوسەنگی پاشەکەوت و تەرخانکردن بکەیت، ئەمە وەك ئامانجێکی گرنگی ژیانت دابنێ بۆئەوەی کە دارایی سەربەخۆت بەدەست بهێنیت و ئەو بڕە پارەیە بەدەست بخەیت لە کاتێکی دیاریکراودا لە ساڵانی داهاتوودا.

کارکردن بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەکەت، دانانی پلانێك بۆ بەدەستهێنانی، ئەنجامدانی کردارەکان بەپێی پلانەکەت وە بەبەردەوامی پاشەکەوت و وەبەرهێنان ئەو سودە زیاد دەکات کە ئەو ژمارەیە لە داهاتوودا بە دە هێندە بەدەستدەهێنیت.

## بڕیارێك بدە

ئەمڕۆ بڕیار بدە بۆ پەرەدان بە دیدی درێژخایەنت. ببە بە خۆتەرخانکردنێکی بەهێزی داهاتوو. زۆرینەی کات بیر لە داهاتوو بکەرەوە. ڕەچاوی سەرئەنجامی بڕیارەکانت و کردارەکانت بکە. ڕەنگە چی ڕووبدات؟ پاشان ڕەنگە چی ببێت؟ وە دواتر چی؟

کۆنترۆڵکردنی خود، کۆنترۆڵکردنی هاوڕێکانت و هەستەکانت جێبەجێ بکە. ئارەزوومەندبە کە ئەمڕۆ نرخەکەی دەدەیت بۆئەوەی خۆشی لە خەڵاتی سبەینێیەکی باشتر ببینیت. پاشان هەنگاوی یەکەم بنێ. هێڵی جیاکاری لەنێوان سەرکەوتن و شکست، ویست و ئارەزوو، خۆزگە و

خەونی باش نییە. ئەوە بڕیاردانە لەوەی کە چییت دەوێت لە هەموو دۆخەکانی ژیانت و پاشان هەنگاوی یەکەمت بنێ. وە هەمیشە دەتوانیت هەنگاوی یەکەم بنێیت.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. ئەمڕۆ بڕیار بدە بە بیرکردنەوەی درێژخایەن و ڕەچاوکردنی ئەو دەرئەنجامانەی بۆ هەر بڕیارێك دەیاندەیت بەرلەوەی دەست بە کردار بکەیت.

٢. پرۆژەی پێشوەختەی سێ بۆ پێنج ساڵ دابنێ وە خەیاڵی ئەوە بکە کە ژیانت زۆر باش و بێکەم کوڕتی دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە. چۆن دەکرێت جیاواز بیت لە ئەمڕۆت؟

٣. بڕیار لەسەر کارێك بدە کە دەتەوێت خێرا ئەنجامی بدەیت بۆ دروستکردنی داهاتووە نمونەییەکەت. پاشان هەنگاوی یەکەم بنێ.

## بەشی دووەم

# بیرکردنەوەی هێواش x بیرکردنەوەی خێرا

" کەسانی سەرکەوتوو خووی ئەنجامدانی ئەو شتانەیان پەرەپێداوە کە کەسانی ناسەرکەوتوو حەزناکەن ئەنجامی بدەن. تەنانەت حەز بە ئەنجامدانی کارە پێویستییەکانیش ناکەن. بەڵام حەزلێنەبونیان پاشکۆیە بۆ بەهێزی ئامانجەکەیان. "

( ئەلبێرت ئی ئێن گرای )

مێشکت نائاساییە. توانای بیرکردنەوەت هەزاران جار زیاترە لە هەموو گەردە ناسراوەکانی گەردوون. بە جەختکردنەوەی هێز و توانای مێشکت بەتەواوی لەسەر هەمان ئامانج و ویستێك کە هەتە ئەوا دەتوانیت شتی نائاسایی بەدەست بهێنیت بە شێوەیەکی خێراتر لەوەی کە بیری لێدەکەیتەوە.

مێشك و هزرت بەردەوام لە پێشکەوتندان. تەوژمی هوشیاری و بەئاگایی لە یەك خولەکدا نزیکەی هەزار و پێنج سەد وشەیە. مێشکت لە بیرو بۆچونێکەوە دەچێت بۆ بۆچونێکی دیکە وە دەشگەڕێتەوە بۆی. پێویستی بە خۆگری و ئیرادەی مەزن هەیە بۆئەوەی کۆنتڕۆڵی ئەو تەوژم و خێراییەی بیرکردنەوەت بکەیت و کۆی بکەیتەوە لە شێوازێکدا کە

بتوانیت هەموو ئەوەی کە بۆت گونجاوە جێبەجێ بکەیت و بەدەستی بهێنیت.

هەر کە ئەمە ڕوویدا، ئەوا دەتوانیت بیر لە سەدان بیرۆکە بکەیتەوە بەدوای یەکدا. بەڵام دەتوانیت بەتەنها بیر لە یەك بیرۆکە بکەیتەوە لە یەك کاتدا. لەبەرئەمە توانای کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنت هەیە بۆ ئەم بەئاگاییەت و جەختکردنەوە لەسەر بیرکردنەوەکەت وەك نیشانەشکێنێك لەسەر یەك بیر و یەك نیشانە لە یەك کاتدا.

## شێوازی بیرکردنەوە و کاردانەوەی خێرا

هەرشتێك بەبەردەوامی ئەنجامی بدەیت وەك خوویەکی لێدێت. زۆرینەی خەڵکی شێوازی بیرکردنەوە و کاردانەوەی خێرا بەکاردەهێنن. ئەوان پەرەیان بە خووی کاردانەوە و بیرکردنەوەی بەردەوامە داوە بۆ ئەو شتانەی لە دەوروبەریان ڕوودەدەن، بە بیرکردنەوەیەکی زۆر کەم و گونجاو. زۆر بەخێرایی وەڵامدانەوە و کاردانەوەیان هەیە هەر لەگەڵ یەکەم زەنگی کاتژێرەکەیان لە دەوروبەری خۆیان بۆ ئارەزوو و خووە کەسییە کاتی و پاڵنەرەکانیان. پڕۆسەی بیرکردنەوەی ئاسایی خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی کتوپڕە. هاندەری خێرا و کتوپڕ پاشان وەڵامدانەوەی دەستبەجێ، بەبێ هیچ کاتێك لە نێوانیاندا. پڕۆسەی بیرکردنەوەی بەرز و بلندانەش بە هەمان شێوە بە کتوپڕی دەست پێدەکات بەڵام لەنێوان وەڵامدانەوە و هاندەرە کتوپڕەکەدا خولەکێك یاخود زیاتر هەیە کە تیایدا بیر دەکەیتەوە

پێش وەڵامدانەوە. هەروەك دایکت پێی گوتویت،" لە کاتی بێزاریی و تووڕەییدا هەتاکو دە بژمێرە پێش ئەوەی وەڵام بدەیتەوە."

وەستان بۆ کرداری بیرکردنەوە بەر لە گوتنی هەرشتێك یاخود ئەنجامدانی هەر کارێك تاڕادەیەکی زۆر چۆنیەتی وەڵامدانەوەکەت بەرەوپێش دەبات. هەروەها پێویستییەکی گرنگیشە بۆ سەرکەوتن و یەکێکە لە خاسیەتەکانی کەسانی دەوڵەمەندیش.

## بیرکردنەوە کارێکی دژوارە

تۆماس واتسۆن دامەزرێنەری کۆمپانیای ئای بی ئێم ئەوەی بە پێویست زانی کە لەسەر دیواری هەموو نوسینگەیەك بنوسرێت،"بیر بکەرەوە." هەر کاتێك توشی کێشەیەك دەهاتن کە پێویست بوو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن هەر لە ڕۆژانی زووەوە کەسێك ئاماژەی بۆ نوسراوەکە دەکرد تاوەکو بەبیری هاوپیشەکانی بهێنێتەوە کاتی زیاتر تەرخان بکەن بۆ بیرکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە بابەتەکە. هەتاکو زیاتر و وردتر بیر بکەنەوە دەگەنە بڕیار و چارەسەرێکی باش و گونجاو.

تۆماس ئەدیسۆن جارێکیان گوتی:" بیرکردنەوە قورسترین کارە. هەر لەبەرئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی بە هەر جۆرێك بێت لێی دوور دەکەونەوە." وتەیەك هەیە دەڵێت:" هەندێك هەن کە بیردەکەنەوە. هەندێك هەن پێیان وایە کە بیر دەکەنەوە. هەروەها زۆرێك هەن پێیان باشە بمرن وەك لەوەی کە بیر بکەنەوە."

بیرکردنەوەی باش کارێکی دژوارە. پێویستە فێری ببیت و بەردەوام جێبەجێی بکەیت ئەگەر بتەوێت بەڕاستی بگەیتە قوڵایی هێزی

هەرشتێك بەبەردەوامی ئەنجامی بدەیت بیرکردنەوەکانت. خۆشبەختانە، ئەوا دەبێت بە خوو. هەر کە بوو بە خوو ئیدی خۆی بە شێوەیەکی ئاسان و ئۆتۆماتیکی کار دەکات. گۆتە دەڵێت:" هەموو شتێك بەرلەوەی ئاسان بێت، گرانە." ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دروستکردنی خووی نوێدا هەمان شتە.

## بیرکردنەوەی هێواش

یەکێك لە باشترین خووەکان کە دەتوانیت پەرەی پێبدەیت، جێبەجێکردنی بیرکردنەوەی هێواشە لەو شوێنانەی کە پێویستیان بە بیرکردنەوەی هێواش هەیە.

هەروەك لە بەشی یەکەمدا باسمان لێوە کرد گرنگترین هۆکار دەرئەنجامەکانە. زۆرینەی هەڵەکان کە لە ژیانماندا ئەنجامیان دەدەین بەهۆی ئەوەوەیە کە پێشوەختە بە شێوەیەکی باش و بەوریاییەوە بیر لە دەرئەنجامی کارەکانی بەردەستمان ناکەینەوە.

پڕفرۆشترین کتێبی دانیال کانمان بەناوی بیرکردنەوەی خێرا و هێواش. یەکێکە لە سەرەکیترین بەرهەمەکان بۆ بیرکردنەوەیەکی ورد و دروست. کتێبەکەی ڕۆبێرت هێنری سۆلیس و سی ئارِ سۆلیس و کتێبەکەی کانمانیش لێکۆڵینەوە لە زۆربەی ئەو هۆکارانە دەکەن بۆچی دەگەینە کۆتاییەکی خراپ دەبینین دەبێتەهۆی شکست هێنان لە بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامەی دەمانەوێت و ئارەزووی دەکەین.

نوسەرەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئێمە چۆن زانیارییەکان پەسەند دەکەین و بڕیار دەدەین بە پشت بەستن بە بەشێك لە زانیاری و پێوەرە

هەڵبژێردراوەکان یاخود سەلمێنراوەیەکی پێشینەیی. گەڕان بەدوای ئەو زانیاریەدا کە بڕیارمان داوە باوەڕی پێبکەین.

دەرئەنجامی باوی ئەم لێکۆڵینەوانە لەسەر خراپی و نادروستی بیرکردنەوە ئەوەیە کە پێویستە هێواش ببینەوە پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەین کە دەکرێت دەرئەنجامێکی ئەرێنی یاخود نەرێنیی گرنگی هەبێت لەسەر ژیان و کارەکانمان.

یەکێك لە ئاسانترین ڕێگاکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەیە بەردەوام بپرسیت:" چۆن دەزانین کە ئەمە ڕاستە؟" بەرلەوەی ئەو زانیارییە پەسەند بکەین وەك بنچینەیەك بۆ بڕیارێك.

## دوو شێوازی بیرکردنەوە

دوو شێوازی بیرکردنەوەی دژیەك بریتین لە بیرکردنەوەی خێرا و بیرکردنەوەی هێواش. لە بیرکردنەوەی خێرادا، زانیارییەکان بەخێرایی، سروشتی، ئۆتۆماتیکی و لەخۆوە ئەنجام دەدرێن وەك بڕیاردان لە کاتی شۆفێریکردن و لێخوڕینی ئوتومبیل لە ترافیکێکی قەرەباڵغدا. کاردانەوە و وەڵامدانەوەی خێرا و بەبێ بیرکردنەوە و ڕەچاوکردنی کەمان دەبێت.

بۆ زۆرینەی چالاکییەکانمان وەك گفتوگۆکردنەکان، کۆبونەوەکان، پلانی ژیانی ڕۆژانەمان یاخود کڕینی پێداویستی ڕۆژانە ئەوا بیرکردنەوەی خێرا هەم گونجاوە و هەمیش پێویستە لەبەرئەوەی دەرئەنجامەکان گرنگ نین

هەروەك داواكردنی هەمبەرگر یاخود ماسی بۆ ژەمەخواردنێكت. ئەمانە كێشە و گیر و گرفتی گەورە نین تاكو پلانی بۆ دابڕێژیت.

بۆ زۆرێك لە بوارەكانی تری ژیانمان، بیركردنەوەی هێواش و لەسەرخۆ زۆر پێویستە تەنانەت زۆر گرنگیشە بۆئەوەی بڕیاری ڕاست و دروست بدەین تا ئەو دەرئەنجامانەمان دەست بكەوێت كە ئارەزویان دەكەین.

لێرەدا، زانیاریەكەی كانمان بوەهۆی ئەوەی پەرتوكەكەی ببێتە یەكێك لە باشترین و پڕفرۆشترین پەرتوكەكان. دەڵێت گەورەترین هەڵە كە زۆرێك لە خەڵكی ئەنجامی دەدەن ئەوەیە بیركردنەوەی خێرا بەكار دەهێنن بۆ بڕیارە گرنگ و درێژخایەنەكانیان لە كاتێكدا بیركردنەوەی هێواش و لەسەرخۆ زیاتر پێویست و گونجاوترە.

## ڕەوچاوی دەرئەنجامەكان بكە

بۆ نمونە، ئەو بڕیارانەی كە دەیاندەیت لەبارەی ئەوەی چ كۆرسێكی زانكۆ وەربگریت، ڕێگای چ جۆرە كار و پیشەیەك دەگریتەبەر، ئەو كەسەی كە هاوسەرگیری لەگەڵ دەكەیت، چۆن پارەت دەستبكەوێت و پاشەكەوت و وەبەرهێنان بكەیت. ئەمانە هەمووی پێویستی بە بیركردنەوەی هێواش و لەسەرخۆیە.

كاتێك بڕیارێك زیاتر بوَت گرنگە ئەوا گرنگترین شت ئەوەیە كە لەسەرخۆ بیت، كات وەر بگریت، بەشێوەیەكی گونجاو و بەوریاییەوە ڕەچاوی ڕاستییەكان و هەڵبژاردنەكانت بكەیت.

لە دەستپێكردن و بنیادنانی بازرگانییدا بیركردنەوەی هێواش زۆر گرنگ و پێویستە. لە چ بەرهەم و خزمەتگوزارییەكدا باش و تایبەتمەندیت، كام

چینی کڕیارت لا مەبەستە، کام ڕێگای بەرهەمهێنان، فرۆشتن، بازاڕکردن و بڵاوکردنەوە هەڵدەبژێریت. وە هەروەها تێچون و بڕیاری نرخەکانت زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتن یان شکست لە پڕۆژە ئابورییەکەتدا.

## شێوازی بیرکردنەوەکەت ڕوون بکەرەوە

لە ئێستا بەدواوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە خۆت بپرسە:" ئەم بارودۆخە پێویستی بە بیرکردنەوەی هێواش یان خێرا هەیە؟"

کات بۆ خۆت بڕەخسێنە هەرکاتێك کە گونجاو بوو. هەمیشە بۆشاییەکی گونجاو دابنێ لەنێوان هاندەر و وەڵامدانەوەکەدا، لەنێوان بیرکردنەوە و بڕیارداندا. "یاسای حەفتا و دوو کاتژێرەکە" پەیڕەو بکە. حەفتا و دوو کاتژێر یاخود سێ ڕۆژ بۆ خۆت تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوە لە بڕیارێکی گرنگ بەرلەوەی کە بیدەیت.

لۆرد ئاکتۆن دەڵێت:" ئەگەر پێویست نییە بڕیار بدەیت ئەوا پێویستە کە بڕیار نەدەیت." هەتا کاتی زیاترت پێبچێت بۆ بڕیارێکی گرنگ ئەوا لە هەموو دۆخێکدا ئەو بڕیارەت باشتر دەبێت. هەمیشە ئەم وشانە بەکار بهێنە:" با بیری لێبکەمەوە دواتر وەڵامت لێدەگێڕمەوە."

ئەگەر کەسێك هەوڵیدا زۆرت لێبکات بۆئەوەی بڕیارێك بدەیت لەسەر بابەتێکی گرنگ ئەوا دەتوانیت بڵێیت:" ئەگەر سووریت لەسەر ئەوەی وەڵامێکی خێرات دەستبکەوێت ئەوا وەڵامەکە نەخێر دەبێت. بەڵام ئەگەر بهێڵیت بۆ ماوەیەك بیر بکەمەوە ئەوا ڕەنگە وەڵامەکە جیاواز بێت."

## وردەكارییەكان بنوسە

لەسەر كاغەز بیر بكەرەوە. یەكێك لە ئامرازە هەرە گرنگ و بەهێزەكانی بیركردنەوە بریتییە لە پارچە كاغەزێك كە هەموو وردەكارییەكانی كێشەیەك یاخود بڕیارێكی لەسەر بنوسیت. شتێكی سەرسوڕهێنەر ڕوودەدات لەنێوان مێشك و دەستدا كاتێك شتەكان دەنوسیت. كاتێك هەموو وردەكارییەكان دەنوسیت ئەوا ناچارییت كە بە لەسەرخۆیی و بەتەواوی بیربكەیتەوە، بەتایبەت كاتێك بەدەست دەنوسیت زیاتر لەوەی كە تایپی دەكەیت.

زۆرجار كە ڕووداوە ڕاستییەكان یەك لە دوای یەك دەنوسیت ئەوا ڕوونتر و ڕوونتر دەبێت بۆت كە پێویستە چی بكەیت. لەبەرئەمەیە فرانسیس باكۆن دەڵێت:" نوسین كەسی ڕاستەقینە دروست دەكات."

كاتێك دەرئەنجامەكانی بڕیارێك گرنگ بوون ئەوا هەتا دەتوانیت كاتی گونجاو بۆ خۆت تەرخان بكە. كۆتا بڕیارت هەمیشە باشتر دەبێت لەو بڕیارەی كە خێرا دەیدەیت.

## بڕیارەكانی خەڵكی

لە سەدا نەوەد و پێنجی بازرگانە سەركەوتووەكان بە هەندێك لە هەڵسەنگاندنەكان لەلایەن چۆنیەتی ئەو كەسانەوە دیاری دەكرێن كە سەرنجكێشیان دەكەیت و هەڵیان دەبژێریت و كاریان پێ دەدەیت. ئەو كەسانەی هەڵیان دەبژێریت بۆئەوەی كاریان لەگەڵ بكەیت، وە ئەو

کەسانەش کە تۆ هەڵدەبژێرن دەتوانیت کار و پیشە و بازرگانییەك دروست بکەن یاخود لەناوی ببەن.

هەر لەبەر ئەمەیە پیتەر دراکەر دەڵێت:" بڕیارە خێراکانی خەڵکی هەمیشە بڕیاری کەسانی هەڵەن." ئەو کەسەی هەڵیدەبژێریت بۆئەوەی کاری لەگەڵ بکەیت یاخود کاری بۆ بکەیت، ئەو کەسەی لەگەڵی تێکەڵ دەبیت و ئەو کەسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەیت، ئەو کەسەی وەبەرهێنانی لەگەڵ دەکەیت و کاری لەگەڵدا دەکەیت لە سەدا هەشتا و پێنجی سەرکەوتنەکانت و خۆشییەکانی ژیانی کەسییت دیاری دەکات.

## نهێنی بەکرێگرتن

باشترین بەڕێوەبەری فرۆشتنی کۆمپانیایەکی گەورە کە ناسراو بوو بەوەی زۆرێك لە باشترین فرۆشیارەکانی کۆمپانیاکەی بەکرێ گرتبوو. جارێکیان پرسیاری لێکرا نهێنی بە کرێگرتنە سەرکەوتووەکانی ئاشکرا بکات. لە وەڵامدا گوتی:" ئاسانە. من "یاسای سی ڕۆژەکە" پەیڕەو دەکەم. گوێنادەم بەوەی کە چەندە پاڵێوراوەکانم بەدڵە. خۆم ڕادەگرم و چاوەڕێدەکەم بۆ ماوەی سی ڕۆژەکە پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەم.

کاتێك چاوم بە پاڵێوراوەکان دەکەوێت و قسەیان لەگەڵ دەکەم، ئەو کەسەی کە ڕەنگە لە یەکەم و دووەم چاوپێکەوتندا بە باشترین شێوە دەربکەوێت، پاش ماوەیەك کەسایەتی و لاوازییەکانی دەردەکەوێت کە دەریدەخەن بەتەواوی کەسێکی نەگونجاوە."

زۆرینەی کۆمپانیا و بەڕێوەبەرە سەرکەوتووەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەن. دەزانن کە دەرئەنجامەکانی هەبوونی بەکرێگیراوی

خراپ ڕەنگە زۆر گران و خراپ بێت. ئەم بنەما و ڕێسایە بۆ بازرگانییە هاوبەشەکان و ڕێکەوتننامەکانیش دەتوانرێت بەکار بهێندرێت.

## ستراتیژیانە بیر بکەرەوە

زۆرێك لە تەکنیکەکانی بەڕێوەبردن هەن کە بۆماوەی چەندین ساڵ بەکار دەهێندرێن و پاشان کۆن دەبن. بەرنامەی ستراتیژی هەمیشە بە ژمارە یەك دادەنرێت لە گرنگیدا. لە بەرنامەدانانی ستراتیژیدا، تۆ ناچاریت بەهێواشی و لەسەرخۆ بیر بکەیتەوە بۆئەوەی زۆر بەوریایی و بەئاگاییەوە بیر لە دەرئەنجامی خوازراوی کارێك یاخود بڕیارێك بکەیتەوە. کلێشەیەکی درێژخایەن بۆ داهاتووی کار و بازرگانییەکەت دەکێشیت. لە پلانە کەسییە ستراتیژییەکانیشدا بە هەمان شێوەیە. نەخشە و پلانی داهاتووی خۆت دەکێشیت. زۆر دوور بیر دەکەیتەوە لە داهاتووت بۆئەوەی بزانیت لە ساڵانی داهاتوودا دەتەوێت بە کوێ بگەیت.

هەروەك میشێل کامی، شارەزای بواری ستراتیژی دەڵێت:" ئەو کەسانەی کە پلانی داهاتوو دانارێژن هەرگیز ناتوانن داهاتوویان هەبێت."

بەرنامەدانانی ستراتیژیی کەسی ناچارت دەکات بەهێواشی و لەسەرخۆ بیر بکەیتەوە، بەوردی و دروستییەکی زیاترەوە. ناچارت دەکات بیر لەوە بکەیتەوە کە بەڕاستی دەتەوێت ببیت بە چی، چی بکەیت، چییت هەبێت و چی بەدەست بهێنیت لە مانگان و ساڵانی داهاتوودا.

زۆرجار بیرۆکەیەکی باشە کە بڕێکی زۆر کات تەرخان بکەیت، ئەگەر ڕۆژێك یان دوو ڕۆژیش بێت بۆئەوەی لەبارەی داهاتووتەوە بیر بکەیتەوە، بەتایبەت لە کاتی گۆڕان و کێشە و بێتاقەتیدا. پیاسەیەکی دووروردرێژ

بکە و پشوو بە مێشکت بدە. تاوتوێی ئامانجەکانی داهاتووت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بکە. دوو بۆ سێ ڕۆژ پشوو وەربگرە و دووربە لە هەموو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەك کۆمپیوتەر، تەلەفون، موبایل و نامە و هەر بابەتێکی دیکە کە دەبنەهۆی تێکدان و شێواندنی بیرکردنەوەت.

## مەشقی تەنهایی پەیڕەو بکە

یەکێك لە بەهێزترین ڕێگاکانی شێوازی بیرکردنەوەی هێواش ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاسایی مەشقی تەنهایی پەیڕەو بکەیت. زۆرێك لە خەڵکی هەرگیز بۆ جارێکیش بێت مەشقی تەنهاییان ئەنجامنەداوە لە تەواوی ژیانیاندا. پێویستییەکی زۆریان هەیە بەوەی کە سەرقاڵ و چالاك بن و هەموو کاتەکانیان پڕ بکەنەوە بە جۆرێك لە هاندان. بەڵام ئەمە بۆ تۆ نییە.

پەیڕەکردنی مەشقی تەنهایی زۆر ئاسانە. بۆ ماوەی سی بۆ شەست خولەکە بەبێ میوزیك و هیچ بیربڵاوییەك تەنها بەسادەیی و بەبێدەنگی و بەبێ جوڵە دادەنیشیت. دەتوانیت لە شوێنێك، پارکێك یاخود لە باخچەیەك دابنیشە کە هیچ ژاوەژاوێکی تیادا نەبێت.

ڕەنگە باشترین دۆخی بیرکردنەوە بۆ تەنهایی "بیرکردنەوە بێت لە ئاو." دانیشتن و سەیرکردنی تەنێکی ئاوییە، تەنانەت حەوزێکی مەلەکردن وادەکات کە مێشکت پشوو بدات و توانا بەئاگایی و نائاگاییەکانت دەکاتەوە.

## تەنهایی پێویستی بە خۆ ڕێکخستن هەیە

کاتێك بۆ یەکەنجار مەشقی تەنهایی دەکەیت کارێکی زۆر گران دەبێت بەلاتەوە. بێ ئۆقرە دەبیت و بیر لەو شتانە دەکەیتەوە کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت. پێویستە بیست بۆ بیست و پێنج خولەك خۆت ڕابگریت.

بەڵام لەم کاتەدا، شتێکی ناوازە ڕوودەدات. هەموو گرژی و ناخۆشییەکانت نامێنن و بەتەواوی هەست بە ئارامی دەکەیت. خۆشی دەبینیت لە هەستێکی سادەیی دانیشتن لە بێدەنگیدا. لەم کاتەدا مێشکت دەست دەکات بە دەردانی چەندین بیرکردنەوە، بیرۆکە، بەرچاوڕوونی، بۆچون، چارەسەری کێشەکان وە هەر ئیلهامێکی دیکە کە دەتوانن ژیانت بگۆڕن.

تەنها ڕێگە بە مێشکت بدە وەك ڕووبار دەریان بدات. پێویست ناکات هیچ شتێك بنوسیت. ئەگەر بیرۆکەیەکی باش بێت ئەوا هەتا دوای ماوەی تەنهاییەکەیشت لەگەڵتدا دەمێنێتەوە." دەوترێت کە ژنان و پیاوان مەزنتر دەبن کاتێك هەریەکەیان بەجیا کات لەگەڵ خۆیان بەسەردەبەن لە بێدەنگییدا."

ئەگەر مەشقی سی بۆ شەست خولەکی تەنهاییت نەکردووە ئەوا بۆ کۆبونەوەی داهاتووت وادەیەك لەگەڵ خۆت دابنێ. زۆربەی کات لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە ئوتۆمبیلەکەم ڕادەگرم و لە ئێوارانێکی درەنگدا بەبێدەنگی بۆ ماوەی کاتژێرێك دادەنیشم.

تۆش دەتوانیت لە نوسینگەکەت بمێنیتەوە لەدوای ئەوەی هەمووان ڕۆشتن. یاخود دەتوانیت لە حەوشەکە یاخود ژووری نوستنەکەت لە نهۆمی سەرەوە بمێنیتەوە کە شوێنێکی تەواو بێدەنگە.

## هەموو کات سودی خۆی دەبێت

ئەمە بەڵێنی منە بۆ تۆ. هەرکاتێك لە ژیاندا کێشەیەك، بێزارییەك، تەنگ و چەڵەمەیەك و بەرەنگاری و ناڕەحەتییەکت هەبوو ئەوا بچۆرە شوێنێکی بێدەنگ و دابنیشە. هەر کات ئەمەت ئەنجامدا زۆر بەخێرایی و بەبێ بەرهەڵستی وەڵامی گەورەترین کێشەت بەدیار دەکەوێت وەك ئەوەی پەپولەیەك لەسەر شانت نیشتبێتەوە.

زۆربەی قوتابییەکانم نامەم بۆ دەنێرن و دەڵێن ئەو کێشانەی بۆ ماوەی چەند هەفتە و مانگێك پێوەی سەرقاڵ و گیرۆدە بوون، بە پەیڕەوکردنی یەکەم مەشقی تەنهایی زۆرینەیان چارەسەر بوون.

کاتێك وەڵامەکەت دەگات، ئەوا لە هەموو لایەکەوە تەواوە و بێکەم و کورتە. وەڵامی هەموو وردەکارییەکانی کێشە و گرفتەکانت دەداتەوە. زۆر سادە و ڕوون و گونجاو دەبێت لەگەڵ توانا و هێزت بۆ ئەنجامدان. چارەسەری هەموو لایەنەکانی کێشەکە دەکات. کاتێك لە تەنهایی هەڵدەستیتەوە و بیرۆکەکانت دەکەیت بە کردار، ئەوا هەر زوو هەموو شتێك خۆی باش دەبێت و تۆش لە ئارامییدا دەبیت.

## هێزی ناوەکییت دەربخە

مەشقی ئاسایی تەنهایی پێویستی بە بیرکردنەوەی لەسەرخۆیە. پێویستی بەوەیە کە واز لە هەموو چالاکی و کارەکانت بهێنیت و بۆ چەند خولەکێك لە تەنهایی و بێدەنگیدا تەنها لەگەڵ خۆتدا بیت. باشترین هەواڵ ئەوەیە کە هەتا زیاتر مەشقی تەنهایی بکەیت ئەوا ئەو وەڵام و بیرۆکانەی لە هەرکاتێکدا بەدەستیان دەهێنیت زۆر خێراتر و باشتر دەبن. لە بەرنامە ستراتیژییە هاوبەشەکاندا، لەو شوێنەی کە دەرئەنجامەکان زۆر گرنگن وەرگرتنی کات و پشوودان، هێوربوونەوە و بیرکردنەوە لە کێشە گرنگەکان دەکرێت ئەو کردارانە بن کە سەرکەوتن و شکستی کار و پیشەیەك دیاری دەکەن.

یاسایەك هەیە لە ڕێکخستنی کاتدا دەڵێت:" هەر خولەکێك کە لە بەرنامەدارشتندا بەسەری دەبەیت، دە خولەکت لە ڕاپەڕاندندا بۆ دەگێڕێتەوە." هەر کات پرۆژەیەکی سەرکەوتوو دەبینیت ئەوا ستراتیژییەکی سەرکەوتوو دەبینیت لە کرداردا. دەرئەنجامەکانی پرۆسەیەکی فراوانکراو لە بیرکردنەوەی هێواش و بەئاگایی دەبینیت.

شێوازی بیرکردنەوەی

(ئامانجە سەرەکییەکان، ئامانجە لاوەکییەکان، ستراتیژییەکان، لەپێشینەکان و کردارەکان) بەکاربهێنە

بۆئەوەی یارمەتی خۆت و کەسانی دیکەش بدەیت هەتاکو بەوردی و بەهێواشی بیربکەیتەوە ئەوا نمونەی ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕێکو پێك و ئاسایی بەکار بهێنە.

- ئامانجە سەرەکییەکان: دەرئەنجامە پێوانەکراوە تایبەتەکان کە دەتەوێت لە درێژەی کارو بازرگانییەکەتدا بەدەستیان بهێنیت وەك ئامانجەکانت بۆ فرۆشتنەکان، سوودەکان، گەشەکردنەکانت، بەشکردنی نرخەکان و دابەشکردنی جۆرەکان.

- ئامانجە لاوەکییەکان: ئەم جۆرە ئامانجانە پێویستە بەدەستیان بهێنیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانت. وێنای ئەوە بکە کە ئامانجەکانت لە بەشی سەرەوەی پەیژەکەتدان- ئامانجە ماوە درێژ و ئامانجە لاوەکییەکانت پلەکانی پەیژەکەن کە پێویستە بە سەریاندا سەر بکەویت بۆئەوەی بە ئامانجە سەرەکییەکانت بگەیت.

- ستراتیژییەکان: ڕێگا و هۆکارە جۆراوجۆرەکانن کە دەتوانیت هەر ئامانجێکیان پێ بەدەست بهێنیت. بۆ نمونە، لە بازرگانیدا، یەکێك لە ئامانجەکانت بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاریکراوی فرۆشتنە. دەتوانیت ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بەکار بهێنیت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی فرۆشتنت.

- لەپێشینەکان: ئەو کار و چالاکیانەی کە زیاتر لەوانی دیکە گرنگترن لە بەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستەکانت. یاسای ٢٠/ ٨٠ بەکار بهێنە بۆ هەموو شتێك. ئەو لە سەدا بیستەی کردارەکان کامانەن کە دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت و بەرپرسن بۆ لە سەدا هەشتای دەرئەنجامەکانت؟

- کردارەکان: ئەو کردار و چالاکییە پێوانەکراو و تایبەتانە چین کە پێویستە ئەنجامیان بدەیت لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکاندا، لە بەدەستهێنانی مەبەست و ئامانجەکانتدا؟

ئەم شێوازی بیرکردنەوە و بەوریاییـەوە ڕەچـاوکردنی هـەر کردارێـك کـە پێویستە بیکەیت، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پـەرەدەدات بـە توانـای بڕیاردانـت. ناچـارت دەکـات کـە هـەر دوو بیرکردنـەوەی درێژخایـەن و بیرکردنەوەی هێواش و لەسەرخۆ بەکار بهێنیت پێکەوە.

## یاسای ئەگەرەکان

زۆرینەی خەڵکی بە جۆرێـك لـە جۆرەکـان سـەرکەوتن و شکسـتەکانیان دەبەستنەوە بە بەختی باش یاخود خراپەوە. لەڕاستییدا، کاتێك سـەیری دواوە دەکەیت لەوەی کە ڕوویداوە وا دەرناکەوێت کە سەرکەوتن بـەهۆی بەختەوە بوبێت. لەبری ئەوە پەیوەستە بە ئەگەرەکانەوە.

یاسای ئەگەرەکان دەڵێت ئەگەرێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێك دەکرێت ڕووبدات، وە بە بـەکارهێنانی ڕێگایـەکی بیرکـاری دیـاریکراو، دەتوانیت ئەو ئەگەرانە هەژمار بکەیت بەوردی و دروستی. لە سادەترین بەکارهێنان و کارپێکردنیدا، یاساکە دەڵێت:" ئەگەر زۆرینەی ئەو شتانە ئەنجام بدەیت کە کەسانی سەرکەوتوو و دامـەزراوەکان ئـەنجامی دەدەن، ئەوا ئەو ئەگەرە زیاد دەکەیت کە تۆ کارە دروستەکە ئەنجام دەدەیت لـە کاتێکی دروستدا و هەروەها سەرکەوتووش دەبیت."

بە جێبەجێکردنی بیرکردنەوەی هێواش لە کاتێکدا کـە پێویسـتە بـۆت دەردەکەوێت زۆرێك لە کارە ڕاستەکانت ئەنجامداوە و کـەمتر لـەو کـارە هەڵانەت کردووە لە ڕێگای سەرکەوتندا.

هیچ کام لە سەرکەوتن و شکست بەرێکەوت نین. هەتا وریـا و بـەئاگاتر بیربکەیتەوە و پلان دابنێیت بەرلەوەی کارەکـان ئـەنجام بـدەیت، خێراتـر کۆنتڕۆڵی سەرکەوتنەکانت دەکەیت لە داهاتوودا.

## راهێنانە کردارییەکان

١. هەر ئەمڕۆ بڕیار بدە بە دانانی ماوەیەك کـە تیایـدا بەهێواشـی بـیر بکەیتەوە لەنێوان هاندەرەکە، کێشەکە، بیرۆکەکە و کاردانەوەکەت.

٢. بەشێکی گرنگ لە ژیـانی کەسـی و بازرگانییەکـەت دیـاری بکـە و مەشقی ( ئامانجە سەرەکییەکان، ئامانجە لاوەکییـەکان، سـتراتیژییەکان، لەپێشینەکان و کردارەکان ) بکە بۆئەوەی یارمەتییت بدات بەڕوونی و بە باشترین شێوە پلان بۆ داهاتووت دابنێیت.

٣. ئەمڕۆ پلانێك دابنێ کە سی بۆ شەست خولەك تـەرخان بکـەیت بـۆ تەنهایی و لە شوێنێکی تەواو بێدەنگدا دابنیشیت و گوێ لە ویستەکانت بگریت. ئەمە بەبەردەوامی و بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدە.

# بەشی سێیەم

## بیرکردنەوەی هۆشیارانە X بیرکردنەوەی ناهۆشیارانە

" ئاگاداری هەوڵەکانت بە بۆئەوەی کە بەخێرایی ببیتە کەسێکی مەزن. ڕەنگە یەك هەوڵدان لە دە هەزار هەوڵداندا سەرکەوتوو بێت. ئەمانە شتانێکی زۆر شازن."

( بینجامین دیزرائیلی )

دوو لە هەرە وشە باوەکان لەنێو کەسانی شارەزای بواری بازرگانیدا ( کۆتا هەڵسەنگاندنە. ) ئەمەش پێویستی بە کاتە هەرچەند درێژ بێت تاکو ئە زانیارییە گرنگانەت دەست بکەوێت کە بۆ بڕیاردانێکی دروست پێویستن.

گەورەترین هەڵەکان کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین ئەوانەن کە بیر لە کات، پارە و سامان دەکەینەوە بەبێ ئەنجامدانی تەواوی ئەرکەکان. باشترین بڕیارەکان کە دەیاندەین ئەو بڕیارانەن کە لەسەر بنەمای هەبوونی زانیاریی تەواو و پێویستە لەسەر کێشەکە پێش ئەوەی کاری لەسەر بکەین." بیر لە دەرئەنجامەکان دەکەینەوە بەرلەوەی کردار بکەین."

هۆکارەکانی سەرکەوتنی بازرگانی

بەپێی گۆڤاری فۆربیس، لە بازرگانیدا یەکەم هۆکاری شکست ئەوەیە کە هیچ داواکارییەك نییە بۆ بەرهەم یاخود خزمەتگوزارییەکان. هەرچییەك بێت، یان کڕیارەکان نایانەوێت یاخود بەو نرخە نایانەوێت کە لە کۆمپانیاکەدا دایان ناوە تاکو لە بازرگانیدا بەردەوام بێت.

لە ساڵی ٢٠١٣ دا، تەنها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر لە هەشت ملیار دۆلار بۆ لێکۆڵینەوە لە بازاڕکردن خەرجکرا. ئامانج لەم پارەیە بۆ زانینی ئەوە بوو کە کڕیارەکان بەڕاستی چییان دەوێت بەرلەوەی بەرهەمەکە بەرهەم بهێندرێت و بخرێتە بازاڕەوە. بەڵام تەنانەت لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوە و بەدواداچونە گشتگیر و ماندووکەرەدا لە سەدا هەشتای بەرهەمە نوێیەکان لە کۆتاییدا شکست دەهێنن و پێویستە لە بازاڕەکان لابرێن.

بەپێی ماکسینی و کۆمپانیای ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی بازرگانی، هۆکاری گەورەی سەرکەوتنی بازرگانی پڕفرۆشییە وە شکستی گەورەی بازرگانیش کەم فرۆشییە. هەموو شتەکانی دیکە تەنها قسەی لاوەکیین. هۆکاری سەرەکی بۆ بڕیارێکی هەڵە کە وا دەکات کارە بازرگانییەکە شکست بهێنێت ئەوەیە کە خەڵکی سەرکەوتوو نابن لە پرسینی پرسیارە دروستەکە یاخود زانیاریی پێویست وەرناگرن بەرلەوەی بەرهەمەکە بەرهەم بهێندرێت و بفرۆشرێت.

## ڕاستییەکان بەدەست بخە

هارۆڵد گنین دەڵێت:" گرنگترین بەشەکان لە بازرگانیدا ڕاستییەکانن. ڕاستییە ڕاستەقینەکان بەدەست بخە نەوەك ڕاستییە دیارەکان یاخود

ڕاستییە چاوەڕوانکراوەکان یان ڕاستییە ئومێد بۆخوازراوەکان. ڕاستییە ڕاستەقینەکان پەیدا بکە. ڕاستییەکان درۆ ناکەن."

یەکێك لە هەرە وشە گرنگەکان لە بازرگانیدا" سەلماندنە.". هەرکات بیرۆکەیەکی باشت بۆ دێت ئەوا بیخەرە بواری جێبەجێکردنەوە تائەوەی بەڵگە کۆبکەیتەوە و بیسەلمێنیت کە هێندە ڕاستە کە تۆ وا بیر دەکەیتەوە وایە.

لەسەر کاغەز بیر بکەرەوە. لیستێك دروست بکە دەربارەی هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستن سەبارەت بە بەرهەمەکە یان خزمەتگوزارییەکە وە هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستن بۆ بڕیاردانێکی ڕاست و دروست.

قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکە. داوای ئامۆژگاری و زانیاری لەو کەسانە بکە کە هەمان بارودۆخی تۆیان هەبووە.

کەسێکی شارەزا بەکرێ بگرە. کەسێك کە لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزا بێت دەتوانێت سەروەتەکەت لە لەدەستدانی کات و پارە بپارێزێت.

لە گۆگڵدا بەدواداچون بکە بۆ ئەو وشانەی کە پەیوەستن بەو پرسیارانەی کە لات گەڵاڵە بوون لە کێشەکانت یاخود بیرۆکەکانت. وە ببینە و بزانە چی بەدیار دەکەوێت. هەمیشە ئەم زەوییە پێشتر لەلایەن کەسێکی دیکەوە کێڵدراوە.

داوای بیروڕاکان بکە. داوا لە هەموو کەسێکی کارەکەت بکە کە ڕەنگە زانیارییەکی هەبێت لەسەر ئەو بابەتە و بیرۆکە و بیروڕاکانی خۆیت پێبڵێت. یەك بیرکردنەوە یاخود تێڕامان دەکرێت بەتەواوی تێڕوانینەکانت بگۆڕێت.

## شێوازی زانستی بەکار بهێنە

گریمانەیەك دروست بکە. بیردۆزێکی ڕەنگە سەلمێنراو بێت. پاشان بەدوای ڕێگاکانی پشتڕاستنەکردنەوەی ئەم گریمانەیەدا بگەڕێ، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بیرۆکەکەت هەڵەیە. ئەمە ئەو شتەیە کە زاناکان ئەنجامی دەدەن.

ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن. کاتێك بیرۆکەیەکیان بۆ دێت، بەدوای پاڵپشتیکردن و سەلماندنی ئەوەدا دەگەڕێن کە بیرۆکەکەیان باشە. مەشقی " هەوڵدان بۆ پشتڕاستکردنەوە" ئەنجام دەدەن. تەنها بۆ سەلماندنی ڕەوایی بیرۆکەکەیان دەگەڕێن. وە لە هەمان کاتدا و بەهەمان شێوە ئەو زانیاریانە ڕەتدەکەنەوە کە ناگونجێن لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر بڕیاریانداوە باوەڕی پێبکەن.

گریمانەی نەرێنی یاخود پێچەوانە دروست بکە. ئەمە پێچەوانەی بیردۆزی دەستپێکتە. بۆ نمونە: تۆ ئیسحاق نیوتنیت، تازە بیرۆکەی هێزی کێشکردنی زەوییت بۆ هاتووە. گریمانە سەرەتاییەکەت دەکرێت ئەمە بێت" شتەکان بەردەبنەوە." پاشان هەوڵی سەلماندنی پێچەوانەی دەدەیت " شتەکان بەرزدەبنەوە."

ئەگەر نەتوانی پێچەوانەی یاخود گریمانە نەرێنییەکانی بیرۆکەکەت بسەلمێنیت ئەوا لە پاشان دەتوانیت بگەیتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەرەکەت ڕاستە.

بۆ نموونە: بیرۆکەیەکی بەرهەم یاخود خزمەتگوزارییت بۆ دێت. لە پاشان هەوڵدەدەیت بیسەلمێنیت کە هیچ ویستێك بۆ ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییە بەو نرخە دیاریکراوە نییە. لە کڕیارە چاوەڕوانکراوەکەت نزیك دەبیتەوە و باسی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکەتی بۆ دەکەیت و پاشان دەڵێیت بەدڵنیاییەوە ئەمە شتێك نییە کە تۆ دەتەوێت، پێویستە، یاخود خوازیارییت کە بیکڕیت، وایە؟

ئەگەر کڕیارەکە ڕازی بوو بەوەی ئەوەی ناوێت کە تۆ پێشنیازت کردووە، ئەوا زانیارییەکت دەستدەکەوێت بۆ بڕیاردانەکەت. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کڕیارەکە دژی گریمانە نەرێنییەکەی تۆ بوو بە گوتنی" نا، نا نەخێر ئەمە بەتەواوی ئەو شتەیە کە من دەمەوێت و حەزدەکەم بیکڕم و بەکاری بهێنم ئەگەر بیخەیتە بازاڕەوە." لە پاشان تۆ پشتگیرییەکی سەرەتایی بیردۆزەکەت هەیە سەبارەت بە خواستە شاراوەکان بۆ ئەم بەرهەمە یان خزمەتگوزارییە نوێیە.

## خوازیاری شکست بە

بەردەوام ئامادەبە بۆ هەوڵدان و شکست بۆئەوەی پێشنیاز بکەیت و ڕەتبکرێتەوە. شکست، هەڵە، هەڵسەنگاندن زۆر گرنگ و پێویستن بۆئەوەی سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنیت. ببە بە ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی خودی خۆت لەگەڵ هەر بیرۆکە و دەرئەنجامێکدا. ئەو پرسیارە ڕوونانە لە خۆت بکە کە ڕاوێژکارێك لێت دەپرسێت بۆ یارمەتیدانت لە بڕیارداندا.

"ئایا خواستی بازاڕ بۆ ئـەم خزمـەتگوزاری و بەرهەمـە نوێیـە هەیـە؟ خواستەکەت چەندە دەبێت و لە چ نرخێکدا دەبێت؟ پێویستە چ گۆڕانێك بکەیت لە بیرۆکە سەرەتاییەکەت تـاکو خزمـەتگوزاری و بەرهەمەکـەت بەتەواوی سەرنجڕاکێش و گرنگ بێت و وا بکـات خـەڵکی بـە ئەنـدازەی پێویست بیکڕن؟"

"ئایا خواستەکان بۆ ئەم بەرهەمە نوێیە ئەوەنـدە زۆرن تـاکو پشـتگیری بکرێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم بەرهەمە زیاتر لە هەر شـتێکی دیکـە؟"

"ئایا بازاڕی بیرۆکەی ئەم بەرهەمە بە ڕادەی پێویسـت جـەختی لەسـەر کراوەتەوە تـاکو بگـەیت بـە کڕیـارە بـەتواناکانت لـە بـازاڕی ئێسـتا و شێوازەکانی فرۆشتندا؟"

" ئایا کڕیارەکان ئەو نرخە دەدەن بەم خزمەتگوزاری و بەرهەمە هەتاکو قازانجێکی زیاتر بکەیت لەوەی کە لە هەر بەرهەم و خزمەتگوزارییـەکی دیکەدا دەیکەیت؟"

توندبە لەگەڵ خۆت لە بەئاگاهێنانەوەی خۆتدا. خۆت ڕزگار مەکە یاخود پرسیاری سانا لە خۆت مەکە. وەك زیگ زیگلار دەڵێت:" ئەگـەر تونـد بیت لەگەڵ خۆت ئەوا ژیان لەسەرت زۆر ئاسان دەبێت. بەڵام ئەگەر سوور بیت لەسەر ئەوەی کە نەرم بیت لەگەڵ خۆتدا ئـەوا ژیانـت زۆر قـورس و ئاڵۆز دەبێت."

## باشتروایە کە ڕاست بیت

هەروەك جێری جامپۆلسکی دەروونناس دەڵێت:" ئایـا دەتـەوێت ڕاسـت بیت یاخود دڵخۆش بیت؟"

شتێکی سەرنجڕاکێشە کە چەندێك لە خەڵکی بیرۆکەی خزمەتگوزاری و بەرهەمی نوێ دادەهێنن و لەپاشان هۆگری بیرۆکەکانیان دەبن بەرلەوەی بزانن ئەمە ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییەیە کە زۆرینەی کڕیارەکان خوازیارن بیکڕن و پارەی پێبدەن.

بەردەوامبە لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری هەتاکو کردارەکانت لا ڕوون دەبێتەوە. هەروەك لە کۆتاییدا ڕوون دەبنەوە. دووجار لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانت بکە. بەبێ هەبوونی بەڵگە متمانە بە هیچ شتێك مەکە.

بپرسە:" چۆن دەزانین کە ئەمە ڕاستە؟"

لەکۆتاییدا بۆ لاوازییە شاراوەکە بگەڕێ. تەنها یەك لایەنی لاواز لە بڕیارداندا ئەگەر ڕوبدات ڕەنگە وێرانکەری بەرهەم و بازرگانییەکەت بێت. یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی جیهان بەناوی جەی پوڵ گێتی بەناوبانگ بوو بە بڕیارە بازرگانییەکانی. دەڵێت:" سەرەتا بڕیار دەدەین کە ئەمە دەرفەتێکی بازرگانی باشە و دواتر دەپرسین خراپترین ئەگەر چیە کە ڕەنگە لەم هەلی بازرگانییەدا ڕوو بدات؟" لە پاشان دەچینە سەر کار بۆئەوەی دڵنیابینەوە کە خراپترین دەرئەنجام ڕوونادات."

ئەگەر توانیت زۆرترین زانیاری کۆ بکەیتەوە کە پێویستتە وە بتوانی ڕێگری لە لاوازییە شاراوەکە بکەیت یاخود نەیهێڵیت ئەوا تۆ بڕیاری زۆر باشتر و مەزنتر دەدەیت لە هەمووانی دیکە.

## هیچ شتێك جێگای ئەزموون ناگرێتەوە

ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەکرێت تیایدا بیرکردنەوەی ئەزموونداری بەرامبەر بیرکردنەوەی بێ ئەزموون زۆر بەسودتر بێت. هیچ شتێك جێگای ئەزموون ناگرێتەوە لە پیشەسازی و بازرگانی زۆر خێرا و بەردەوام گۆڕاودا.

وانە زۆر بەنرخ و بەبەهاکان تەنها دەکرێت لە ڕێگای ئەزموون و هەڵەکردنەوە فێریان ببیت. لە ڕێگای ئەزموونە زۆرەکانەوە و کردنی هەڵەی بێشومار لە بوارێکی دیاریکراودا. کەسانی بەئەزموون پەرە دەدەن بە شێوازی ناسینەوە کاتێك ڕوبەڕووی بارودۆخێکی نوێ دەبن، دەتوانن ئەو شێواز و هۆکارانە بناسنەوە کە پێشتر بینیویانن و هۆکارن بۆ هەریەکە لە سەرکەوتن و شکست.

دەتوانن بەخێرایی پێشبینی ئەو شتانە بکەن کە ڕەنگە ڕوو بدەن و ببنە هۆی وەبەرهێنان و بڕیاری نادروست. دەتوانن بەخێرایی ئەو هۆکار و بەربەستانە بدۆزنەوە کە بەربەستن لە پشتگیریکردنی بیرۆکەی نوێدا. لەبەر ئەو هەموو شێوازانەی لە ڕابردوودا بینیویانن دەتوانن بەخێرایی سەرنج بخەنە سەر ئەو هۆکارە گرنگانەی کە دەبنەهۆی سەرکەوتن یاخود شکست.

## ببە بە پێشەنگی یارییەکە

لە لێکۆڵینەوەی یاریکەرانی شەترەنجدا لە پاڵەوانانی یاری شەترەنجی ناوخۆییەوە بۆ پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتەکانیش، لێکۆڵەران ئەوە دەخەملێنن کە جیاوازی لە ئاستەکانیاندا بۆ سەرکەوتن بریتی بوو لە

توانای یاریزانەکە بۆ پێشبینیکردنی جوڵەی نهێنی زیاتر بە بەراورد بە رکابەرەکانیان کە لە هەر یارییەکدا کردویانە.

دواتر ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە یاریزانانی شەترەنج، لە هەموو ئاستێکدا بەدەگمەن بیر لە سێ بۆ چوار جوڵەی زیاتری داهاتوو دەکەنەوە. بیرکردنەوەی زیاتر لەوە یارمەتیدەر نییە بۆ سەرکەوتن.

لەبری ئەوە بۆیان دەرکەوتووە کە لە هەر ئاستێکی شارەزادا یاریزانەکان شێوازی زیاتر دەناسنەوە لەسەر تەختەی یارییەکە زیاتر لە یاریزانێکی ئاسایی لە ئاستی پێشتردا، ئەمەش تەنها بەهۆی ئەزموونەوەیە. کەسی لێزان و شارەزا بەتەنها سەیرکردنێکی تەختەی یارییەکە زۆر بەخێرایی دەتوانێت نزیکەی پەنجا هەزار جوڵەی شیاو ببینێت لە کۆکردنەوەی پارچەکاندا. بەدروستی دەتوانن بزانن ئەو جوڵەیەی کە بەرامبەرەکەیان ئارەزوومەندە ئەنجامی بدات چییە. لەئەنجامدا، پاڵەوانی شەترەنج دەتوانێت یاری بکات و بردنەوە بەدەست بهێنێت لەبەرامبەر دە یان بیست یان تەنانەت سی کەسیشدا. دەتوانێت لە تەختەیەکی شەترەنجەوە بچێت بۆ تەختەیەکی دیکە و بەخێرایی سەیرێك بکات شێواز و جوڵەکان بناسێتەوە و بڕیار بدات و جوڵەی خۆی بکات پاشان بچێتە تەختەی دواتر.

## ئەزموون هەژمار دەکرێت

ئەمە لە کار و پیشەکانیشدا بەهەمان شێوەیە. لەبەرئەوەی ئەزموونی زۆر ناتوانرێت بەخێرایی و بەئاسانی بەدەستبهێندرێت. کەسی شارەزا بەخێرایی دەتوانێت بارودۆخە ئاڵۆزەکان هەڵبسەنگێنێت و بەخێرایی

پێشنیازی چارەسەرەکان بکات کە ئەمە بەئاسانی ڕوون و بەرچاو نییە بۆ کەسێک کە ئەزموونی کەمترە.

بەپێی گۆڤاری فۆرچن، داهاتی ساڵانەی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری پێنج سەد کۆمپانیا لە تێکڕای ساڵێکدا زیاتر لە دە ملیار دۆلارە. ئەمەش تەنها بەهۆی توانای کاردانەوە و وەڵامدانەوەی خێرایانەوە بۆ بارودۆخە ئاڵۆزەکان. بۆ نموونە: وەك لە ڕابردوودا بینیویانە و کاریان لەسەر کردووە وە پاشان بڕیاری ڕاست و خێرا دەدەن کە بوە بەهۆی بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر هەندێك جار ملیۆنان و بلیاران دۆلاریش.

## یاسای ژمارە یەك

ڕەنگە باوترین ئامۆژگاری کە لەلایەن کەسانی دەوڵەمەندەوە دەدرێت ئەوە بێت کە پارە لەدەست مەدە. لە کار و ژیاندا، ئامانجەکەت ئەوە بێت، پارە لەدەست مەدە. لە جەنگدا ئەو جەنەراڵەی کە کەمترین هەڵە دەکات جەنگەکە دەباتەوە. لە ژیاندا، ئەو کەسەی کە کەمترین هەڵەی دارایی دەکات ئەوا کۆمپانیا و بەشەکەی بەرەو قازانجێکی باشتر دەبات. تا زانیاری زیاتر کۆ بکەیتەوە بەرلەوەی بڕیار بدەیت، ئەوا ئەگەری زیاتر دەبێت لەوەی ئەو بڕیارە دروستە بدەیت کە دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنەی ئاواتەخوازیتی. ئەم ئامانجە بەدەست دەهێنیت بە وەرگرتنی کات بۆئەوەی خۆت پڕ زانیاری بکەیت بەرلەوەی کە بڕیاری گرنگ بدەیت لە یەکەم هەنگاودا.

## ستراتیژیی دەوڵەمەندەکان

بێرنارد باروخ یەکێك لە دەوڵەمەندترین خۆدروستکەرانی ئەمریکا لە کتێبەکەیدا بەناوی چیرۆکی خۆم، دەڵێت:" گەورەترین هەڵەی دارایی کە کردبێتم بەهۆی ئەوەوە بووە کە شکستم هێناوە لە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی پێویست بەرلەوەی وەبەرهێنان بە پارەکەم بکەم."

وارن بافت دووەم دەوڵەمەندتریت ملیۆنێری خۆدروستکەری جیهانە لە ئێستادا لە سەدا هەشتای ڕۆژێکی لە خوێندنەوە و خۆ پڕزانیاریکردندا بەسەر دەبات لەسەر ئەو وردەکارییانەی کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو بڕیاری وەبەرهێنانەی کە دەیدات. هیچ کات لە فێربوونی زانیاری و کۆکردنەوەی زانیاری ناوەستێت.

کارلۆس سلیم چەند ساڵێك بەرلە ئێستا دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان بووە. ئەو خانووەی کە لە وڵاتی مەکسیك هەیبوو پڕ بووە لە ڕۆژنامەکانی مەکسیك و سەرتاپای جیهان. بەبەردەوامی هەموو ئەو سەرچاوە بەردەستانەی خوێندووەتەوە کە بۆ بڕیاردانی دروستی بازرگانی پێویستن.

## هەرگیز مەوەستە لە کۆکردنەوەی زانیاری

ئامانجی تۆ پێویستە ئەوە بێت کە ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو و پێشکەوتووتر لە هەر کەسێکی دیکە لەو بوارانەی کە گرنگن بۆت لە ژیان و بازرگانیدا. دەتوانیت ئەمە بکەیت لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و بەراوردکردنی بیرۆکەی جیاوازەوە. بە دوودڵی دەمێنیتەوە و بەهێواشی

بەرەو بڕیاردان هەنگاو دەنێیت. هەتا زانیاری و ئەزموونی زیاتر کۆ بکەیتەوە ئەوا لە ئەنجامدا بڕیارەکانت باشتر دەبن و دەرئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنیت.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. بوارێکی دیاریکراو لە کار و ژیانی کەسیتدا هەڵبژێرە کە پێویستە بڕیار بدەیت لەسەر کات، پارە و دەرئەنجامە درێژخایەنەکان. بڕیاربدە لەسەر دۆزینەوەی وردەکاری هەر بڕیارێک بەرلەوەی دەست بە کردار بکەیت.

٢. پرسیار لە خەڵکی دیکە بکە. بگەڕێ بەدوای کەسانی دیکەدا کە ڕەنگە هەمان کێشە و بارودۆخی تۆیان هەبوو بێت وە داوای ئامۆژگارییان لێبکە.

٣. بە شوێن هەڵە جددییەکەدا بگەڕێ لەو بوارەی کە پێویستە تیایدا بڕیار بدەیت بەرەوپێش بچیت یاخود نا. هەمیشە وا دابنێ کە دانەیەک بوونی هەیە.

Scanned by TapScanner

# بەشی چوارەم

## بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر ئامانج X بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر کاردانەوە

" ئاستەنگەکانی هزری چەند شتێکن کە زۆر زەحمەتن بۆ ڕونکردنەوە. خاسیەتەکانی پێکهاتوون لە قوربانیدان و خۆنەویستی. هەروەها لەوە گرنگتریش، بەستراوە بە ویستێکی بێکەم و کورتی ڕێکخراو کە خۆبەدەستەوەدان ڕەتدەکاتەوە. بارودۆخێکی بیرکردنەوەیە کە دەتوانیت پێی بڵێیت" کەسایەتی لە کرداردا. "

( ڤینس لۆمباردی )

زۆرێك لە ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان هەموو ئەوانەی کە لە خاڵی سفرەوە دەستیان پێکردووە و ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە. لە کاتێکدا ژەمێکیان لە ماڵی یەکێك لە ئەندامانی گروپەکەیان دەخوارد، گفتوگۆکردنەکە گەڕایەوە بۆ باسکردنی ئەو هۆکارانەی بونەتەهۆی سەرکەوتنیان و ئەوەی کە بۆچی ئەم کەسانەی دەوری ئەم مێزە زۆر زیاتریان بەدەستهێناوە لە کاتێکدا کەسێکی ئاسایی زۆر کەم بەدەستدەهێنێت.

لەکۆتاییدا، سەرکەوتووترین کەسی گروپەکە قسەیکردووە، پرسی:"
سەرکەوتن چییە؟"
کاتێك داوای وەڵامیان لێکرد، گوتی:" سەرکەوتن ئامانجەکانە. هەموو شتەکانی دیکە تەنها وتەی لاوەکی و سەرنجن."

## خاڵە وەرچەرخانەکان

بەدرێژایی ژیانت زنجیرەیەك لە خاڵی وەرچەرخانت دەبێت کە ئەمانیش چرکەکانتن، بیرتیژی و بەرچاوڕوونییەکانتن یاخود ئەو ئەزموونانەی کە تەنها چەند چرکەیەك یاخود مانگێك دەخایەنن. بەڵام لەدوای یەکێك لەم خاڵە وەرچەرخانانە ئیدی ژیانت هەرگیز بە هەمان شێوەی پێشوو نابێت.

کاتێك یەکێك لەم خاڵە وەرچەرخانانە ڕوودەدەن هەندێك جار دەیان ناسیتەوە. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا تەنها ئەوە دەناسیتەوە کە ئەم خاڵە وەرچەرخانە بووە لە ڕابردوودا. کاتێك دەگەڕێیتەوە و بیر لە ڕابردووت دەکەیتەوە هەمیشە هەندێك ڕووداوی بچوکت بەبیر دێتەوە کە ڕوویانداوە و تۆ تەنها سەرنجێکی کەمت پێداون بەڵام دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوانە بە هەندێك هۆکار تۆیان گۆڕیوە و کاریگەرییان لەسەر ئەمڕۆت هەبووە.

سەرەکیترین خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی من و ژیانی زۆرێك لە کەسە سەرکەوتووەکاندا بریتی بوو لە دۆزینەوەی مەبەست و ئامانجەکان. کاتێك تەمەنم بیست و چوار ساڵ بوو، مایەپوچ و بێ کارامە بووم. فرۆشتنی درگا بە درگام دەکرد و شتێکی کەمم دەفرۆشت و پارەیەکی کەمم دەست دەکەوت و لەسەر زەوی دەخەوتم لە ئەپارتمانێکی یەك ژووری هاوڕێیەکمدا. پاشان ئامانجەکانم دۆزییەوە.

## دۆزینەوەی ئامانجەکان

لەو ژوورەدا لە چەکمەجەی خوارەوەی دۆلابە کۆتەکەدا کتێبێکی کۆنم دۆزییەوە. لەو کاتەی چاوێکم خشاند بە کتێبەکەدا گەشتمە دێڕێک کە نوسرا بوو " ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت ئەوا پێویستە ئامانج و مەبەستت هەبێت." لە لاپەڕەکانی دواتردا، نوسرابوو پارچەیەک کاغەز بهێنە و ئەو مەبەست و ئامانجانەی دەتەوێت لە داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت لەسەر پارچە کاغەزێك بیان نوسە. هیچ شتێکم نەبوو لەدەستی بدەم. پارچە کاغەزێکم هێنا و دە ئامانجم نوسی کە دەمویست بەدەستیان بهێنم.

دەستبەجێ پارچە کاغەزەکەم لێ ون بوو. بەڵام پاش سێ ڕۆژ ژیانم بەتەواوی گۆڕا. هەموو ئەو ئامانجانەی کە لەو لیستەدا نوسیبووم بەدیمهێنان کە ئەمە بەتەواوی شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو. تەکنیکێکی فرۆشتنم دۆزییەوە کە ڕێژەی فرۆشتنەکانمی سێ هێندە لێکرد و داهاتەکەم زۆر زیادی کرد. لەو شوێنەی کە خۆم گواستمەوە، بوومە بەڕێوەبەری فرۆشتن و کۆمەڵێك کەسم لە بەردەستدا بوو هەتاکو تەکنیکی کارکردنی خۆمیان فێر بکەم. هەموو ئەم شتانە تەنها لە ماوەی سێ ڕۆژدا ڕوویاندا. لەو کاتەوەی ئەو ئامانجانەم نوسی و ویستم بەدەستیان بهێنم لەسەر ئەو پارچە کاغەزە.

## کلیلی دەوڵەمەندبوون

لەو کاتەوە دەخوێنمەوە، لێکۆڵینەوە دەکەم و بەدواداچون دەکەم، خەڵکی فێر دەکەم و ئەو بەرنامانە دروستدەکەم کە لەسەر دانان و بەدیهێنانی ئامانجن و لەلایەن ملیۆنان کەسەوە لە سەرانسەری جیهاندا بەکار دەهێندرێن.

بۆ هەر جێگایەك دەڕۆم خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ لام و هەمان قسە دەکەن:" تۆ ژیانی منت گۆڕی و دەوڵەمەندت کردم." وە کاتێك لێیان دەپرسم چ شتێکی تایبەت هەیە لە شێوازەکەمدا کە کاریگەری لەسەر ژیانیان دروست کردووە و ژیانی گۆڕیون. هەمیشە لە وەڵامدا دەڵێن فێری ئەوە بوون ئامانجەکانیان دابنێن و بەدەستیان بهێنن. ئەوە خاڵی وەرچەرخانی ژیانیان بووە هەروەك چۆن خاڵی وەرچەرخانی منیش بووە.

شتێکی دەگمەن نییە کە خەڵکی ئەمڕۆ ناڕەزا بن و خۆپیشاندان بکەن لەسەر شەقامەکان دەربارەی " لە سەدا یەك بەرامبەر لە سەدا نەوەد و نۆ" لەبارەی داهاتەوە. بەڵام ئەوان بە هەڵە تێگەشتوون. لەڕاستییدا، دەبێت" لە سەدا سێ بەرامبەر لە سەدا نەوەد و حەوت بێت."

تەنها لە سەدا سێی خەڵکی پلانی تایبەت و ڕوونیان هەیە سەبارەت بە ئامانجەکانیان و هەموو ڕۆژێك کاری لەسەر دەکەن. لە سەدا نەوەد و حەوتەکەی دیکە تەنها خواست و خەون و خەیاڵیان هەیە نەوەك ئامانج. وە گەورەترین تراژیدیا ئەوەیە کە جیاوازییەکەیان نازانن.

## دە هێندە زیاتر بەدەست بهێنە

لە ئەزموونمدا، بۆ ماوەی چەندین دەیە و وەك دەرئەنجامێك بۆ خوێندنەوەی هەموو لێکۆڵینەوەکان دەربارەی خەڵکی بە هەبوون و

لەسەدا سێی کەسانی لوتکە نەبوونی ئامانجەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لە سەدا سێی کەسانی لوتکە زیاتر کەسانی ئاسایین بەپێی تێپەڕبوونی کات دە هێندە زیاتر بەدەست دەهێنن زیاد لەو لە سەدا نەوەد و حەوتەی دیکە.

ئەمە بۆچی؟ زۆر هۆکار هەن. لە بەشی پێشتردا وتە و گوفتاری کەسانی دەوڵەمەندمان گوت" پارە لەدەست مەدە."

لە بارەی سەرکەوتنەوە دەتوانیت بڵێیت" کات لەدەست مەدە." ئەمە ڕاستییە کاتێك کە ئامانجی ڕوون و تایبەتت هەیە وە هەروەها پلانی ڕوونت هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەت و هەموو ڕۆژێك کاریان لەسەر دەکەیت ئەوا کاتێکی زۆرت بۆ دەگێڕێتەوە.

دەتوانیت لە ماوەی چەند مانگ و ساڵێکدا ئەوەندە بەدەست بهێنیت کە زۆرێك لە خەڵکی بەدرێژایی ژیانیان بەدەستی دەهێنن. بەدانانی ئامانجەکانت ئەوا بەرنامەیەکی بیرکردنەوە دروست دەکەیت بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەڵکی بەرەو ئامانجەکانیان کە ئەمەش لە پاشاندا وەك موشەکێکی ڕێبەریکراو کار دەکات بۆ بردن و ڕابەرایەتیکردنت بەرەو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی مەبەستە. وردەکاری و زانیارییەکان دەربارەی ئامانجەکەت کۆ بکەیتەوە و پاشان بەشداری کۆرسەکان بکەیت تاکو ئامانجەکەت بەدەست دەهێنیت.

وەك تۆماس کارلیل دەڵێت:" کەسی بێ ئامانج تەنانەت ئەگەر لەسەر ڕێگا ڕاست و دروستەکەش بێت ئەوا ناتوانێت هیچ پێشکەوتنێك لە خۆیدا دروست بکات. بەڵام کەسێکی ئامانجداری ڕوون و ئاشکرا ئەگەر

چی ڕێگاکەیشی پڕ سەختی بێت ئەوا بەبەردەوامی بەرەوپێشەوە دەچێت."

ئەو وتەیەت بیستووە کە دەڵێت:" ئەگەر نەزانیت بۆ کوێ دەڕۆیت ئەوا بە هیچ جێگایەك ناگەیت."

## سێ ڕەچەتەکەی بیرکردنەوەی بڵندتر پەرە پێبدە

ڕەنگە باشترین ڕێگا بوّت کە پەرە بە " سێ ڕەچەتە"کەی بیرکردنەوەی بڵندتر" ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوە" بدەیت ئەوە بێت کە پەرە بە ئامانجە ڕوونەکانت بدەیت لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا.

لە سەدا نەوەد و پێنجی سەرکەوتن بەهۆی پەرەپێدانی ڕوونی یەوەیە لە یەکەم جاردا. دەبێت بەتەواوی ڕوون بیت سەبارەت بەوەی کە توّ کێیت، بەهێزییەکانت، لاوازییەکانت، توانا و بەهرە تایبەتەکانت چین وە دەتەوێت چی بکەیت لە ژیانتدا.

پاشان دەبێت سەرنج لەسەر یەك شت بکەیتەوە لە یەك کاتدا بەبێ گوّڕین یاخود بیربڵاوی. بەگوێرەی قسەکانی بیل گەیتس و وارن بافت توانای سەرنجدان لە یەك کاتدا و لەسەر یەك شت سەرکەوتن خێراتر دەکات لە کاتە شڵەژاوی و گوّڕانە خێراکاندا چەند هێندەی هەر توانایەکی دیکەی هزری.

لە کوّتاییدا، هەر کە بڕیارتدا لەوەی کە کێیت و چییت دەوێت و بڕیارت لەسەر خاڵی سەرنجتدا، دەبێت زوّر خوّڕاگر بیت لەو تاکە مەبەستەی لە مێشکتدایە و جەختی لەسەر بکەیتەوە و بەردەوام بیت لەگەڵی هەتاکو لە سەدا سەد کارەکەت بە کوّتا دەگات.



Scanned by TapScanner

ئامانجەکان هێزت پێدەدەن بۆئەوەی پەرە بدەیت بە چۆنیەتی ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوە زۆر خێراتر لە هەرشتێکی دیکە کە دەیکەیت یاخود بڕیاری ژیانتی لەسەر دەدەیت. ئامانجەکان باشترین چارەسەرن بۆ بیرکردنەوە ناڕوون و ئاشکراکان کە ئەمەش زۆر جار دەبێتەهۆی بێزاریی و شکست زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە.

## بیربڵاوییەکانت کەمبکەرەوە

بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرا و پچڕانە نەگۆڕەی ئەلیکترۆنی ئیمەیڵ، نامە، تەلەفون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی جۆرە نەخۆشی و نارێکییەك لە کەمی سەرنجدان و بیرکردنەوە کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەستەم بێت بۆیان کە بەڕوونی بیر بکەنەوە یان لەسەر کارێك بمێننەوە. ڕۆژانە چل و پێنج جار سەیری ئیمەیڵەکانیان دەکەن و بونەتە کۆیلەی نامە، تەلەفون و ئیمەیڵەکان وە بەبەردەوامی دوای بابەتە بریقەدارەکان دەکەون.

ئەوانەی کە ئامانجیان نییە لە ژیانیاندا هەمیشە چارەنوسیان کارکردنە بۆ کەسانێك کە ئامانجیان هەیە. لە ژیاندا دەتوانیت یاخود کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆت بکەیت یاخود کار بکەیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کەسانی دیکە. بەدڵنیاییەوە باشترینیان ئەوەیە کە یارمەتی کۆمپانیاکەت بدەیت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆت.

## کاریگەریی گۆڕان

ڕەنگە گرنگترین هۆکار کە کاریگەری لەسەر ژیانت هەبێت، خێرایی گۆڕان بێت. لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا هەرگیز ڕێژەی ئەم گۆڕانانەمان ئەزموون نەکردووە کە ئەمڕۆ هەمانە جگە لەو گۆڕانانەی کە لە مانگی داهاتوو یاخود ساڵی داهاتوو یاخود ژیانی داهاتوومان‌دا دەیان بینین.

سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە ڕێژەی گۆڕان خێراتر دەکەن و وامان لێدەکەن هەست بکەین کە لە کۆنترۆڵ دەردەچین. زۆر جار باشترین پلانەکانمان وا دەردەچن کە هەڵەبن و چیدیکە کاریان پێناکەین، هەندێک کات تەنها لە شەوێکدا ڕوودەدات بە گۆڕان لە یەکێک لەم سێ لایەنە گرنگەدا.

## زیادکردنی زانیاری

یەکەم هۆکاری گۆڕان زیادکردنی زانست و زانیارییە. زانیاری و بیرۆکەی نوێ، خێرا و خێراتر، گەورە، زیاتر و فراوانتر دەبن. تەنها یەک زانیاری، یەک بیرۆکە و بەرچاوڕوونی نوێ دەکرێت سەرتاپای پیشەسازییەک لەناو ببات و ببێتەهۆی شکست و مایەپوچی.

کەسانی زیرەك لە ئەمڕۆدا بیرۆکەی نوێ و باشتر پەرە پێدەدەن بە چەندین ڕێگە و شێوازی جیاواز، لە چەندین بوار و بابەتی جیاوازدا، زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر لە مێژوودا.

## فراوانبوونی تەکنەلۆژیا

دووەم هۆکاری گۆڕان تەکنەلۆژیایە. گەشەکردن و فراوانبوون و زیادبوونی بەخێراییـەکی چاوەڕواننەکراو. بەرەوپێشچـوونی تەکنـەلۆژیا دەتوانێـت بەخێرایی سەراپای پیشەسازییەك بگۆڕێت. بیر لە کۆمپانیاکانی نۆکیا و بلاك بێری بکەرەوە کە دەستیان بەسەر پیشەسازییەکاندا گرتبوو هەتاکو سالّی ۲۰۰۷ موبایلی ئایفۆن داهێنرا و کەوتە بازاڕەوە.

لە ماوەی پێنج سالّدا هەر دوو کۆمپانیاکە گەشەیان وەستا. بلاك بێـری لە کۆنترۆلّکردنی لە سەدا چل و نۆی پیشەسازییەکانی موبایل لە بازاڕدا گۆڕا بۆ لە سەدا سفر و پۆینت چوار لەو کاتەدا. نۆکیاش لـە فرۆشتنی موبایل وەستا و فرۆشرا بە مایکرۆسۆفت. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەك لە ئەو سەری جیهاندا دەکرێت تۆ لە بازرگـانی و پیشـەکەت دوور بخاتـەوە ئەگەر بەخێرایی و گونجاوی کاردانەوەت بۆی نەبێت.

## پێشبڕکێی شەڕانگێزی

سێیەم هۆکار بریتییە لە پێشبڕکێ. بەرامبەرەکـەت بـەهێزتر، تونـدتر و بەئیرادەتر دەبێت زیاتر لە هەر کاتێکی پێشتر- جگەلە هەفتەی داهاتوو و سالّی داهاتوو. پێشبڕکێکە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی هـەر یەکـە لـە زانیـاری و پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا بـۆ گـۆڕینی و شـێوەی تاقیکردنەوەکانی خواستی کڕیار، پەرەدان بە خزمەتگوزاری و بەرهـەمی نوێ وە هەروەها نەهێشتنی هەرشـتێکی کارپێنـەکراو کـە لـە ئێسـتادا پێشکەشی دەکەیت.

پێشبڕکێکارەت بەردەوام لە جیهاندا دەگەڕێت بۆ زانیاری و تەکنەلۆژیای نوێ، بۆ ئەو هەلانە دەگەڕێت کە خزمەتی کڕیارەکان بکات بەوەی دەیانەوێت، باشتر، خێراتر وە هەرزانتر لەوەی کە ئەمڕۆ هەتە.

هاوکێشەکە بریتییە لە:

SOC= IE × TE × C

خێرایی گۆڕان = زیادکردنی زانیاری × فراوانبوونی تەکنەلۆژیا × پێشبڕکێ

( خێرایی گۆڕان یەکسانە بە زیادکردنی زانیاری لێکدانی فراوانبوونی تەکنەلۆژیا لێکدانی پێشبڕکێ.) وە تاکە شت کە دەیزانین ئەوەیە ڕێژەی گۆڕانەکان لە مانگان و ساڵانی داهاتوودا خێراتر و خێراتر دەبن.

چارلس داروین دەڵێت:" مانەوە و بەردەوامی بەهۆی بەهێزترین و باشترین جۆری چەشنەکانەوە نییە بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە گونجاوترینە بۆ گۆڕان."

## ئامانجەکان زۆر گرنگن

لەبەرئەمەیە کە ئامانجەکان زۆر گرنگن. ئامانجەکان یارمەتییت دەدەن ڕێچکەی گۆڕان کۆنترۆڵ بکەیت بۆ دڵنیابوون لەوەی ژیان و کارەکەت لەسەر ئیرادەی خوودییە زیاتر لەوەی کە لەلایەن ڕووداوە دەرەکییەکانەوە بێت.

یەکێك لە نهێنییە گەورەکانی سەرکەوتن بۆ تۆیە کە دوودڵ نەبیت سەبارەت بەو شتانەی کە ناتوانیت هیچ شتێك دەربارەیان ئەنجام بدەیت.

ئەو هۆکارانەی کە ناتوانیت بیانگۆڕیت. بەڵام دەتوانیت گۆڕانی باشتر فەراهەم بکەیت کاتێك بەتەواوی ئامانجەکەت ڕوون و دیار بێت.

ئەمڕۆ، دەتوانیت ببیتە سەردار یاخود قوربانی دەستی گۆڕانکاری. دەتوانیت ببیتە دروستکەری بارودۆخەکان یاخود دروستکراوی بارودۆخ، ببیتە براوە یاخود بەجێ بمێنیت بەهۆی ئەو هێزە خێرایانەی گۆڕان کە ناتوانیت کاریگەرییان لەسەر دروست بکەیت.

ئامانجەکان مەبەست، هێز و ئاڕاستە دەدەن بە ژیانت. ئامانجەکان باشترینەکانی ناخت دەردەخەن و یارمەتییت دەدەن کە تەواوی تواناکانی خۆت بۆ دەربکەویت.

## دانانی ئامانج باشترینەکان بەرهەم دەهێنێت

دانانی ئامانج پێویستی بە بیرکردنەوەی درێژخایەن و بیرکردنەوەی لەسەرخۆ وە بیرکردنەوەی شارەزاییانە هەیە. کلیلی بنچینەی سەرکەوتن بۆ تۆیە کە لەسەر کاغەز بیر بکەیتەوە. هەر بە نوسینی ئەوەی کە دەتەوێت کتوپڕ ئەگەری بەدەستهێنانی ئەو شتە زیاد دەکات. لەبیرت بێت ناتوانیت ئەو ئامانجە بەدەست بهێنیت کە ناتوانیت بیبینیت ( خەیاڵی بکەیت.)

ناتوانیت بە ئامانجەکەت بگەیت تاوەکو بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەر کاغەز وەسفی نەکەیت. چۆنیەتی بیرکردنەوەت بە شێوەیەکی زۆر بەرەوپێش دەچێت بە چۆنیەتی ئەو پرسیارانەی کە لە خۆتیان دەکەیت. بەتایبەتی لە بواری دانانی ئامانج و بەدەستهێنانیاندا. ئەمەش چەند پرسیارێکە کە پێویستە بیانپرسیت و وەڵامیان بدەیتەوە بە شێوەیەکی

ڕێك و پێك تاكو بتوانیت ئاستی بەرزی ڕوونی و جەختكردنەوە و چڕبوونەوە بەدەست بهێنیت.

## ئەو شتە دیاری بكە كە بەڕاستی دەتەوێت

ئایا بەڕاستی، بەڕاستی، بەڕاستی، چییت دەوێت لە ژیاندا؟ كاتێك ئەم پرسیارە دەكەیت ئەو سێیەم بەڕاستییە یارمەتییت دەدات ڕوونیی تەواو پەرە پێبدەیت سەبارەت بەو شوێنەی كە دەتەوێت لێی بیت لە داهاتوودا. كاتێك سێ جار دەپرسیت بەڕاستی، ئەوا زیاتر جەخت لەسەر ئەو شتە دەكەیتەوە و چڕ دەبیتەوە كە لە هەموو شتێكی دیكە زیاتر دەتەوێت.

## بەڕاستی گرنگی بە چی دەدەیت؟

بەهاكانت چین؟ بنەما و یاسا بنچینەییەكانی ڕێكخستنت چین؟ گرنگترین بەها و خاسیەتەكان كامانەن بۆ تۆ و لەو كەسانەی كە هەیانە پێیان سەرسامییت؟

زۆرێك لە كێشەكان لە ژیانی مرۆڤدا و زۆرینەی سەرلێشێواوییەكان دەكرێت چارەسەر بكرێن بە گەڕانەوە بۆ بەهاكان. بەهاكانت ناوەڕۆكت دروست دەكەن. ئەو بابەتانەن كە چارەسەری ژیانت دەكەن. بەهاكانت قووڵترین هەستەكانت دیاری دەكەن. باوەڕەكانت، پێشبینییەكانت و هەڵوێستت دیاری دەكەن. "ئەوە نابینیت كە بڕوات پێیەتی بەڵكو ئەوە دەبینیت كە پێشتر بڕیارتداوە باوەڕت پێی هەبێت."

بۆ ماوەی یەك هەفتە بەبەردەوامی ئەم پرسیارە لە خۆت بکە:" گرنگترین بەهام لە ژیاندا چیە؟"

هەرگیز بە یەکەم وەڵامت ڕازی مەبە. یەکەم وەڵام هەمیشە شتێکی سادە و دیار و پەسەندە لای کەسانی دیکە. بەردەوامبە لە پرسیارکردنی گرنگترین بەهام لە ژیاندا چیە؟ ڕەنگە سەرسام بیت بەو وەڵامەی کە لە کۆتاییدا پێی دەگەیت.

## گرنگترین سێ ئامانجت

لە ئێستادا سێ گرنگترین ئامانجەکانت لە ژیاندا چین؟ وەڵامەکەت لە ماوەی سی چرکە یاخود کەمتردا بنوسە. کاتێك کە تەنها سی چرکەت دەبێت بۆ نوسینی سێ لە گرنگترین ئامانجەکانی ژیانت ئەوا وەڵامەکەت زۆر ورد و دروست دەبێت. هەروەك ئەوەی کە سی خولەك یاخود سێ کاتژێرت هەبو بێت. ئەو ئامانجانە چین؟

## لە شکست مەترسە

وێنای ئەوە بکە بیست ملیۆن دۆلار پارەت هەیە لە بانك بەڵام بۆت دەرکەوتووە کە تەنها دە ساڵت ماوە لە ژیاندا. چی هەڵدەبژێریت تاوەکو لە ماوەی ئەو دە ساڵەی داهاتوودا ئەنجامی بدەیت؟

ئەم پرسیارە بۆ ماوەیەکی کاتی ئازادت دەکات لە سنوردارکردنی دوودڵیت بەسەر پارە و سەرچاوەکانتدا. زۆرێك لە خەڵکی دوور دەکەونەوە

لە ئەنجامدانی ئەوەی کە بەڕاستی دەیانەوێت ئەنجامی بدەن لەبەرئـەوەی وا هەست دەکەن ناتوانن ئەو شتە دەستەبەر بکەن یاخود ئەوەی کە کات، لێهاتوویی و سەرچاوەی پێویستیان نییە بۆئەوەی کە بەدەستی بهێنن.
بەڵام کاتێك وێنای ئەوە دەکەیت کە بیست ملیۆن دۆلارت لە بانك هەیە و پێویستە بڕیار بدەیت بۆ دە ساڵی داهاتوو چی بکەیت ئـەوا هەمیشـە ئەو شتەی کە زۆر گرنگە بۆت بەڕوونی دەیبینیـت. ئارەزووەکـانی دڵـت دەکرێت چی بن؟

## شەش مانگت لە ژیاندا ماوە

وێنای ئەوە بکە کـە سـەردانی دکتۆرەکـەت دەکـەیت بـۆ پشـکنینێکی تەواوی جەستەت. لە پاشان دادەنیشیت و پێت دەڵێت دوو هەواڵی پێیـە بۆت، هەواڵێکی خۆش وە هەواڵێکی ناخۆش. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە بۆ ماوەی شـەش مـانگی داهـاتوو خۆشـی دەبینیـت لـە جەسـتەیەکی تەندروست. وە هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کـە لـە ڕۆژی ١٨١ مـدا، بـە نەخۆشییەکی چارەسەرنەکراو دەمریت.
ئەگەر شەش  مانگت لە ژیانـدا مابێـت ئـەوا کاتەکـەت چـۆن بەسـەر دەبەیت؟ چی دەکەیت؟ لەگەڵ کێ کاتەکانت بەسەر دەبەیت؟ چی شـتێك ماوە کە بتەوێت تەواوی بکەیت؟ دەتەوێت چ پەیامێك بەجێ بهێڵیت؟
ئەم پرسیارانە یارمەتییت دەدەن لە ڕونکردنەوەی ئەو شتەی کە بایـەخی بۆت هەیە وە چ شتێك بەڕاستی بۆت گرنگە. ئـەو وتـەت بیسـتوتە کـە دەڵێت:" هیچ کەسێك لەسەر جێگای مردنەکەی هەرگیز خۆزگەی ئەوەی نەخواستوە کە کاتی زیاتری لە نوسینگەکەیدا بەسەر بردبا."

## هەست بە گرنگی کردن

چ جۆرە چالاکییەك گەورەترین هەستی گرنگییت پێدەدات لە بەهای کەسی و ڕێزی خودییت؟

دیل کارنگی دەڵێت:" گەورەترین هەستی کەسێکم پێبڵێ کە چی شتێك پێی دەدات ئەوا من فەلسەفەی تەواوی ژیانی ئەو کەسەت پێدەڵێم."

چی چالاکی و دەستکەوتێك زیاتر بەرپرس بووە لە خۆشییەکانت لە ژیاندا هەتاکو ئەمڕۆ؟ چ شتێك بەباشی ئەنجام دەدەیت؟ چ شتێك بە شێوەیەکی زۆر بەرپرس بووە لە سەرکەوتنە مەزنەکانت؟ بەدرێژایی ڕۆژ حەز دەکەیت چ شتێك ئەنجام بدەیت، تەنانەت ئەگەر پارەشت پێنەدرێت لە بەرامبەر ئەنجامدانیدا؟

## ئامانجێکی گەورە

تاکە ئامانجی گەورە چیە کە چاونەترسی ئەوەت هەیە بۆ خۆتی دابنێیت ئەگەر بزانیت سەرکەوتوو دەبیت تیایدا؟

ترس لە شکست تاکە بەربەستی گەورەیە لەبەردەم سەرکەوتن و هۆکاری بنچینەیی شکستە لە ژیانی هەرزەکاراندا. وێنای ئەوە بکە هیچ سنورێکت نییە و پارە و کاتی پێویستیشت هەیە، هەموو کەسەکان و پەیوەندییەکانت، هەموو هاوڕێ و ناسیاوەکانت هەموو بەهرە و تواناکانت کە پێویستن بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێك کە دەتوانیت بۆ خۆتی دابنێیت. ئەوە چی ئامانجێك دەبێت؟

تواناکەت بۆئەوەی کە بەڕوونی بیر بکەیتەوە لەوەی کە کێیت و بەڕاستی چییت دەوێت، گرنگترین هۆکارە بۆ ژیانێکی پایەبەرزانە. پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە شێوازێکی ڕێکو پێك یارمەتییت دەدات پەرە بە ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوە بدەیت.

## پرۆسەی دانانی ئامانج

ناپلیۆن هیلْ دەڵێت کلیلی سەرکەوتن ئەوەیە کە ڕەچەتەی سەلمێنراوی سەرکەوتن بەکار بهێنیت. ئەو شتانە بزانە کە کەسە سەرکەوتووەکانی دیکە بەردەوام ئەنجامی دەدەن. وە لە پاشان هەمان ئەو شتانەی ئەوان ئەنجام بدە. بەپێی یاسای هۆ و ئەنجام ئەگەر ئەوە ئەنجام بدەیت کە کەسانی سەرکەوتووی دیکە ئەنجامی دەدەن ( هۆیەکان ) ئەوا بەزوویی هەمان ئەو دەرئەنجامانە ( ئەنجامەکان ) بەدەست دەهێنیت کە ئەوان بەدەستی دەهێنن.

لێرەدا پرۆسەیەکی سادەیە بەڵام بەهێزی دانان و بەدەستهێنانی ئامانجەکان فێر دەبیت کە دەتوانیت دەستبەجێ بەکاری بهێنیت بۆ گۆڕین و باشترکردنی ژیانت. ئەمانەن:

١. بڕیار بدە کە کتومت چییت دەوێت. زۆرێك لە خەڵکی هەرگیز ئەمە ئەنجام نادەن. زۆرێك لە خەڵکی شتی جیاوازیان دەوێت بەڵام هەرگیز هیچ شتێکی تایبەتیان ناوێت. سەرەکیترین هۆکار بۆ شکست لە ژیانی هەرزەکاردا ئەوەیە زۆرینەیان وا بیر دەکەنەوە ئامانجیان هەیە. بەڵان

ئەوەی هەیانە ئامانج و مەبەست نییە. ئەوەی هەیانە بەزۆری خۆزگە و ئاوات و خەیاڵە.

لەلایەکی دیکەوە، ئامانجی ڕاستەقینە بریتییە لە شتێکی ڕوون و تایبەت. ئاینشتاین دەڵێت:" ئەگەر نەتوانی ئامانجەکەت بۆ منداڵێکی شەش ساڵان ڕوون بکەیتەوە ئەوا تەنانەت خۆشت سەبارەت بەو ئامانجە ڕوون نیت."

٢. ئامانجەکەت بنوسە: ئەو ئامانجەی کە بە شێوەیەکی نوسراو نییە ئەوا بەزۆری خۆزگە و ئاواتە. دەوترێت ئامانجەکان خەونن لەگەڵ دوامۆڵەتدا. کاتێك ئامانجێك دەنوسیت ئەوا ڕوون و بەرجەستەیی دەکەیت. دەتوانیت بیبینیت، دەستی لێبدەیت و بیخوێنیتەوە. ئێستا ئەوە بوونی هەیە، لەکاتێکدا پێشووتر تەنها چیرۆکێکی خەیاڵاوی بوو وەك دوکەڵی جگەرەیەك لە ژورێکی گەورەدا بەبێ هیچ شێوە و ناوەڕۆکێك.

تەنها لە سەدا سێی گەنجەکان ئامانجی ڕوون و نوسراویان هەیە، کەسانی دیکە کار بۆ ئەمان دەکەن. زیاتر لە دە هێندەی کەسانی ئاسایی بەدەست دەهێنن لە ماوەی ژیانی کارکردنیاندا.

ئەو کەسانەی کە ئامانجی نوسراویان هەیە هەمیشە لە ماوەی یەك ساڵدا زیاد لەوە بەدەست دەهێنن کە کەسانی دیکە لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی ژیانیاندا بەدەستی دەهێنن. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هەر ئامانجێك کە دەینوسیت وە هەر کاتێك کە دەینوسیت ئەوا تۆ بەڕاستی بەرنامەڕێژی بۆ دەکەیت لە هزری بەناگاییتدا.

هەر کە ئامانجەکەت نوسی هزری بەئاگاییت وەك فرمانێك قبوڵی دەکات و کار دەکات بۆئەوەی ئەو ئامانجەت بۆ فەراهەم بکات و تۆش بگەیەنێتە ئامانجەکەت. بیست و چوار کاتژێر لە ڕۆژێکدا و خەوتن و هەستانت، ئامانجە نوسراوەکان زۆر بەهێزن.

٣. دوا موڵەت دابنێ. دوا موڵەت وەك سیستەمێکی ناچارکردن کار دەکات بۆ هزری بەئاگاییت. هێز و توانا دەدات بە هزری بەئاگاییت بۆ ئەو ئامانجەی کە مەبەستتە. هەر لەو کاتەوەی کە ئامانجەکەت دەنوسیت و دواموڵەتی بۆ دادەنێیت ئەوا زیاتر هاندراو دەبیت بۆئەوەی هەنگاوە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بگریتەبەر.

ئامانجە نوسراوەکان لەگەڵ دواموڵەتدا یاسای سەرنجکێشکردن چالاك دەکەن. دەست دەکەیت بە ڕاکێشانی ئەو خەڵك و بیرۆکە و سەرچاوە و دەرفەتانەی کە یارمەتییت دەدەن بۆ خێرا ڕۆشتن بەرەو ئامانجەکەت بۆ ناو ژیانت.

چی ڕوو دەدات ئەگەر لە دواموڵەتدا ئامانجەکەت بەدەست نەهێنا؟ ئاسانە. دواموڵەتێکی دیکە دابنێ. دەکرێت زۆر شت ڕوو بدەن کە تۆ هیچ کۆنترۆڵێکت نییە بەسەریاندا دەبنەهۆی دواکەوتنی بەدەستهێنانی ئامانجەکەت. کێشە نییە. تەنها دواموڵەتێکی دیکە دابنێ. لەبیرت بێت، ئامانجی ناڕاستەقینە بوونی نییە. بەڵکو تەنها دواموڵەتی ڕاستەقینە بوونی هەیە.

٤. لیستێك دروست بکە. هەموو ئەو شتانە بنوسە کە دەکرێت یارمەتییت بدەن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەتدا. ئەو کەس و زانیاری و

سامانەی پێویستە لەخۆ دەگرێت. بەردەوامبە لە زیادکردنی بۆ لیستەکە
هەتاکو تەواو دەبێت.
دروستکردنی لیستێك لە هەموو ئەو شتانەی کە بیریان لێدەکەیتەوە بۆ
بەدەستهێنانی ئامانجەکەت باوەڕت زیاتر دەکات کە ئامانجەکەت
بەدیهێنراو دەبێت، هانت دەدات و بەئاگات دەهێنێتەوە. وەك هێنری
فۆرد دەڵێت:" هەموو ئامانجێك دەکرێت بەدەست بهێندرێت ئەگەر
بیانکەیت بە بەشی بچوك بچوکەوە."

٥. لیستەکە ڕێکبخە و بیکە بە پلان. یەکەم ڕێگا لیستەکە بە ڕیز ڕێك
بخە. لیستێك دروست بکە بە هەموو هەنگاوەکان، یەك لەدوای یەك کە
پێویستە بیانگریتەبەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت.
کارکردن بە لیستێکی نوسراو بە ڕێژەی پێنج بۆ دە جار خێرایی
بەدەستهێنانی ئامانجەکەت زیاد دەکات. دووەم ڕێگا لیستەکە بەپێی
لەپێشینەکان ڕێك بخە. کامە زیاتر گرنگە وە کامە کەمتر گرنگە؟ لە
سەدا بیستی مادەکانی لیستەکەت هەژماری لە سەدا هەشتای
سەرکەوتنت دیاری دەکەن. ئەوانە چین؟

٦. خێرا و دەستبەجێ کار بە پلانەکەت بکە. هەرشتێك بێت ئەنجامی
بدە. هەنگاوی یەکەم بنێ. هەروەك ئاینشتاین دەڵێت:" هیچ شتێك
ڕوونادات هەتاوەکو شتێك نەجولێت." هەروەها هیچ شتێکیش ڕوونادات
هەتاوەکو تۆ نەجولێیت.

٧. هەموو ڕۆژێك ئەو شتانە ئەنجامبدە کە بەرەو بەدەستهێنانی گرنگترین
ئامانجەکەت دەتبەن. ئیدی هەرشتێك بێت لەو کاتەدا. هەگیز هیچ ڕۆژێك

لەدەست مەدە. حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا کار بکە. کاتێک هەموو ڕۆژێک شتێک ئەنجام دەدەیت ئەوا دەبێتەهۆی ڕێسای هێزی جوڵەی سەرکەوتن. ڕەنگە قورس بێت کە هەنگاوی یەکەم بنێیت بۆ گەشتن بە ئامانجەکەت. بەڵام لەدوای ئەوە ئاسان و ئاسانتر دەبێت. هێزی جوڵەی زیاتر پەرە پێدەدەیت و خێراتر بەرەو ئامانجەکەت دەجوڵێیت وە ئامانجەکەشت خێراتر بەرەو ڕووی تۆ دێت. هەمیشە دەتوانیت یەکەم هەنگاو ببنیت.

## ڕاهێنانی دانانی ئامانج

لێرەدا باسی ڕاهێنانێك دەکەین کە ژیانی سەدان هەزار کەسی گۆڕیوە لە سەرانسەری جیهاندا. زۆر کاریگەرە لەبەرئەوەی زۆر سادە و ئاسانە.

١. پارچە کاغەزێکی بەتاڵ بهێنە و ئامانجەکانی لەسەر بنوسە، لەگەڵ بەرواری ئەمڕۆدا لەسەرەوەی لاپەڕەکە لە پاشان دە ئامانج بنوسە کە دەتەوێت لە ماوەی دوازدە مانگی داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت. ئەمانە ڕەنگە ئامانجی یەك هەفتەیی، یەك مانگی و شەش مانگی یاخود دوازدە مانگی بن. بەڵام ئەمانە ئەو ئامانجانەن کە ئارەزوو دەکەیت لە ماوەی ساڵی داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت.

ئەو ئامانجانەی کە دەتەوێت لە ماوەی ساڵی داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت وا دەردەکەون کە زیاتر هاندەرانەتر بن لەو ئامانجانەی کە دەتەوێت لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت. هەرچەندە لە کۆتایشدا، ئەم ئامانجانانەش دادەنێیت.

کاتێك ئامانجەکانت دەنوسیت بە ڕانەبردوویی، کەسی و ئەرێنییانە بیاننوسە. هزری بەئاگاییت تەنها دەتوانێت کار لەسەر ئەو ئامانجانە بکات کە لەسەر ئەم شێوازە دارێژراون. هەموو ئامانجێك بە وشەی من دەستپێدەکات و بەدوایدا کارێك دەکات. بۆ نمونە: ئامانجەکەت ڕەنگە ئەوە بێت کە من بڕی (   )دۆلار بەدەست دەهێنم هەتا ٣١ ی مانگی ١٢ ی ئەمساڵ.

ئامانجەکەت وا بنوسە هەروەك بڵێیت بەدەستت هێناوە و بۆ کەسێکی تری ڕوون دەکەیتەوە کە چییت بەدەستهێناوە. لەبری ئەوەی بڵێیت:" واز لە جگەرەکێشان دەهێنم وا باشترە بنوسیت من جگەرەکێش نیم." دە یەکەم لەو ئامانجانەی بیریان لێدەکەیتەوە بە شێوەی ڕانەبردوو، کەسی و ئەرێنییانە بنوسە.

٢. هەر کە لیستە دە ئامانجییەکەت نوسی ئەوا ئەم پرسیارە بکە:" کام یەك لەم ئامانجانەی ئەم لیستە کە ئەگەر بەدەستی بهێنم ئەوا گەورەترین کاریگەری ئەرێنی دروست دەکات لەسەر ژیانم؟" هەمیشە ئامانجێك کە گونجاوە بۆ ئەم وەسفە. کاتێك ئەو ئامانجەت هەڵبژارد ئەوا دەبێتە ئامانجی ڕوونی گەورەت لە ژیاندا.

٣. ئەم ئامانجە بگوازەرەوە بۆ سەرەوەی پەڕەیەکی پاك وە بیکە بە ئامانجێکی ئەرێنی، کەسی و ڕانەبردوو. بۆ نمونە" من ئەم بڕە پارەیە بەدەست دەهێنم لەم بەروارەدا."

٤. پاشان لیستێك دروست بکە لە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پێویستە. لانیکەم بیست بیرۆکە بنوسە.

وەڵامە ڕوون و دیارەکان بنوسە و پاشان پێچەوانەی هەریەکێك لەو وەڵامانە بنوسە. بەردەوامبە لە نوسین هەتاوەکو بیست کردارت دەبێت کە یارمەتیدەرت دەبن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەتدا.

٥. ئەم لیستە بۆ پلانێك ڕێکبخە. لیستێك بە هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

٦. بەخێرایی دەستبەکاربە لەسەر ئەرکێك. یەکەم بابەت لە لیستەکەدا وە هەتا دەتوانیت خێراتر ئەو ئەرکە جێبەجێ بکە.

٧. لەو کاتە بەدواوە هەموو ڕۆژێك شتێك ئەنجامبدە لەسەر ئەم لیستە تاوەکو بە ئاڕاستەی ئامانجە سەرەکییەکەت بڕۆیت. هەرگیز ڕێگا بە بەرهەڵستی مەدە و هەفتەی حەوت ڕۆژ ئەم کارە ئەنجام بدە.

## بیر لە ئامانجەکەت بکەرەوە

ئەم ڕاستییەت بیر بێت. دەبیت بەو کەسەی کە زۆرینەی کات بیری لێدەکەیتەوە. هەر ڕۆژێك کە لە خەو هەڵدەستیت بیر لە ئامانجەکەت بکەرەوە. بەدرێژایی ڕۆژ بیر ی لێبکەرەوە. لە ئێوارەدا چاوبخشێنەرەوە بە بەرەوپێشچونەکانی ئامانجە سەرەکییەکەتدا. تا زیاتر بیر لە ئامانجەکەت بکەیتەوە بیرۆکەی زیاترت بۆ دێت بۆ بەدەستهێنانی. مەیل و ئارەزووی زۆر بۆ ئامانجەکانت زیاتر هانی هزرت دەدات بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئامانجەکەت بڕۆیت.

لەم ئەمرۆتدابە تاکو ببیتە کەسێك کە جەخت لەسەر ئامانج بکەیتەوە. ئەمە یارمەتییت دەدات بۆ کۆکردنەوەی توانا هزرییەکانت، بزواندنی

داهێنەرایەتییت، کۆکردنەوەی ووزەکەت و هاندانت بە ئاڕاستەی ئامانجەکەت زیاتر لە هەموو چالاکییەکانی دیکە.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. بڕیار بدە کتومت چییت دەوێت لە یەکێك لە بوارەکانی ژیانتدا، ئەو تاکە ئامانجەی کە کاریگەری ئەرێنی زیاتری هەیە لەسەر ژیانت.

٢. بینوسە. بیکە بە ئامانجێکی کەسی، ئەرێنی، ڕانەبردوو وەك ئەوەی کە ڕاستەقینە بێت.

٣. پلان و بەرنامەیەك دابنێ بۆ ئەو تاکە ئامانجە وە پاشان ڕۆژانە ئەو کارانە ئەنجامبدە کە زیاتر لە ئامانجەکەت نزیکترت دەکەنەوە.



Scanned by TapScanner

# بەشی پێنجەم

## بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر دەرئەنجام X بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر چالاکی

" ئەو کەسانەی ئەم خواستە پێویستیەیان هەیە بۆئەوەی ببنە باشترین لە سروشتی خۆیاندا. ئەوانەن کە هەرگیز هیچ ناتەواویی و کەمو کوڕتییەك قبوڵ ناکەن، ئاڵای پێشکەوتنیان هەڵگرتووە کە پێوەر و نمونەیە بۆ کەسانی دیکە."

( ئۆریسوّن سوێت ماردین )

یەکێکی دیکە لە خاڵە وەرچەرخانە گرنگەکان لە ژیانمدا ئەوە بوو کاتێك سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، تێبینی ئەوەم کرد کە زۆرێك لە خەڵکی لە هەمان تەمەنی مندان و زۆر زیاتر و باشتر لە من کار دەکەن.
جلی جوانیان لەبەر دەکرد کاری باشتریان هەبوو، نوێترین ئۆتۆمبیلەکانیان لێدەخوڕی وە تەنانەت هەندێکیان ماڵ و خێزانیشیان هەبوو. لەو کاتەدا من ئۆتۆمبیلێکی کۆنم لێدەخوڕی و جلو بەرگی کۆنم لەبەردەکرد، کاری فرۆشیاریم دەکرد هەمیشە بیرم لای نرخی شتەکان بوو وە نیگەرانی پارە بووم. بەڕاستی ئەمە شێوازێکی باشی ژیانکردن نییە.
خاڵی وەرچەرخانم ئەو کاتە بوو کە دەستم کرد بەم پرسیارە" بۆچی هەندێك لە خەڵکی زیاتر سەرکەوتووترن لە کەسانی دیکە؟"

ئەم پرسیارە ژیانمی گۆڕی. وای لێکردم بەدرێژایی تەمەنم بۆ دۆزینــەوەی وەڵامەکان بگەڕێم. لە ئینجیلدا دەڵێت:" بگــەڕێ بــۆی، دەیدۆزیتــەوە. ئەوەی کە گەڕا دۆزییەوە." ئەمە بۆ من ڕاست بوو. هەر کە دەستم کرد بەم پرسیارە وەڵامەکان بۆم دەهاتن و ڕوون دەبوون وەك چۆن موگنــاتیس ئاسن کێش دەکات.

## پارەی زیاتر پەیدا بکە

لە زاراوەی داراییدا، وەڵامەکە زۆر سادە و ڕوون بوو. ئەو کەســانەی کــە موچەی زۆریان پێدەدرێت ئەو کەسانەن کــە ســودبەخش و بەبەرهــەمن. ئەوانە کاتەکانیان لــە کەســانی ئاســایی باشــتر بەســەر دەبــەن. ئەوانــە دەرئەنجامی زیاتر، باشتر بەدەست دەهێنن بۆیە خەڵکی ئامادەن پارەیــان پێبدەن. کاتی زیاتر و زیاتر بەسەر دەبەن لە ئەنجامــدانی شــتی زیــاتر و بەهادارتردا.

ئەمە پرسیارەکەیە: بەنرخترین سەرمایەی دارایی کە هــەت بێــت چیــە؟ کاتێك یەکەم جار ئەم پرسیارەم بەرگوێ کەوت، زۆر دڵنیا و ڕوون نەبووم لە وەڵامەکەی. پاشــان فێربــووم کــە ئەمــە تواناکــانی بەدەســتهێنانتە. تواناکانت بۆ بەدەستهێنانی پارە، بەبەهاترین سەرمایەی داراییتە. ڕەنگە کارەکــەت، ماڵەکــەت، ئوتۆمبیلەکــەت وە هــەموو پاشــەکەوت و وەبەرهێنانەکانت لەدەست بدەیت و بەبێ هیچ شتێك و تەنها بەو جلانەی کە لەبەرتدان لەسەر شەقامەکان بمێنیتەوە. بەڵام تا ئــەو کاتــەی توانــای بەدەستهێنانت هەیە ئەوا دەتوانیت هەموو ئەوانە و زیــاتریش بەدەســت

بهێنێتەوە. ئەمە زۆرجار و بۆ زۆرێك لە خەڵكی ڕوویداوە کە چیرۆکێکی سەرسامکەرە.

بۆچی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری پێنج سەد لە کۆمپانیاکان ساڵانە تێکڕا زیاتر لە دە ملیۆن دۆلار بەدەست دەهێنن؟ ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە پەرەیان داوە بە تواناکانی بەدەستهێنانیان بە ئەندازەیەك کە بتوانن ئەنجامێك بەدەست بهێنن کە سەدان جار زیاترە لە موچەکەیان و قازانجی کۆمپانیاکەیان.

کۆمپانیاکان بەپەرۆش و ئارەزوومەندن کە هەرچەندیان بوێت پارەیان پێبدەن لەبەر ئەو توانا سەلمێندراوەیان بۆ بەدەستهێنانی ملیۆنان و بلیاران دۆلار قازانج. وە ئەگەر هەرکەسێکیان بە هەر هۆکارێك کارەکەی لەدەست بدات زۆر بەخێرایی لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەی دیکەوە دادەمەزرێت وە ساڵانە دە ملیۆن دۆلار یان زیاتریان پێدەدرێت.

## توانای بەدەستهێنان پێناسەکراوە

توانای بەدەستهێنانت ئەو توانایەیە کە خەڵکی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی دەرئەنجامدا پارەت پێدەدەن. ئەمە توانای ڕۆشتن نییە بۆ کارکردن، کاتی خۆت بخەیتە سەری و بەباشی یاری بکەیت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. بەڵکو توانای تۆیە بۆ خێرا تەواوکردنی کارەکەت بەدڵسۆزی و لەکاتی خۆیدا و بە موچەی خۆی.

هەموو سەرکەوتنەکان لە بواری کارکردندا یەك دەرئەنجامی سادەی هەیە: ئەویش بەجێگەیاندنی ئەرکە. لە کۆتا شیکردنەوەدا، تواناکانت بۆ بەجێهێنانی ئەرك و ئیشەکانت بەبەردەوامی و دڵسۆزییەوە وا دەکات

ببیتە کەسێکی بەنرخ و سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویست بۆ کۆمپانیاکەت.

ئەو کەسانەی کە لە لوتکەدان پەرە بە تواناکانیان دەدەن بۆ تەواوکردنی ئەرکی گەورەتر کە بەهای زیاتر و زیاتریان هەیە. پەرە بە بەناوبانگیان دەدەن تاکو ببنە کەسێك کە کارێکی تایبەت دەکەن.

خەڵکی دەڵێن:" ئەگەر دەتەوێت کارەکەت بەخێرایی و بەباشی تەواو بێت ئەوا بیدە بەو کەسە."

## ببە بە یەکێك لەو لە سەدا بیستەی کە لە لوتکەدان

یاسای٢٠ /٨٠ لە جیهانێکی کارکردنیشدا بەکار دەهێندرێت. لە سەدا بیستی خەڵکی لەسەر ڕێگای خێرای سەرکەوتنن و بەبەردەوامی بەها و گرنگیان زیاد دەکەن، بەرەو سەرەوە دەڕۆن و پارەی زیاتر بەدەست دەهێنن. لە سەدا هەشتای خەڵکی لە زۆربەی بوارەکاندا کات بەفیڕۆ دەدەن، لە کۆتا خولەکەکانی کارکردندا دێنە سەر کار و بەزوترین کات و لە یەکەم هەلی گونجاودا کار بەجێ دەهێڵن. کاتێکیش لەسەر کارەکەیانن ئەوا کاتی خۆیان بەخراپی بەکاردەهێنن بە بەراورد بە کەسانی تر کە لەسەر ڕێگای خێرای سەرکەوتنن.

بەگوێرەی کۆمپانیای نێودەوڵەتی ڕاوێژکاری بەڕێوەبردنی ڕۆبێرت هالفی، لە سەدا پەنجای کاتی کارکردن بەفیڕۆ دەڕوات. زۆرینەی کاتەکانی کارکردن بە قسەکردن و دەمەتەقێ لەگەڵ هاوکارەکانیان بەفیڕۆ دەدەن. لە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکاندا بە وەڵامدانەوەی نامە، فەیسبوك

و تەلەفون بەفیڕۆ دەدەن. کەسانی ئاسایی، بە بەڕێوەبەرەکانیشەوە ڕۆژانە چل و پێنج جار سەیری ئیمەیڵەکانیان دەکەن.

زۆرینەی کاتەکانیان بە درەنگ هاتن بۆ سەر کار، بە زوو ڕۆشتنەوەیان، بە وەرگرتنی پشوو نانی بەیانی و نیوەڕۆ و قاوە خواردنەوە بەفیڕۆ دەدەن. ڕۆژنامە دەخوێننەوە و ئاگاداری کاروبارە کەسییەکانی خۆیان دەبن و بە شێوەیەکی گشتی بەخراپی کارەکان ڕادەپەڕێنن.

## بنەچەی ئاست خراپی

ئەمە بۆچی؟ ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو دەرئەنجامی خووەکانی پێشووتە لە ژیاندا. یەکەم بەریەککەوتنیان بۆ کار ئەو کاتەیە کە منداڵێك بۆ یەکەمجار دەچێتە قوتابخانە. منداڵەکە دەورە دراوە بە چەندین منداڵ لە تەمەنی خۆیدا. چی دەکەیت لەگەڵ منالەکانی هاوتەمەنی خۆتدا؟ یاری دەکەیت!

لە تەمەنی پێنج یان شەشساڵیدا، قوتابخانە دەبێتە شوێنی سەرەکی یاریکردن بۆ منداڵ. بەپێی تێپەڕبوونی کات منداڵەکە لەگەڵ سیستمی قوتابخانەکە گەشە دەکات. بە شێوەیەکی بنچینەیی جەخت لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و یاری لەگەڵ منداڵانی دیکەدا دەکات بەرلە دەوامی قوتابخانە، لە کاتی دەوام وە لە پاش دەوام و تەنانەت لە ڕۆژانی پشووی کۆتایی هەفتەشدا.

پاشان گەنجەکە قوتابخانە تەواو دەکات و بۆ یەکەمجار دەچێتە سەر کار. یەکەم شت بۆ یەکەمجار دەیبینێت کاتێك سەیری چواردەوری خۆی دەکات

لە کارە تازەکەی خەڵکی دیکەیە لە هەمان تەمەنی خۆیدا. چی دەکەیت لەگەڵ کەسانی دیکە لە تەمەنی خۆتدا؟ یاری دەکەیت!

## کاریگەریی خوو

بەهۆی خووەوە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کارکردن دەبێتە درێژەپێدەری خوێندنگا. دەبێتە جێگەی سەرەکی یاریکردن لە ژیانی گەنجدا. ئەوە مەزندەکراوە کە کەسی ئاسایی بەتەواوی دەستبە کار ناکات هەتا نزیکەی کاتژێر یازدەی بەیانی و هێواش دەبێتەوە و واز لە کارکردنی ئەو ڕۆژە دەهێنێت لە نزیکەی کاتژێر سێ و سی خولەکدا. لەم نێوەندەشدا زۆرینەی کاتەکانی بە یاریکردن و قسەکردن لەگەڵ هاوپیشە و هاوکارەکانیدا بەسەر دەبات. بەڵام ئەمە بۆ تۆ نییە.

بەفیڕۆدانی کات و یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکاندا بەدرێژایی ڕۆژەکە بۆ ئەو کەسانەیە کە داهاتوویەکی ناڕوون یاخود هیچ داهاتوویەکیان نییە. بەڵام تۆ جیاوازیت. بەدەستهێنان و سەرکەوتن لە کارکردن بە خاڵی گەشتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ژیانت دەبینیت.

## هەموو کاتەکانی کارکردنت، کار بکە

لێرە و لەوێ ئەمە یاسایە. هەموو کاتی کارکردنت کار بکە. کاتێک دەچیتە سەر کار، کار بکە. یاری و قسە لەگەڵ هاوکارەکانت مەکە. هەموو پێنج خولەك جارێك سەیری ئیمەیڵەکەت مەکە، یاخود ڕۆژنامە بخوێنیتەوە و ئاگاداری کارو بارە کەسییەکانت بیت. بەدرێژایی کاتەکەت کار بکە. ئەگەر بەڕاستی جددییت سەبارەت بە بەدەستهێنانی

دەرئەنجامی باش ئەوا کەمێك زووتر دەستبە کار بکە. کەمێك زیاتر کار بکە لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا. کەمێك زیاتر بمێنەرەوە. هەنگاوەکانت هەڵبنێ و کەمێك خێراتر بجوڵێ. سەرنجت لەسەر گرنگترین ئەرك و کارەکانت بهێڵەرەوە. کات بەفیڕۆ مەدە.

ئەگەر کەسێك ویستی قسەت لەگەڵ بکات ئەوا پێی بڵێ:" زۆر حەزدەکەم قسەت لەگەڵ بکەم بەڵام دەبێت هەر ئێستا بگەڕێمەوە سەر کارەکەم."

ئەمە دەستبەجێ زۆر کەس ڕادەگرێت. چۆن دەتوانن ڕاتگرن لەوەی کە بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت؟ پێیان بڵێ کە زۆر دڵخۆش دەبیت بە قسەکردن لەگەڵیان بەڵام لە پاش کارکردن وە یاخود لە کۆتایی هەفتەدا.

لە هەمان کاتدا، دروشمی کەسییت بریتییە لە" بگەڕێوە سەر کار! بگەڕێوە سەر کار! بگەڕێوە سەر کار!"

هەروەك دەزانیت ئامانجەکەت ئەوەیە کە ببیتە کەسێکی گرنگ و پەرە بە ناوبانگییت بدەیت بەوەی ببیتە کەسێك کە زۆرترین کاردەکەیت لە کۆمپانیاکەتدا. هەموو کاتی کارکردن کار بکە.

## کەی کار دەکەیت؟

زۆرێك لە خەڵکی وا بیردەکەنەوە لەبەرئەوەی کە لەسەر کارن ئیدی بەڕاستی کار دەکەن. بەڵام تۆ تەنها کاتێك کار دەکەیت کە کارێکی گرنگ دەست پێدەکەیت و کۆتایی پێدەهێنیت. تەنها کاتێك کار دەکەیت کە ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنیت کە کۆمپانیاکەت دەیەوێت و پێویستی پێیەتی بۆ دروستکردن و بەدەستهێنانی بەها و سامان.

کەسانی ئاست بەرز کاتی زیاتر و زیاتر بەسەر دەبەن لە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە نرخ و بەهای بـەرزتریان هەیـە. کەسانی ئاسایی زۆرینـەی کاتەکانیان لە چالاکییەکدا بەسەر دەبەن کە نرخێکی کـەم یـاخود هـیچ بەهایەکی نییە.

هەموو فێرکارییەکان، پەرتوکەکان و کۆرسـەکان دەربـارەی ڕێکخستنی کات یارمەتیمان دەدەن بۆ پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی ئـەم پرسـیارە، "باشترین و بەبەهاترین بەکارهێنانی کاتەکەم لە ئێستادا چیە؟ چۆن بتوانم کاتەکانم بە باشترین شێوە بەکاربهێنم؟"

تواناکەت بۆ پرسین و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی دروست وە پاشان بەکارهێنانی کاتەکەت بە باشترین شێوە زیاد لە هەموو هۆکارێکی دیکە سەرکەوتنت لە کارەکەتدا دەستنیشان دەکات.

## دەستپێبکە و بەردەوامبە

دەتوانیـت زنجیرەیـەك لـە پـلان و شـێواز و تـەکنیك بـەکاربهێنیت بـۆ دەستپێکردن و لە پاشان بەردەوام بوون هەتاوەکو ئەو کارە گرنگـەی کـە لەپێشتە بەئەنجام بگەیەنیت. بۆ ڕێکخسـتنی کاتەکـەت بـە شـێوەیەکی کاریگەر، بەدەستهێنانی زۆرترین دەرئەنجام بەو ئامانجە ڕوونـەت دەسـت پێبکە کە خۆتیان بۆ تەرخان دەکەیت.

هەندێك لە گرنگترین ئەو پرسیارانەی کە دەتوانیـت بەبـەردەوامی و بـە شێوەیەکی ئاسایی بیانپرسیت و وەڵامیان بدەیتەوە ئەمانەن:

١. هەوڵدەدەم چی ئەنجام بدەم؟

٢. چۆن هەوڵدەدەم ئەنجامی بدەم؟

٣. ئەمە بۆ من چۆن دەبێت؟ ئایا ئەو دەرئەنجامانە بەدەستدەهێنم کە من دەمەوێت؟

٤. باوەڕەکانم چین؟

٥. چی دەبێت ئەگەر باوەڕەکانم لەم بوارەدا هەڵەبن؟

٦. ئایا ڕێگایەکی باشتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەرئەنجامانەی کە من دەمەوێت؟

٧. ئەگەر جارێکی دیکە دەستم بەم کارە کردەوە چی شتێکی جیاواز ئەنجام دەدەم؟

هەر کە بەتەواوی دڵنیا بویت سەبارەت بە ئامانجە گرنگەکانی ژیانت ئەوا دەتوانیت زنجیرەیەك لە شێواز و تەکنیکی سەلمێندراو و بەسود بەکاربهێنیت بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە گرنگەکەت لە کاتی خۆیدا.

## ئامرازەکانی ڕێکخستنی کات

بەهێزترین ئامرازەکانی کات ڕێکخستن لیستێکە. بە گرنگترین ئامانج یان ئامانجەکانت دەست پێبکە. پاشان دروستکردنی لیستێك کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. لە کارەکەتدا بە لیستێك دەستپێبکە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەتەوێت لەو ڕۆژەدا بەدەستیان بهێنیت.

بە شێوەیەکی نمونەیی، دەبێت لیستی کارەکەت لە شەوی پێشووتردا دروست بکەیت، لە کۆتایی کارەکانی ئەمڕۆتدا. کاتێك پلانی ڕۆژانە لە شەوێکی پێشتردا دادەنێیت ئەوا بەڕاستی ڕێکخستن بۆ ئامانجە بچوکەکانی ڕۆژانی داهاتووشت دەکەیت. نوسینیان لە ئێوارەی پێشووتردا

وا لە هزری بەئاگاییت دەکات کە کار لەسەر لیستی ئامانجە بچوکەکانت بکەیت لە کاتێکدا کە خەوتویت. زۆرجار بەئاگایت لەگەڵ بیرۆکەیەك و بەرچاوڕوونی نوێدا کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت لە بەدەستهێنانی کارە گرنگەکەت بە شێوەیەکی خێراتر.

ئەگەر نەتوانی شەوی پێشتر لیستەکە ئامادە بکەیت ئەوا پێش هەموو شتێك و یەکەم شت کە لە بەیانیاندا ئەنجامی دەدەیت دەبێت نوسینی پلانەکەت بێت لەسەر پارچە کاغەزێك. هەموو ئەو شتانە بنوسە کە دەتەوێت بەدەستیان بهێنیت لەو ڕۆژەدا. هەموو ئەو شتانە ڕەتبکەرەوە کە لە لیستەکەدا نەت نوسیون تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکی تەلەفونیش بێت. کارکردن بە لیست هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بەرێژەی لە سەدا بیست و پێنج بۆ پەنجا بەرهەمهێنانت زیاد دەکات.

## سەیری ئیمەیڵەکەت مەکە

خۆت ڕابهێنە لەسەر ئەوەی کە یەکەم جار لە بەیانیاندا سەیری ئیمەیڵ و نامەکانت نەکەیت. دەتوانیت داهێنەرییت ( نوێکارییت ) دوو هێندە و سێ هێندە لێبکەیت بە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی ئیمەیڵەکانت. لەبری ئەوە بڕیار بدە لەسەر ئەوەی ڕۆژی تەنها دوو جار سەیری ئیمەیڵ و نامەکانت بکەیت لە کاتژێر یازدەی بەیانی و سێی پاش نیوەڕۆدا.

دەنگی ئەو زەنگانە بکوژێنەوە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت کە ئاگادارت دەکەنەوە لە هاتنی نامە و ئیمەیڵەکان. مەبە بە کۆیلەی هیچ کەسێکی

دیکە کە بەهەرەمەکی قسەت لەگەڵدا دەکات لەسەر ئەو کێشانەی کە زۆربەی کات دەتوانێت چاوەڕێبکات هەتا کاتێکی درەنگتر.

## لەپێشینەکان لە لیستەکەتدا دابنێ

هەر کە لیستەکەت و شتە گرنگەکانی ئەو ڕۆژەت ئامادەکرد ئەوا لەپێشینەکان بۆ لیستەکەت بە سێ ڕێگا و شێوازی جیاواز دابنێ پێش ئەوەی دەستبە کار بکەیت. ئەمەش خۆڕاهێنان و خوویەکی دیکەیە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرهەمهێنان و بەئەنجام گەیاندنی کارەکانت زیاتر دەکات.

یەکەم یاسای ٢٠ /٨٠ جێبەجێ بکە بۆ کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەت. لەبیرت بێت کە لە سەدا هەشتای ئەنجامەکانت بەهۆی لە سەدا بیستی بڕگە و مادەکانی لیستەکەتەوە بەدەست دەهێنیت. ئەگەر لە ڕۆژێکدا دە شتت هەبێت بۆئەوەی ئەنجامی بدەیت ئەوا دوو دانە لەوانە لە هەشت دانەکەی دیکە گرنگتر و بەنرختر بن، ئەو دوو شتە چین؟

## شێوازی ( ئەی، بی، سی، دی، ئی )

ئەم شێوازە بەکاربهێنە بۆ پۆلێنکردنی ئیش و کارەکانت. بیرۆکەی دەرئەنجامەکان بۆ هەر چالاکییەك جێبەجێ بکە. لە ڕێکخستنی کاتدا، ئەو شتەی کە گرنگە دەرئەنجامێکی شاراوەی گرنگی هەیە. ئەو شتانەی کە گرنگ نین دەرئەنجامی کەم یاخود هیچ دەرئەنجامێکیان نییە. بەرلەوەی کار بکەیت، بیر بکەرەوە.

ئەی = پێویستە ئەنجامی بدەیت: ئەمانە دەرئەنجامی شاراوەی گرنگن بۆ ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی ئەم کارە. پیتی ئەی لە تەنیشتی هەموو بڕگە گرنگەکانی لیستەکەتدا دابنێ.

بی = دەبێت ئەنجامی بدەیت: ئەمانە دەرئەنجامی تا ڕادەیەك گرنگن بۆ کردن یاخود نەکردن بەڵام هاوشێوەی کارەکانی ئەی گرنگ نین.

سی = باشە کە ئەنجام بدرێت: لێرەدا دەرئەنجامەکان بوونی نییە ئەگەر پشوویەکی قاوە خواردنەوەت هەبێت، قسە لەگەڵ هاوکارەکەت بکەیت وە یاخود سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت.

دی = پێدان: پێویستە وتووێژی هەموو ئەو شتانە بکەیت کە بە شێوەیەکی گونجاو دەتوانیت تەنانەت ئەو کارانەی کە حەزیان پێدەکەیت و خۆشی لە ئەنجامدانیان دەبینیت. بۆئەوەی کاتی زیاترت بۆ بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە دەتوانیت بە باشترین شێوە ئەنجامیان بدەیت و زیاتر گرنگن بۆت.

ئی = نەهێشتن: بەئەنقەست بوەستە لە ئەنجامدانی ئەو کار و چالاکیانەی بەها و نرخیان کەمە یاخود هیچ بەهایەکیان نییە.

هەر کە یەکێك لەو پیتانەت دانا لە تەنیشتی هەر ئەرکێکەوە پیایدا بچۆرەوە ئەی-١ ، ئەی-٢ ، ئەی-٣ لە تەنیشت گرنگترین ئەرکەکانی ( ئەی )دا دایبنێ. پاشان بە هەمان شێوە لەگەڵ بی-١، بی- ٢، بی- ٣ وە هەتا دوایی. یاساکە ئەوەیە کە هەرگیز نابێت ئەرکی( بی ) ئەنجام بدەیت لە کاتێکدا ئەرکێکی( ئەی ) ماوە بە تەواونەکراوی. دەستبەجێ لەسەر ( ئەی ) دەستبەکاربەرەوە. هەر کە بڕیاری ئەم ڕیزکردنی

لەپێشینانەتدا هەموو ئەرکەکانی دیکەی لیستەکەت بەفیڕۆدانی کاتە بە بەراورد لەگەڵ ئەرکی ( ئەی-١ ) دا. واتە سەرەتا دەبێت ئەرکی( ئەی-١ ) بەئەنجام بگات.

بەپیرۆوی یاسای لە سەدا حەفتا بکە. ئەگەر هەرکەسێکی دیکە توانی ئەم لە سەدا حەفتایە وەك تۆ بەئەنجام بگەیەنێت ئەوا ئەم ئەرکە بۆ ئەو بەجێبهێڵە. بەهۆی ناوچەی پاڵدانەوەوە ڕاهاتوین لەسەر ئەنجامدانی ئەو شتانەی بەها و نرخیان کەمە و جارێك لە ڕابردوودا ئەنجاممانداوە. بەڵام ئیدی ئەو شتە گرنگ نییە بۆ ئەو دەرئەنجامانەی کە پێشبینیکراوە بەدەستیان بهێنین. جەخت بکەرەوە لەسەر ئەرکەکانی ( ئەی ) یەك لەدوای یەك هەتاکو تەواو دەبن.

## یاسای سێ کارەکە

یەکێك لە بەهێزترین و بەبەرهەمترین ئامرازەکانی ڕێکخستنی کات پێکدێت لە یاسای سێ کارەکە. ئەم یاسایە دەڵێت تەنها سێ کار هەیە کە ئەنجامی دەدەیت بەرپرسن لە لە سەدا نەوەدی بەهای ئەو شتەی کە دەیبەخشیت بە خۆت و کۆمپانیاکەت. هەموو ئەو شتانەی دیکە کە ئەنجامیان دەدەیت دەکەونە ئەو لە سەدا دەی دیکەوە.

لەگەڵ کڕیارەکانمدا، داوایان لێدەکەم کە لیستێك لە هەموو ئەو کارە بچوك و گەورانە پێکبهێنن کە لە کۆرسی هەفتانە و مانگانەدا ئەنجامی دەدەن. زۆرینەی خەڵکی نزیکەی بیست بۆ سی کار دەنوسن. هەندێکی دیکە بە لیستێکی پەنجا بۆ شەست کارەوە دێنەوە. هەر کە لیستی کارەکانت دروستکرد سێ پرسیارە جادووییەکە لە خۆت بکە:

١. ئەگەر بتوانم بەدرێژایی ڕۆژەکە یەك شتی ناو لیستەکەم ئەنجام بدەم ئەوا کام یەك لە چالاکییەکان گەورەترین بەها دەدات بەخۆم و کۆمپانیاکەم؟ ئەو وەڵامەی بەخێرایی لە کاغەزەکە دێتە دەرەوە هەمیشە وەڵامێکی ڕوون و دیارە. وە دەبێت تۆ ئەم وەڵامە بزانیت ئەگەر هەرشتێك بێت. ئەستەمە بتوانیت کارێکی داهێنەرانە و بەبەرهەم بکەیت هەتاکو بەتەواوی ڕوون و دیار دەبیت سەبارەت بە بەنرخترین شت کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

## سەرەکیترین شت بکە بە سەرەکیترین ئەرکت

کاتێك مەشقی پلانێکی سراتیژیی کەسیم ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورەدا. هەستی دەکرد بەتەواوی دڵنیایە سەبارەت بە گرنگترین شت کە دەتوانێت بەدرێژایی ڕۆژەکە ئەنجامی بدات.

بەڵام کاتێك زیاتر باسمان کرد وا دەرکەوت بەتەواوی هەڵەیە. بەدڵنیاییەوە ئەوە کارێکی زۆر گرنگ بوو بەڵام کاری ئەو نەبوو بیکات. بەنرخترین شت لەو کاتەدا دەبوایە ئەو بیکات شتێکی تەواو جیاواز بوو.

ئەم زانیارییە بەتەواوی کارەکەی و ئاڕاستەی کۆمپانیاکەی گۆڕی. بەجێبەجێکردنی سێ کارەکە لەماوەی دوازدە مانگی داهاتوودا کۆمپانیاکە فرۆشتن و قازانجی دوو هێندە لێکرد.

٢. ئێستا لە خۆت بپرسە، "ئەگەر بتوانم بەدرێژایی ڕۆژ دوو شت لە لیستەکە ئەنجام بدەم ئەوا ژمارە دوو چی دەبێت؟"

هەمیشە ئەمە کارێکی ئاسان نییە بۆ دیاریکردن. زۆربەی جار پێویستە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت و هاوپیشە و هاوکارەکانتدا دابنیشیت و زانیاریان

لێوەربگرێت. شتێکی ئاساییە بۆت کە بڕیار بدەیت لەوەی کە ئەرکێك بۆت گرنگە بەڵام لای بەڕێوەبەرەکەت یاخود هاوکارەکانت شتێکی تر کە ئەنجامی دەدەیت زۆر گرنگترە.

٣. ئێستا سێیەم پرسیاری جادوویی لە خۆت بکە، "ئەگەر من بتوانم تەنها سێ شت لەم لیستە ئەنجام بدەم ئەوا سێیەم گرنگترین کار چی دەبێت؟"

دیسانەوە ئەگەر دڵنیانییت ئەوا پرسیار لە کەسانی دەوروبەرت بکە. بۆ هەندێك کەس وەڵامەکان ڕوون و ئاشکران هەر کە پرسیارەکەت کرد بەڵام بۆ هەندێکی دیکە وەڵامەکان ڕوون نین. بەڵام تۆ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانیت. ئەگەر نەزانیت ئەوا تۆ لە مەترسیدایت بەوەی کە کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت بە کردنی ئەو شتانەی کە نرخ و بەهایان کەمە یاخود هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە.

## چوار دەرئەنجامەکەی یاسای سێ کارەکە

هەر کە سێ ئامانجە گەورەکەت دیاریکرد ئەوا دەستورە سادەکە پەیڕەو بکە بۆ دوو هێندە و سێ هێندەکردنی بڕی بەرهەمەکەت.

١. شتی کەمتر ئەنجام بدە. ڕاستییەکە ئەوەیە هەرگیز دەست هەڵنەگریت. هەرگیز ناتوانیت هەموو ئەو شتانە بکەیت کە پێویستە بەئەنجامیان بگەیەنیت. تاکە ڕێگە دەتوانیت کۆنتڕۆڵی ژیانتی پێبکەیت ئەوەیە بوەستیت لە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە بەهایان کەمە.

٢. شتی گرنگتر ئەنجام بدە. کار لەسەر یەکێك یاخود سێ لە گرنگترین کارەکانت بکە.

٣. زۆرینەی کات کارە گرنگەکانت بەئەنجام بگەیەنە. ئەگەر بۆت گونجا ئەوا تەواوی ڕۆژەکەت لەو کارانەدا بەسەرببە.

٤. باشتربە لە ئەنجامگەیاندنی هەریەکە لە گرنگترین کار و ئەرکەکانت. فێربوونی بەردەوام و گەشەپێدانی کەسییت زۆر پێویستن بۆ سەرکەوتنت بەڵام لە کام بوارانەدا؟ وەڵام: باشتربە لە بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکان لەو ئەرکانەی کە زیاتر لە هەرشتێکی دیکە گرنگترن.

## ئەو پرسیارانەی دەبێت بیان بکەیت

یەکێك لە باشترین پرسیارەکان بۆ ڕێکخستنی هەموو کاتەکەت ئەوەیە: کام ئەرکەیە کە ئەگەر بەباشی ئەنجامی بدەم دەتوانێت جیاوازییەکی گەورەی ئەرێنی لە کارەکەمدا دروست بکات؟"

هەمیشە وەڵامێك هەیە بۆ ئەم پرسیارە. تۆ دەتوانیت چی بکەیت بەباشی بۆئەوەی بەئەنجام بگات و جیاوازی ڕاستەقینە دروست دەکات؟

وەڵامەکەت بۆ ئەم پرسیارە هەرچیەك بێت پێویستە زۆرینەی کات کار لەسەر ئەوە بکەیت. ئەمە دەکرێت هەمیشە یەکێك بێت لە سێ ئامانجە گەورەکەت.

پێداچونەوە بە لیستی کارو چالاکییەکانی ڕۆژەکەتدا بکە و ئەم پرسیارە بکە:" ئەگەر بانگ بکرێم بۆ دەرەوەی شار بۆ ماوەی مانگێك وە تەنها بتوانم یەك شت لەو لیستەدا ئەنجام بدەم. کام یەك لەم ئەرکانەم دەوێت کە بەدڵنیاییەوە تەواوی بکەم؟" وەڵامەکەت بۆ ئەو پرسیارە هەرچیەك بێت

هەر لە بەرەبەیانەوە پێویستە دەست بە کارکردن بکەیت لەسەر یەکەم شت.

## کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی دواخستنی کارەکانت

تواناکەت بۆ زاڵبوون بەسەر کەمتەرخەمی و دواخستنی گرنگترین ئەرکت یەکێکە لە گرنگترین کارەکان کە دەتوانیت پەرەی پێبدەیت.

هەموو کەسێك کەمتەرخەمی دەکات و هەندێك لە شتەکان پشتگوێ دەخات. کەسانی داهێنەر و ئاستبەرز هەروەك کەسانی دیکەی ئاست نزم کەمتەرخەمی دەکەن و شت پشتگوێ دەخەن. بەڵام جیاوازییەکەیان چیە؟ وەڵامەکە ئەوەیە کەسانی داهێنەر و ئاست بەرز ئەو شتانە پشتگوێ دەخەن کە نرخ و بەهایان کەمە. بەبەردەوامی ئەو شتانە پشتگوێ دەخەن کە تەنانەت نایانەوێت لە داهاتوشدا ئەنجامی بدەن. کەسانی ئاست نزم شتە گرنگ و بەبەهاکان پشتگوێ دەخەن. ئەو ئەرکە کەمانەی کە دەتوانن هەموو جیاوازییەك دروست بکەن لە کارەکانیان و کۆمپانیاکانیاندا.

لێرەدا چەند ڕێگای سەلمێندراو دەخەینە بەردەست بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی کەمتەرخەمی:

١. لیستێك دروست بکە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە ئەنجامیان بدەیت هەموو ڕۆژێك بەرلەوەی دەست بەکار بیت. هەروەك پێشتر بەوردی باسمان لێوەکرد.

٢. گرنگترین ئەرکت وەربگرە و لیستێك دروست بکە لە هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن لە تەواوکردنی ئەو ئەرکە دیاریکراوەدا.
٣. شێوازی زنجیرە کارێکی بچوك پەیڕەو بکە. بەشێك لە ئەرکێکی مەزن وەربگرە و بەتەنها ئەوە ئەنجام بدە. هەمیشە ئەمە بەرەو دەستپێکردنی پرۆژەکە دەتبات وە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن نامێنێت.
٤. تەکنیکی بچوك کردن و بەشکردنی کارەکان بەکاربهێنە. یەك بەش لە ئەرکە گرنگەکەت هەڵبژێرە و بڕیاری تەواوکردنی ئەو کردارە بەخێرایی بدە. زۆربەی کات ئەوە بەربەستی کەمتەرخەمییەکانت تێکدەشکێنێت و دەتبات بەرەو دەستپێکردنی ئەرکێکی گەورەتر.
٥. خەڵاتی خۆت بکە. هەندێك خەڵاتی تایبەت بە خۆت بدە لە پاش تەواوکردنی ئەرکە سەرەکییەکەی لیستەکەت وەك خواردنەوەی قاوەیەك یاخود پشوویەکی کورت.
٦. لە دە خولەکدا کارەکەت دەست پێبکە. لەبری ئەوەی نیگەران بیت سەبارەت بە تەواوکردنی هەموو ئەرکەکە. بڕیار بدە بۆئەوەی بەو پەڕی خێراییەوە کار بکەیت بۆ ماوەی دە خولەك تا دەست پێدەکەیت.
٧. کاتێك دەست بەکار دەبیت با هەموو ئەو شتانەت هەبێت کە پێویستن. هەمیشە ئامادەکاری بۆ کارکردن دەتخاتە نێو خودی کارەکەوە.
٨. یاسای ٢٠ /٨٠ بۆ ئەرکە گەورەکان جێ بەجێ بکە. ئەم یاسایە دەڵێت لە سەدا بیستی یەکەمی هەر کارێك نرخ و بەهای لە سەدا هەشتای هەموو کارەکە لەخۆ دەگرێت. لە سەدا بیستی کارەکەت

بەئەنجام بگەیەنە بەباشی، ئەوا هەمیشە لەو کارەدا سەرکەوتوو دەبیت و کەمتەرخەم نابیت.

کلیلی سەرکەوتن لە کارەکەتدا تەواوکردنی کارەکەیە. هەرلەبەرئەمەیە رەنگە بەهێزترین تەکنیکی رێکخستنی کات، کارکردن بەتەنهایە لەسەر ئەرکێك. ئەمەش واتە هەر کە دەستت کرد بە کارکردن لەسەر گرنگترین ئەرکت ئەوا خۆت رادەهێنیت لەسەر ئەوەی کە لە سەدا سەد سەرنج و دیقەتت بخەیتە سەر ئەو کارە هەتاکو کۆتای دێت.

## دەستپێکێکی باش، بەجێگەیاندنی نیوەی کارەکەیە

خووی دەستپێکردن و تەواوکردنی کارە گرنگەکەت یەکەم شت و هەموو بەیانیانێك دەبێتەهۆی گۆڕینی ژیانت. بەئەنجامگەیاندنی کارەکەت دەبێتەهۆی دەردانی ئیندرۆفین لە مێشکدا ( دەرمانە دڵخۆشەکەی سروشت.) ئەم ئیندرۆفینانە دەبنەهۆی زیادکردنی داهێنانەکانت، بەرەوپێشچوون و باشترکردنی کەسایەتییت و هاندان و ووزەت پێدەدەن. وات لێدەکەن هەست بە بەهێزی زیاتر بکەیت.

کاتێك بەیانیان یەکەم شت دەست بە کارێك دەکەیت و بەئەنجامی دەگەیەنیت ئەوا خۆت دەخەیتە بوارەکەوە. لەڕاستیدا، لە ئاستێکی بەرزتر و بە کوالێتییەکی باشەوە کار دەکەیت و بەخێرایی ئەنجامی دەدەیت.

## جەخت لەسەر ئەنجامەکان بکەرەوە

بەردەوامبە لە پرسیارکردنی،" کام لە دەرئەنجامەکان پێشبینیکراون بۆم؟" وە هەموو ئەو دەرئەنجامە شیاوانەی کە دەتوانیت بەدەستیان بهێنیت، گرنگترین شت چیە پێویستە بەباشی و بەخێرایی ئەنجامی بدەیت کە گەورەترین جیاوازی لە کارەکەتدا دروست دەکات؟ وەڵامەکە هەرچییەك بێت بۆ ئەم پرسیارە دەستبەجێ دەست بکە بەو کارە و بەردەوامبە هەتاکو کۆتای دێت. پەرەدان و بەرەوپێشبردنی ئەم خووە وات لێدەکات زۆر بەخێرایی ببیتە کەسێکی گرنگ و پلە بەرز لە کار و پیشەسازییەکەتدا.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. لەسەر کاغەز بیر بکەرەوە. شتەکان بنوسە. هەمیشە و هەموو کات لەسەر خشتە وە یان باشترە بە لیستێك کار بکەیت.

٢. سێ ئەرکە گەورەکەت دەستنیشان بکە. ئەو ئەرکانەی کە لە سەدا نەوەدی گرنگی و بەهاکانی تۆ بۆ خۆت و کۆمپانیاکەت دیاری دەکەن.

٣. خۆت ڕابهێنە لەسەر ئەوەی کە بەیانیان دەستبەجێ کار لەسەر گرنگترین و بەنرخترین ئەرکت بکەیت. پاشان بەردەوامبە هەتاکو ئەو ئەرکە سەد لە سەد تەواو دەبێت.



Scanned by TapScanner

بەشی شەشەم

## بیرکردنەوەی ئەرێنی X بیرکردنەوەی نەرێنی

" خۆت بە بەرپرسیار بزانە لە ئاستێکی بەرزدا زیاتر لەوەی کە خەڵکی دیکە چاوەڕوانییت لێدەکەن. هەرگیز بەهانە بۆ خۆت مەدۆزەرەوە. هەرگیز بەزەییت بەخۆتدا نەیەتەوە. ببە بە مامۆستا و ڕابەرێکی توند لەگەڵ خۆتدا بەڵام بۆ هەمووانی دیکە کەسێکی لێبوردە و نەرمو نیان بە."

( هێنری وارد بیچە )

فەیلەسوفی مەزن ئەرستۆ لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار چڕوپڕی کرد لەسەر بارودۆخی مرۆڤ کە هیچ کەسێکی دیکە لە مێژوودا نەیکردووە. ئەوەی بۆ دەرکەوت گەورەترین ئامانج لە ژیانی مرۆڤدا کە هەوڵی بۆ داوە، دڵخۆشی بووە. دەڵێت هەموو ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامیان دەدات مەبەستی تیایاندا بەدەستهێنانی دڵخۆشیی زیاترە. ئیدی تاکەکان بە هەر جۆرێك پێناسەی بکەن.

دەتەوێت کارێکی باشت دەست بکەوێت. بۆچی؟ بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر. بۆچی؟ بۆئەوەی ژیانێکی باشتر بۆ خۆت و خێزانەکەت دابین بکەیت و خۆشی ببینیت لە ژیانت. بۆچی؟ بۆئەوەی بیمە و پارێزگاری کەسی و دارایی بەدەست بهێنیت. بۆچی؟ کەواتە دەتوانیت دڵخۆش بیت.

پێوانە ڕاستەکە

پێوانەی ڕاستی سەرکەوتن لە ژیاندا بریتییە لەوەی کە چەندە دڵخۆشییت لە ژیاندا. ئەگەر دەوڵەمەندی، ناوداری، بەهێزییت بەڵام دڵخۆش نییت ئەوا تۆ شکستت هێناوە وەك مرۆڤێـك لـە بەرپرسیاریەتی بنچینەیی بەرامبەر بە خـۆت. هـەموو مرۆڤێـك بـە شـێوەیەك كـار دەكـات کـە مەبەستی بەدیهێنانی دڵخۆشیی زیاترە.

ئیدی هەرچۆنێك پێناسەی بکات. ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە هـەموو کردارێك بەرەو دڵخۆشی دەڕوات. زۆرێك لـە خـەڵکی بەتـەواوی ژیـانی خۆیان جەنجاڵ دەکەن بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دڵخۆشی وە هەمیشە لە کۆتاییدا خەمبار و بێزارتر دەبن لـەوەی کـە ئەگـەر هـیچ شتێکیان ئەنجامنەدابایە.

ئەوانە نمونەن بۆ یاسای دەرئەنجامە نەخوازراوەکان و یاسـای دەرئەنجامـە پێچەوانەکان. هەستە ئەرێنییـەکانی خۆشەویسـتی، خۆشـی، ئاشـتی و ئاسایش و سەرکەوتن و ئەو هەستەی کە تەواوی توانا شاراوەکانت دەکاتە ڕاستی ئەو هەستانەن کە هەمووان هەمیشە و هەموو کات دەیانەوێت و ئامانجیانە بەدەستی بهێنن.

## کەسانی سەرکەوتوو چی ئەنجام دەدەن

کەسانی سەرکەوتوو هەمیشە بیرکردنەوەی ئەرێنییانە پەیڕەو دەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە دڵخۆشتر، ڕوخۆشتر، ناودارترن و خۆشی زیاتر لە ژیان دەبینن وەك لە کەسانی ئاسایی.

پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەرێنی بیرکردنەوەی نەرێنییە. ئەو کەسانەی کە نەرێنییانە بیردەکەنەوە هەمیشە مەیلی گومان و نەیاری دەکەن. زۆرینەی

کات، گومانیان هەیە لە ئەوانی دیکە و پێشبینی شتی خراپ و نەرێنی دەکەن کە ڕوو بدات بۆیان.

کەسایەتییەکی نەرێنییان هەیە و بە نەرێنی هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان و ئەو کەسانە دەکەن کە لە دەوروبەریاندان. هەرچییەك ڕووبدات ئەوان بەدەگمەن هیچ دڵخۆش و قایل نابن. ژیان بۆ ئەوان بریتییە لە زنجیرەیەك کێشە و دژواری کە وا هەستدەکەن هیچ شتێك نییە بۆئەوەی ئەمان بیکەن و کۆنترۆڵیان کەمە.

چەند ساڵێك بەرلە ئێستا، کاتێك ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد،" بۆچی هەندێك خەڵك زیاتر سەرکەوتوو و دڵخۆشترن لە کەسانی دیکە؟" دەستم کرد بە بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان هەستە ئەرێنی و نەرێنییەکان ئەوەی کە بۆم دەرکەوت بۆ هەمیشە و بەتەواوی ژیانمی گۆڕی.

## دۆزینەوە مەزنەکە

ئەوەی کە دۆزیمەوە ئەوە بوو، هەموو کەس دەیەوێت دڵخۆش بێت بە هەرجۆرێك کە خۆی پێناسەی بۆ دەکات. سەرەکیترین کۆسپ لەنێوان کەسێك و ئەو دڵخۆشییەی کە دەیەوێت تەنها هەستە نەرێنییەکانە.

هەستە نەرێنییەکان بنچینەی هەموو کێشەکانن لە ژیانی مرۆڤدا. ئەگەر ڕێگایەك هەبێت بۆ کۆتایهاتنی هەستە نەرێنییەکان ئەوا دەکرێت زۆرینەی کێشەکانی مرۆڤایەتی لە ڕەگ و ڕیشە دەربهێندرێن.

ڕێگەیەك هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەمە. سروشت ڕقی لە بۆشاییە. کاتێك هەستە نەرێنییەکانت لە مێشکت دەردەهێنیت ئەوا بە شێوەیەکی

ئۆتۆماتیکی هزرت پڕ دەبێت لە هەستە ئەرێنییەکان. کاتێک هەستە نەرێنییەکانت وەلا دەنێیت ئەوا دەبیتە کەسێکی تەواو چالاک و کردار ڕاپەڕێنەر. کاتێك هەستە نەرێنییەکانت لە ڕیشەوە دەردەهێنیت ئەوا دەتوانیت توانا شاراوەکانت بەتەواوی بەدەر بخەیت. کەواتە سەرەکیترین کاری ژیان نەهێشتن و لەناوبردنی هەستە نەرێنییەکانە.

## بیرۆکەیەك لە یەك کاتدا

هزرت لە توانایدایە تەنها یەك بیرۆکە هەڵبگرێت لە یەك کاتدا، ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی. ئەگەر بەئەنقەست بیرۆکە یان هەستی ئەرێنی جێبەجێ نەکەیت ئەوا بیرۆکە و هەستە نەرێنییەکان مێشکت پڕ دەکەن لانیکەم هەر لە سەرەتاوە. هەستە نەرێنییەکان زۆر ئاسان و ئۆتۆماتیکین.

لەڕاستییدا، بیرکردنەوەی ئەرێنی پێویستی بە ڕەنج و ئیرادە هەیە هەتاوەکو دەبێتە وەڵامدانەوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ ژیان و بارودۆخەکان. خۆشبەختانە، دەتوانیت لە ڕێگەی فێربوون و جێبەجێکردنەوە ببیتە کەسێکی تەواو ئەرێنی.

خاڵی دەستپێك بۆ کۆتایهێنان بە هەستە نەرێنییەکان ئەوەیە کە بزانیت ئەم هەستانە سەرەتا لە کوێوە سەرچاوە دەگرن. هەواڵە باشەکە ئەوەیە هەموو منداڵێك بەبێ بوونی ترس و هەستی نەرێنی لەدایك دەبن.

هەموو ترس و هەستە نەرێنییەکان لە ساڵانی داهاتووی ژیاندا فێری منداڵ گەورەکە دەکرێن. وە هەر لەبەرئەوەی هەستی نەرێنی دەکرێت

فێری ببێت ئەوا دەشتوانێت فێری نەبێت. لەبەرئەوەی هەستە نەرێنییەکان خوویەکی هەمیشەیین بۆ وەڵامدانەوە و کاردانەوەی خەڵکی و بارودۆخەکان. دەتوانرێت بە خووی باش و بەسود بۆ وەڵامدانەوە و کاردانەوە جێگایان بگیرێتەوە.

ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێت:" زۆرینەی خەڵکی تەنها هێندە دڵخۆشن کە بڕیار دەدەن دڵخۆش بن."

## منداڵە تازە لەدایک بووەکە

منداڵان کە لەدایک دەبن دوو خاسیەتی سەرسوڕهێنەریان هەیە ئەوانیش بێترسی و سروشتین ( بەبێ بیرکردنەوە کردار دەکەن.) منداڵی تازە لەدایک بوو تەواو بێترسە. منداڵ لە کاتی گەشەکردندا دەکرێت هەموو شتێک دەست لێبدات، تاقی بکاتەوە، تام بکات هەرچەندە ترسناکیش بێت ئەو شتە.

دایک و باوک دەبێت چەند ساڵێک لە ژیان تەرخان بکەن بەتایبەت لە ساڵانی سەرەتای ژیانی منداڵەکانیان تاوەکو منداڵەکانیان لە خۆکوشتن بپارێزن. هەروەها منداڵ بونەوەرێکی سروشتییە و لەخۆوە کار دەکات. دەگرین، پێدەکەنن، خۆیان پیس دەکەن، هەستەکانیان دەردەبڕن بەبێ هیچ سنورێک ڕۆژانە بۆماوەی بیست و چوار کاتژێر. منداڵەکان هیچ نیگەرانی وەڵام و کاردانەوەکانی ئەوانی دیکە نین و هیچ گرنگییەکی پێنادەن.



Scanned by TapScanner

## ترس له شکست یان ڕەخنە

له تەمەنی هەرزەکاریدا و بەهۆی ئەو هەڵانەی دایـك و بـاوك ئـەنجامی دەدەن منداڵـەکان دوو جـۆر ترسـی سـەرەکییان تێـدا سـەر هەڵـدەدات ئەوانیش ترس له شکست و ترس له ڕەخنەگرتنن. کاتێك دایك و باوك له هەوڵی سنوردارکردنی ڕەفتـارێکی منداڵەکانیانـدان دەڵـێن:" نـەخێر، بوەستە! ئەوە نەکـەیت. لـەوێ بـڕۆ! تەنانـەت خـراپتریش لـەوە سزایی جەسـتەیی دەدەن بـەهۆی ئـەو دەربڕینـە بێترسـەی لـە جیهانەکەیـدا دەیکات." دەستبەجێ منداڵەکە باوەڕێکی وای لا دروست دەبێت کە ئەم کەسێکی کەم یاخود ناکارامەیە. هەر زوو منداڵەکـە واز دەهێنێـت لـە گەشتن بەرەو تاقیکردنەوە و هەوڵدانی بۆ شتی نـوێ دەست دەکـات بـە گوتنی" ناتوانم، ناتوانم، ناتوانم." کاتێك ڕووبەڕووی شتێکی نوێ یـاخود جیاواز دەبێتەوە.

ئەم هەستەی کە دەڵێن" ناتوانم" هەر زوو دەگۆڕێت بۆ ترس لە شکست. هەروەك له هەرزەکارییدا، دەبێتەهۆی لەدەستدان و هەژاریی. هەرزەکاران لـە لەدەسـتدانی پـارە و کـات، لەدەسـتدانی ئاسـایش و پـارێزراوی، هاوڕابوون، لەدەسـتدانی خۆشەویسـتی کەسـێکی گـرنگ، لەدەسـتدانی لەشساغی و ئەگەرەکانی هەژاریی دەترسن. ئـەم ترسـە گشـتگیرییە لـە شکست دەبێتەهۆی وەستاندن و کپکردنەوەی توانا شاراوەکانی منـداڵ و گەنج. ئەوە یەکێکە لە بەربەستە هەرە گەورەکانی سەرکەوتن لـە ژیـانی گەنجدا.

## ترس لە ڕەخنەگرتن

گەنجەکان بەزوویی سروشتە خۆییەکانیان لەدەست دەدەن. لە ئەنجامی هەڵەکانی دایك و باوکەوە و بەتایبەتیش خۆشویستن و گرنگی پێدانیان بکەنە هۆکارێك بۆ ئەو شتانەی کە ئەمان دەیانەوێت منداڵەکانیان ئەنجامی بدەن. ئەمەش وا دەکات منداڵەکە هەر زوو ترسی ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی لەلا دروست بێت.

کاتێك دایك و باوك لە منداڵەکانیان تورە دەبن و هەڕەشەیان لێدەکەن بە ڕازینەبونیان ئەگەر منداڵەکە ئەو شتە ئەنجامنەدات ئەمان دەیانەوێت ئەوا منداڵەکە بیر دەکاتەوە لەوەی" من پێویستە ئەوە ئەنجام بدەم کە دایك و باوکم دەیانەوێت ئەگەرنا ئەوان منیان خۆشناوێت."

لەبەرئەوەی بۆ منداڵ خۆشەویستی و ئاسایش لەلایەن باوانەوە گرنگترین شتن لەلایان بۆیە هەر هەڕەشەیەك ببێتەهۆی لەدەستدانی ئەم خۆشەویستییە ئەوا دەیانترسێنێت وە دەبێتەهۆی دورکەوتنەوە و وازهێنان لە هەر ڕەفتارێك کە ئەم لەدەستدانە دروست دەکات.

## نەهێشتنی خۆشەویستی

بە شێوەیەکی گشتی دەرونزانەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زۆرینەی کێشەکان لە ژیانی کەسی پێگەشتودا لە ئەنجامی نەهێشتن و کەمکردنەوەی خۆشەویستییەوە بوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە. بەهێزترین ڕێگا بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی گەنج لە بێبەشبوونی خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت یاخود پێدانی خۆشەویستی و پاشان

کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو خۆشەویستییە لە کاتێکدا کەسەکە هێشتا منداڵە.

منداڵ پێویستی بە خۆشەویستی هەیە هەروەك چۆن گوڵ پێویستی بە باران و ئاو هەیە. بەبێ بوونی خۆشەویستییەکی بێمەرج و دروست و بەردەوام و بێ کۆتا، منداڵ لەڕووی هەست و سۆزەوە بە شێوەیەکی لاواز گەورە دەبێت و هەر زوو دەبێتە کەسێکی هەستیار و کارلێکراو بە هەستە نەرێنییەکان. ئەلیکساندەر پۆپ دەڵێت:" هەر کە چڵ و پۆپەکان چەمانەوە، درەختەکەش لاردەبێتەوە." منداڵێتی نەرێنی دەبێتەهۆی گەنجێتی نەرێنی.

## کەموکوڕتی و پێداویستییەکان

ئەبراهام ماسلۆی دەرونزان کە لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوازی کەسایەتی خەڵکانی خوود بەدیهێنەر کردووە بۆی دەرکەوتووە لە سەدا نەوەد و هەشتی کەسانی پێگەشتوو بەڕێوە دەبرێن لەلایەن ئەو شتەوە کە پێیدەوترێت کەمی پێداویستی. لەبری هەوڵدان بۆ ئاشکراکردن و زانینی تەواوی توانا شاراوەکانیان بەدرێژایی ژیانیان تێدەکۆشن بۆ قەرەبووکردنەوی هەستە کەمەکانیان وە بەتایبەتیش ئەوانەی کە بێبایەخن وە ئەو هەستەی کە بە خۆیان بڵێن" من بە ئەندازەی پێویست باش نیم."

هەروەها دەشڵێن تەنها لە سەدا دووی گەنجەکان ئەزموونی پێویست بوون دەکەن ئەمەشی وەك ویست و باوەڕبەخۆبوون پێناسەکردووە بۆ پەرەدان و

ئاشکراکردنی تەواوی توانا شاراوەکانیان لە ژیاندا. وە ئەم کەسانەی بە خۆ بونیادنەری کۆمەڵگا ناوزەند کردووە و ئەمانە خاسیەتی بەرزی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خوودیین.

## مێتافیزیکە ڕووسەکان

زیاد لە سەد ساڵ بەرلە ئێستا مێتافیزیکەکانی ڕوسیا پیتەر ئۆسپێنسکی و جۆرج گۆردیجی پەرەیاندا بە سیستەمێکی فێرکردن بۆ یارمەتیدانی قوتابییەکان لە دەستنیشانکردن و نەهێشتنی هۆکارەکان و سەرچاوەکانی هەستە نەرێنییەکان تیایاندا. هەروەك دەرونزانەکانی سەردەم ئەوانیش بەو دەرئەنجامە گەشتن کە ئەگەر هەستە نەرێنییەکان نەهێڵدرێن و ڕیشەکێش بکرێن ئەوەی کە دەمێنێتەوە کەسێکی تەواو پێگەشتوو، کارامە، ئەرێنی و خۆبەدیهێنەرە. گەیشتن بەم ئاستە دەکرێت ئامانجی زۆرینەی خەڵکی بێت لە ژیاندا.

کەواتە، ئەوانە چین کە بنچینە و هۆکاری هەستە نەرێنییەکانن لە ژیانی کەسانی پێگەشتوودا؟ چەندین هۆکار هەن، با پێکەوە یەك لەدوای یەك لێیان بکۆڵینەوە:

## بنچەی هەستە نەرێنییەکان

١. بەهانەهێنانەوە. هەستە نەرێنییەکان کاتێك دروست دەبن هەوڵدەدەین بۆ ڕونکردنەوەی بارودۆخێك یاخود ڕەفتارێك لە ژیانماندا کە بۆ ئێمە ناخۆشە. بەهانەهێنانەوە پێناسەکراوە بە دانانی لێکدانەوەی باش و پەسەند لەسەر کردارێکی پێچەوانە و ناپەسەند.

هەوڵدەدەین بەهانە و ڕونکردنەوە بۆ ڕەفتارە نەرێنییەکانمان بکەین کە دەبنە ڕێگر لە خۆشی بینینمان لە سەرکەوتن و خۆشییەکانمان کە ئێمە بەڕاستی خوازیارینی لە ژیانماندا.

بەهانە بۆ ناڕاستگۆییەکانمان دەهێنینەوە بە گوتنی ئەوەی هەموو کەس درۆ دەکات. بەهانە دەهێنینەوە بۆ قەڵەوبونمان بە گوتنی ئەوەی شتێکی بۆماوەییە و پەیوەندی جینەکانمەوە یان بە هۆڕمۆنەکانمانەوە هەیە. بەهانە دەهێنینەوە بۆ تەمەڵییەکانمان، دواکەوتنەکانمان، کەمتەرخەمی لە ئیش و کارەکانماندا بە گوتنی ئەوەی کە ئەوە شێوازی منە. من بەم شێوەیەم.

پاشان خۆ بەراوردکردنمان بەو کەسانەی کە لە ئێمە خراپتریان ئەنجامداوە و ئەمەش وا دەکات هەرگیز هەوڵی بەرەوپێشچوون نەدەین. وەك دەرئەنجامێك بۆ بەهانەهێنانەوەی بەردەوام بۆ هەست و ڕەفتارە نەرێنییەکانمان بێزار و بێتاقەت و کەم حەوسەڵە دەبین و شکست دەهێنین لەبەرەوپێشچوون و چاك بوون لە ژیانماندا.

٢. پاساوهێنانەوە: یەکێکی دیکە لە سەرچاوەی هەستە نەرێنییەکان بەهۆی پاساوهێنانەوەوەیە بۆ هەڵسوکەوتە نەرێنییەکانمان بە لێکدانەوەیان بە چەندین شێوە. پاساو بۆ هەستە نەرێنییەکانمان دەهێنینەوە و بە خۆمان و ئەو کەسەی کە گوێی لێگرتوین دەڵێین بەتەواوی مافی خۆمە کە ئەم هەستە نەرێنییەم هەبێت لەبەرئەوەی کەسێك لە شوێنێك شتێکی بەرامبەر ئێمە یاخود کەسێکی دیکە کردووە.

پاساو هێنانەوە وا دەکات کە هۆکاری تەواو بۆ کێشەکانی ژیانی خۆمان و ژیانی کەسانی دیکەش بدۆزینەوە. ئەگەر نەتوانیت پاساو بۆ هەستە نەرێنییەکانت و هەڵسوکەوتەکانت بهێنیتەوە ئەوا دەستبەجێ نامێنن.

٣. بڕیاردانی خێرا: زۆرێک لە هەستە نەرێنییەکانمان لە ئەنجامی خواستەکانمان بۆ بڕیاردان لەسەر خەڵکی دیکەوە سەرچاوە دەگرن. خۆمان وەک دادوەر، دەستەی سوێندخۆران و جێبەجێکاری یاسا دادەنێین. کەسی بەرامبەرمان وەک تاوانبارێک دێتە پێش چاو بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک سەرزەنشتی دەکەین بۆ ئەو ڕەوشتە ناشیرینەی و سزای بەسەردا دەسەپێنین.

لەبەرئەمەیە یەکێک لە گرنگترین وانەکان کە لە ئینجیل و هەموو دینەکانی دیکەشدا باسکراون ئەوەیە" بڕیار لەسەر کەس مەدە بۆئەوەی بڕیارت لەسەر نەدرێت." " کاتێک بڕیار لەسەر کەسێک دەدەین و تاوانباری دەکەین بە هەر هۆکارێک بێت بە گوناهباری دادەنێین. ڕاستەوخۆ کە دەیان بینین و بیریان لێدەکەینەوە هەستێکی نەرێنییمان دەبێت بەرامبەریان."

هەروەها لە ئینجیلدا ئەوەش هاتووە کە دەڵێت:" چۆن و چی بڕیارێک لەسەر کەسێک بدەیت بە هەمان شێوە بڕیارت لەسەر دەدرێتەوە." ئەمەش واتە کاتێک تۆ بڕیار لەسەر کەسێک دەدەیت و سەرزەنشتی دەکەیت ئەوا لەڕاستییدا خۆت تاوانبار و بڕیار لەسەردراو کردووە. هەتا کەسەکەی دیکە بە تاوانبار بزانیت و هەستی نەرێنییت هەبێت بەرامبەری ئەوا ئەوەندە یاخود زیاتریش هەست بە نەرێنی دەکەیت

سەبارەت بە خۆت. وە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا کەسی بەرامبەر هیچ شتێك نازانێت سەبارەت بەوەی کە تۆ بەم پرۆسەی بڕیاردان و سەرزەشتکردنەدا ڕۆشتویت. ئەو کەسەی کە تۆ زۆر لێی توڕەیت تەنانەت لەڕاستییدا بەلایەوە گرنگ نییە.

٤. هەستیاری لە ڕادەبەدەر: وەك دەرئەنجامێك بۆ هەستەکانی ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگری لە منداڵیدا، شتێکی زۆر باوە بۆ خەڵکی کە هەستیاربن سەبارەت بە بیرۆکە و هەست و هەڵسوکەوتەکانی کەسانی دیکە وەك تازە پێگەشتوویەك. ڕەخنەگرتن و سوکایەتی پێکردن لەو شوێنانە دەبینین کە هەر بونیشی نییە. زۆر هەستیار دەبین بە بیرکردنەوە لەوەی ڕەنگە خەڵکی دیکە چۆن بیر بکەنەوە و هەستیان چۆن بێت بەرامبەرمان. زۆر دوودڵ دەبین بە بەدەستنەهێنانی پەسەندکردن و ڕازیبونی کەسانی دیکە کە ئەمەش وا دەکات بمانوەستێنێت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە زۆر ئارەزویان دەکەین و لە بەرژەوەندیماندان. لە کاروباری بازرگانی و فرۆشتندا، بەردەوام ئەو فرۆشیارانەمان دێتە پێش کە ناتوانن بڕیاری کڕینی هیچ شتێك بدەن بەبێ ڕاوێژکردن و قبوڵکردن لەلایەن یەکێك یاخود زیاتر لە ئەندامانی خێزانەکەیان یاخود هاوپیشەکانیانەوە. هەستیاری بەڕادەیەکی زۆر دەبێتەهۆی پەکخستنی خەڵکی و وایان لێدەکات نەتوانن بڕیار بدەن لە ئەو شتانەی کە لە بەرژەوەندیاندایە.

هۆکاری هەستە نەرێنییەکان

هەستە نەرێنییەکان دەبنەهۆی جۆرەکانی توڕەیی یان ئەوەتا لە ناخی خۆیدا دەیهێڵێتەوە، لێرەدا توڕەییەکە نەخۆشت دەخات یاخود ئەوەتا دەری دەبڕیت کە ئەمەش ئەوانی دیکە توڕە دەکات و دەبێتەهۆی نەیاریی و دوژمنی. زۆرینەی نەخۆشی و کێشە دەرونی و جەستەییەکان بەهۆی سەرکوتکردن و کپکردنەوەی نائومێدی و پێشبینیکردنە نەرێنییەکانمان بۆ سەر کەسانی دیکە دەبێت یاخود گۆڕینی هەستە نەرێنییەکانمان بە جۆرێك کە توڕە دەبین لە کەسانی دیکە ئەمەش لەڕاستییدا توڕەبوونە لە خودی خۆمان.

باوترین هەستە نەرێنییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێش هەموو شتێك بریتین لە ترس بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەك پێشتر باسمان لێوەکرد. هەروەها دوو هەستی دیکەی دوانی هەن کە جولێنەری زۆرینەی چالاکییە ڕامیارییەکانن لە زۆربەی کۆمەڵگاکان لە هەموو جیهاندا ئەوانیش ئیرەیی بردن و وەڕەس بوونن. لێرەدا بەغیلی هەیە کە هاوتەریبە لەگەڵ هەستەکانی خۆبەکەمزانیندا کە وا دەکات تاکەکان وا بیر بکەنەوە هەرگیز کەس منی خۆشناوێت. وە زۆرێکی دیکەش هەن وەك ڕقلێبونەوە، گومان، نەیاری و باوەڕپێنەکردن.

## درەختی هەستە نەرێنییەکان

وێنای درەختی هەستە نەرێنییەکان بکە. ئەو میوانەی بەم دارەوە گەورە دەبن هەموویان هەستی نەرێنین کە تۆ دەتوانیت ئەزموونی لێوەر بگریت. بۆئەوەی کۆتای بە هەستە نەرێنییەکانت بهێنیت ئەوا پێویستە ئەم دارە ببڕیتەوە.

گەورەترین و گرنگترین چارەسەر ئەمەیە: ڕەگی داری هەستە نەرێنییەکان بریتییە لە لۆمەکردن. ئەستەمە ئەزموونی هەستێکی نەرێنییت کرد بێت بەبێ لۆمەکردنی کەسانی دیکە بۆ شتێك کە ئەنجامیان نەداوە یاخود ئەنجامیان داوە کە تۆ پێی قایل نەبویت. هەر ئەو خولەکەی دەوەستیت لە لۆمەکردنی خەڵکی ئەوا کێشەی هەستە نەرێنییەکانت کۆتای پێدێت.

## نەهێشتنی لۆمەکردن

ئایا چۆن لە لۆمەکردن دەوەستیت؟ وەڵامەکە سادە و بنچینەییە. ئەستەمە کە لۆمەی کەسێك بکەیت بۆ هەستێکی نەرێنی و لە هەمان کاتدا بەرپرسیارییەتی باردۆخەکە قبوڵ بکەیت. قبوڵکردنی بەرپرسیارییەتی ئەو هەستە نەرێنییانە ڕەت دەکاتەوە کە پەیوەندی بەو کەس و بارودۆخ و کێشە یاخود ناخۆشییەوە هەیە. ئایا چۆن ئەم هەستی بەرپرسیارییەتییە چالاك دەکەیت؟ زۆر بەسادەیی ئەم وشە جادووییانە بڵێ، " من بەرپرسیارم."

ئەم ڕستە ئەرێنییە ڕانەبردووە، هەستە نەرێنییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە ناهێڵێت و بنبڕیان دەکات. لەبەرئەوەی هزرت یەك بیرۆکە هەڵدەگرێت لە یەك کاتدا - ئەرێنی یان نەرێنی. دەتوانیت هەموو هەستە نەرێنییەکانت ڕەت بکەیتەوە و نەیانهێڵیت تەنها بە گوتنی ئەم دێڕە سادەیە بە شێوەیەکی بەردەوام " من بەرپرسیارم! من بەرپرسیارم! من بەرپرسیارم!" چۆن هەموو گڵۆپەکانی سەر داری کریسمسەکەت دەکوژێنیتەوە؟ زۆر ئاسانە. تەنها پلاکەکە لە سویچ پلاکەوە دەربهێنە دەستبەجێ هەموو گڵۆپەکان دەکوژێنەوە.

چۆن دەتوانیت واز لە هەموو هەستە نەرێنییەکانت بهێنیت؟ بە هەمان ڕێگە. زۆر بەئاسانی دەتوانیت نەیانهێڵیت تەنها بە گوتنی، "من بەرپرسیارم!" دەستبەجێ دەوەستن و نامێنن.

## بەرپرسیاریەتی لە سەدا سەد پەسەند بکە

کلیلی باوەڕ بەخۆبوون و ڕێزی خودی، سەربەخۆیی خودی پشت بەستن بەخود بۆ تۆیە کە لە سەدا سەد بەرپرسیاریەتی قبوڵ بکەیت بۆ ئەو کەسەی کە هەیت و ئەوەیشی کە دەبیت لە داهاتوودا. هەر کە بەرپرسیاریەتییت قبوڵکرد بەتەواوی و بەبێ هیچ بەهانەیەك، دەستبەجێ ئارام دەبیتەوە و دەبیتە کەسێکی تەواو ڕوون و ئەرێنی. خۆر لە ژیانتدا هەڵدێت و هەموو تاریکی و سێبەرەکان دیارنامێنن.

هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ هەیە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەستە نەرێنییەکان ئەویش لێخۆشبوونە. هەموومان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن کەسێکەوە هەڵەمان بەرامبەرکراوە لە ژیانماندا. زۆرینەمان سەردەمێکی منالّی ناخۆش و دژوارمان هەبووە، ئەزموونی ناخۆش و نەرێنی لەگەڵماندا گەورە بووە، پەیوەندی خراپ و سەرنەکەوتوومان هەبووە. پیشەیەکمان هەبووە کە هیچ سودێکی پێنەگەیاندوین وە وەبەرهێنانێك کە سەرکەوتوو نەبووە و زەرەرمان کردووە تیایدا. هەموومان درۆمان لەگەڵ کراوە، فێڵمان لێکراوە، بۆ سود و بەرژەوەندی بەکارهێنراوین و بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازار دراوین.

بەداخەوە، ئەمە شتێکی ئاسایی و سروشتییە وە بەشێکە لە ئەزموونی مرۆڤ. پرسیارەکە ئەوەیە " دەتەوێت چی بکەیت دەربارەی ئەم شتە؟

## به ئازادانه له خه‌ڵکی خۆشببه و له‌بیری بکه

وه‌ڵامه‌که ئه‌وه‌یه که ئازاد بیت و ده‌بێت هه‌موانی دیکه‌ش ئازاد بکه‌یت.

بۆئه‌وه‌ی دڵخۆش بیت ده‌بێت هه‌موو ئه‌وانه ببه‌خشیت که ڕۆژێك له ڕۆژان به هه‌رجۆرێك ئازاریان داویت. پێویسته زۆر به‌ئازادانه و به‌کراوه‌یی و به‌ته‌واوی خۆت له‌و بیرۆکه و هه‌سته نه‌رێنییانه دووربخه‌یته‌وه و وازیان لێبهێنیت که ڕۆژێك له ڕۆژان هه‌تبوون به‌رامبه‌ر هه‌رکه‌سێك له ژیاندا.

ده‌بێت هه‌موو کێشه‌کانت به لێخۆشبوون بنه‌بڕ بکه‌یت.

له‌م خاڵه‌دا، له کۆڕ و خولی فێربوونه‌کانمدا وه به‌هۆی لێدوان و به‌ڵگه‌کانمه‌وه زۆرینه‌ی خه‌ڵکی هاوڕان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌موو شته‌کان به‌وردی ڕه‌چاو بکرێن و ئاماده‌ن ئه‌و که‌سانه ببه‌خشن که ڕۆژێك له ڕۆژان هه‌ڵه‌یه‌کیان به‌رامبه‌ر کردوون. ئه‌گه‌ر تۆش هاوڕایت له‌گه‌ڵ چه‌مکی لێبورده‌ی و لێخۆشبووندا، وه‌ك زۆرێك له خه‌ڵکی ئه‌وا پرسیاری دواتر ئه‌مه ده‌بێت،" پێویسته کێ ببه‌خشم؟"

سێ جۆر له خه‌ڵکی هه‌ن که پێویسته بیان به‌خشیت:

١. پێویسته دایك و باوکت ببه‌خشیت و گه‌ردنیان ئازاد بکه‌یت. پێویسته بیانبوریت له هه‌موو ئه‌و هه‌ڵانه‌ی ئه‌نجامیان داوه له کاتی گه‌وره‌کردنتدا. زۆرێك له منداڵه‌کان به باوه‌ڕێکی نادروسته‌وه گه‌وره ده‌بن ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که باوانیان گرنگترین که‌سی ژیانیان ده‌بێت که‌سێکی ته‌واو لێزان و بێکه‌م و کورت بێت له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه. ڕاستییه‌که ئه‌وه‌یه که باوانیش که‌سانی ئاسایین هه‌روه‌ك تۆ که هه‌ڵه ده‌که‌یت به‌هۆی پشتگوێخستن و بێئه‌زموونییه‌وه.



Scanned by TapScanner

پێویستە لەسەرت کە دایك و باوکت ببەخشیت لە هەموو ئەو هەڵانەی ئەنجامیانداوە لە کاتی گەورەکردنتدا و پێویستە بەتەواوی گەردنیان ئازاد بکەیت. زیاتر لەمەش، پێویستە بچیتە لایان و پێیان بڵێیت کە تۆ لێیان خۆش بویت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە وتویانە یاخود ئەنجامیانداوە و بونەتە هۆی ئازاردانی تۆ. ئازادیان بکە و خۆشت ئازاد بکە.

٢. پێویستە هەموو ئەو کەسانە ببەخشت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازاریان داویت. هەموو پەیوەندییە کەسییەکان یاخود ڕێکخراوە بازرگانییەکان، تەنانەت ئەو پەیوەندی و هاوسەرگیرییانەی بونەتە هۆی ئاژاوە و خەم و پەژارەی سۆزدارییت. پێویستە بیان بوریت. پێویستە بەتەواوی خۆش بیت لەو کەسانەی کە تا ئێستا یاخود جارجار بە نەرێنی و تورەییەوە بیریان لێدەکەیتەوە یاخود بیر لە سزادانیان دەکەیتەوە. لەبیرت بێت، تۆ لەبەر خاتری کەسەکەی دیکە لێی خۆشنابیت. لێخۆشبوون کارێکی تەواو خۆپەرستییە. تۆ لەبەر خۆت لێیان خۆشدەبیت. بە ئازادکردنی ئەوان و بە لێخۆشبونیان لە هەمان کاتدا ئەوا تۆش خۆت ئازاد و ئارام دەکەیت.

٣. لە کۆتاییدا، پێویستە خۆت ببوریت. پێویستە خۆت ببوریت لە هەموو ئەو شتە بەدکار و بێهەست و گەوج و گەمژایەتییەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرامبەر بە کەسێك ئەنجامتداوە بوەتەهۆی ئازاردانی ئەو کەسە لە هەرکاتێکی ژیانتدا بوبێت.

لەبیرت بێت تۆ ئەمڕۆ ئەو کەسە نییت کە دوێنێ بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازاری کەسێکی دیکەت داوە. تۆ ئەمڕۆ ئەو کەسە نییت کە پێشتر کارێك یاخود هەڵەیەکت ئەنجامداوە. تۆ لە ئەمڕۆدا کەسێکی تەواو جیاوازیت.

## هەموو شتەکان لەبیر بکە

پێویستە کە خۆت ئازاد بکەیت بە لێبوردن و بەخشینی خۆت لەسەر ئەو هەڵە و تاوانانەی کە پێشتر ئەنجامت داون. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە دڵەوە تۆ کەسێکی یەکجار باشیت. هەر هەڵەیەك کە ئەنجامتداوە لە ڕابردودا بەهۆی گەنجێتی و بێ ئەزموونی و نەزانی و تێنەگەشتنەوە بووە. بەڵام ئەوە ئێستا تەواو بووە و کۆتای هاتووە. ئەوانە ڕوداوی ڕابردوون. لەبیریان بکە و بەردەوامی بدە بەو ماوەیەی کە لە ژیاندا ماوتە.

هەروەك هێلین کیلەر دەڵێت:" کاتێك ڕووەو داهاتوو هەنگاو دەنێیت، ڕابردووت لەدواتەوە جێدەمێنێت." ئامانجی سەرەکییت لە ژیان ئەگەر دەتەوێت ببیتە کەسێکی تەواو ئەرێنی ئەوا دەبێت واز لە ڕابردووت بهێنیت، بەتەواوی لەبیری بکەیت و بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو بنێیت.

ببە بە کەسێکی تەواو ئەرێنی. بیر لەو شتانە بکەرەوە کە پێویستە و دەتەوێت. بیر لەوە بکەرەوە کە دەتەوێت بە کوێ بگەیت و چی ئەنجام بدەیت. بیر لەوە بکەرەوە کە تۆ کەسێکی چەندە نائاسایی و ناوازەیت وە چەندە ناوازەتریش دەبیت.

بەشێکی گەشتەکە

لەسەر ئەم بیرۆکانە کارم لەگەڵ زیاتر لە ملیۆنێک کەسدا کردووە. زۆرینەیان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە دەیانەوێت ببەخشن یاخود لێبوردە بن و هۆکارەکان لەبیر بکەن و چاوپۆشییان لێبکەن. هەرچەندە، لە هەمان کاتدا لە ناخی خۆیاندا تۆوی ڕوخان و لەناوبردنی خۆیشیان دەچێنن.

هەندێک شتی وەك ئەمە دەڵێن:" بڕیاردەدەم لە ئێستا بەدواوە هەموو ئەوانە ببەخشم لە ژیانمدا کە ئازاریان داوم بە هەر هۆکارێک بێت. ئازادیان دەکەم و لەبیریان دەکەم.( جگە لەو کەسە یاخود ئەو بارودۆخە تایبەتە.)

هەموو کێشە هەستیاری و دەروونی و جەستەییەکان بەهۆی سەرکەوتوونەبونتەوەیە لەوەی کە ڕوداوێکی نەرێنی لەبیر بکەیت کە تۆ هێشتا تورەیت دەربارەی یاخود ناتوانیت بیبەخشیت.

مارسیدزە نوێیەکە

با نمونەیەکتان پێبدەم لەسەر ئەمە وێنای ئەوە بکە کە داوای ئۆتۆمبیلێکی مارسیدزی نوێ دەکەیت لە کۆمپانیایەك. دەگاتە دەست لە هەموو ڕوویەکەوە بێکەم و کورتە، تەنها یەك کێشەی هەیە. لە کاتی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلەکەدا بەبێ مەبەست ئەندازیارەکان برێکەکەیان لەسەر یەکێك لە تایەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە جێگیر کردووە بە هەڵە. بەم هۆیەوە برێکەکە قوفڵ دەبێ و تایەکە ناتوانێت پێچ بکاتەوە.

دەچیتە ناو ئوتۆمبیلە نوێیەکەت و سولف لێدەدەیت. ئوتۆمبیلەکە دەکەوێتە کار و تۆش گێڕەکە دەگۆڕیت و پێ بە بەنزیندا دەنێیت. چی ڕوودەدات؟ باشە ئەگەر یەکێك لە تایەکانی پێشەوەت قوفڵ بوبێت ئەوا زۆر بەسادەیی ئوتۆمبیلەکەت بە شێوەیەکی بازنەیی دەخولێتەوە.

دەتوانیت سوکانەکە بگۆڕیت و پێ لەسەر بەنزینەکە دابنێیت بەڵام هێشتا ئوتۆمبیلەکە بە بازنەیی دەخولێتەوە و بۆ هیچ شوێنێکت نابات. هەتا زیاتر پێ لەسەر بەنزینەکە دابنێیت ئەوا خێراتر بزوێنەرەکە و تایەکان دەسوڕێنەوە.

## پێ لەسەر برێکەکان لابەرە

ئەمەش بە هەمان شێوەیە بۆ ژیانت. ئەگەر کەسێك هەیە لە ژیانتدا کە ناتەوێت بیبوریت، کەسێك کە هێشتا لێی توڕەیت وەك ئەوە وایە کە برێکەکەت لەسەر یەکێك لە تایەکانی پێشەوەت قوفڵ بێت. ژیانت لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە. وردە وردە لەڕووی سۆزداری و جەستەییەوە دەسوتێیت. هەرگیز بەڕاستی دڵخۆش نابیت، هیچ بەرەوپێشچونێك لە خۆتدا بەدی ناکەیت. هەمیشە بیر لەو ڕووداو و کەسە نەرێنییە دەکەیتەوە ساڵ لەدوای ساڵ، هزریشت لەسەر کێشە دەرونییەکان دەهێڵێتەوە.

ئەم تاکە تێڕوانینە کلیلێکە بۆ تێگەشتن لە نەخۆشییە دەرونی و دەرونییەجەستەییەکان. ئەمە ڕەتکردنەوەی لەبیرکردنی ڕوداوێك یاخود چەند ڕووداوێکە کە ئەو کەسە لە ڕابردوودا دەهێڵێتەوە.

لەگەڵ ئەم ڕەتکردنەوەی لێخۆشبوونە، ئەستەمە پێشبکەویت. ئەوە چ کەسێکە یاخود چ ڕووداوێکە کە ناتوانیت لەبیری بکەیت و لێی خۆش بیت؟ هەرچییەك بێت پێویستە ئەو خەسڵەت و بوێرییەت هەبێت کە کە لەبیری بکەیت. گرنگ نییە کە چەندە بەئازار بووە پێویستە ئەم دەستەواژە جادووییە بڵێیت،" من لە هەموو شتێکی خۆش دەبم. لەبیری دەکەم. تەواو بووە."

## بەرپرسیارێتی، کۆنترۆڵکردن و هەستە ئەرێنییەکان

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان بڕی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە تبوڵی دەکەیت و بڕی ئەو کۆنترۆڵکردنەی کە هەستی پێدەکەیت لە ژیاندا. لەبەرئەوەی زۆرینەی پەستان و هەستە نەرێنییەکان بەهۆی ئەو هەستانەوە دێن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆدان، هەر کە بەرپرسیارێتییت قبوڵت کرد ئەوا تۆ کۆنترۆڵی خۆت و هەموو ئەو شتانەشت کردووە کە بۆت ڕوودەدەن.

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی، هەستی کۆنترۆڵکردن و هەستە هزرییە دەروونییەکاندا. هەتا زیاتر بەرپرسیارێتی قبوڵ بکەیت و هەست بە کۆنترۆڵکردنی ژیانت بکەیت ئەوا زیاتر هەستی ئەرێنییت دەبێت سەبارەت بە خۆت و ئەو جیهانەی کە تیایدایت. لەکۆتاییدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان هەستی ئەرێنی و دڵخۆشییدا. بڕیارەکەش بەتەواوی بەدەست خۆتە.

## کۆنترۆڵی بکە

کاتێك لۆمەی کەسێك دەکەیت بۆ هەرشتێك ئەوا واز لـە کـۆنترۆڵکردنی هەستەکانت دەهێنیـت. کۆنترۆڵـت لەدەسـت دەدەیت و دەیـدەیت بـەو کەسەی کە لۆمەی دەکەیت، بزانیت یاخود نا. بەلۆمەکردنی کەسێك بـە هەر هۆکارێك بێت ئەوا تۆ وا دەکەیت ئەو کەسـە کاریگـەری لەسـەرت هەبێت و دەست بەسەر هەستەکانتدا بگرێت لە دوریەکی زۆرەوە. تۆ هێز و توانای پێدەدەیت و وای لێدەکەیت کە کۆنترۆڵی خۆشـییەکانت بکـات بەوەی کە ڕەتی دەکەیتەوە لێـی خـۆش بیـت و لـەبیری بکـەیت. وە لـە زۆرینەی دۆخەکاندا ئەو کەسە هەر ئاگاداریش نییـە لـەوەی کـە چـەندە کۆنترۆڵی دڵخۆشی و لەشساغی تۆی کردووە.

بە سکاڵاکردن و ڕەخنەگرتن لە کەسانی دیکە ئـەوا تـۆ خـۆت دەکەیتـە قوربانی. بە لۆمەکردنی کەسانی دیکە ئەوا خۆت بچوك و لاواز و تـوڕە دەکەیت و خۆت بە ژێردەستە دێتە بەرچـاو. لـەبری ئـەوەی خـۆت وەك کەسێکی تەواو بەرپرسـیار و تـاکێکی سەربەسـت ببینیـت، ڕێگـە بـە کەسانی دیکە دەدەیت کە کۆنترۆڵت بکەن و بەرپرس نـەبیت لـە ژیـان و هەستەکانی خۆت.

کاتێك لۆمە و سەرزەنشتی کەسانی دیکە دەکەیت ئەوا دەبیتە کەسێکی نەرێنی، توڕە و بەگومان و نادۆست و لاواز. ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە لە مێشکتدایە؟

وشە جادووییەکان بڵێ

هەواڵە دڵخۆشکەرەکە ئەوەیە کە هەموو کاتێك دەتوانیت وشە جادووییەکان بڵێت" من بەرپرسیارم." وە بەخێرایی بگەڕێوە و ببە بە بەرپرسیاری ژیانت. هەرکاتێك بیرۆکەیەکی نەرێنییت بۆ هات لە هەر جۆرێك بێت خێرا بە گوتنی وشەکانی" من بەرپرسیارم" بیانسڕەوە و ڕەتیان بکەرەوە. ئەمە بەبەردەوامی ئەنجام بدە هەتاوەکو دەبێتە کارێکی ئاسان و ئۆتۆماتیکی بۆت.

قبوڵکردنی بەرپرسیاریەتی هێمایەکە بۆ پێشەنگەکان، بەدەستهێنەرەکان و خۆ بنیادنەرەکان لە ژنان و پیاواندا. ئەمڕۆ بڕیار بدە بۆئەوەی ببیتە کەسێکی بەرپرسیار و تەواو پێگەشتوو و پڕاوپڕ لە مەشق و کارامەیی. تەنها بڵێ،" من بەرپرسیارم." بەبەردەوامی و بە هەبونی متمانەوە دوبارەی بکەرەوە. ئەمە کلیلی ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی ئەرێنییە.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. هەر ئەمڕۆ بڕیار بدە کە ببیتە کەسێکی تەواو ئەرێنی. بۆ شتە باشەکە بگەڕێ لە هەموو کەسێك و بارودۆخێکدا. هەمیشە ئەو شتە باشە دەدۆزیتەوە.

٢. ئەمڕۆ بڕیار بدە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو هەستە نەرێنییانەی دەبنەهۆی تێکدانی خۆشییەکانت. ڕەتی بکەرەوە کە بیر لەو شتانە بکەیتەوە یاخود قسە دەربارەی ئەو شتانە بکەیت کە دەبنەهۆی بێزاربوون و توڕەبوونت.

٣. لێبوردنێکی یەکجاری دەربکە بۆ هەرکەسێك کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ژیاندا ئازاری پێگەیاندویت. بە شێوەیەکی بەردەوام و ئاسایی کرداری لێخۆشبوون پەیڕەو بکە.

# بەشی حەوتەم

## بیرکردنەوەی بگۆڕ X بیرکردنەوەی نەگۆڕ

"ئەو کەسەی کە دەیەوێت بگاتە ترۆپکی لوتکە لە کارەکەیدا ئەوا پێویستە بەهای هێز و توانای خوو بگرێت. پێویستە پەلە بکات لە لەناوبردنی ئەو خووانەی کە لەناویان دەبات و لە گونجاندنی ئەو کردارانەی دەبنە خوو وە یارمەتی دەدەن ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت کە ئاواتی بۆ دەخوازێت."

( جەی پوڵ گیتی )

لە بواری شلەژاویی و گۆڕانی خێرادا، توانای بیرکردنەوەت بە گونجێنەری ڕەچاوکردنی هەموو لایەنەکانی دۆخێك و دواتر کاردانەوەی کاریگەر و دروست بۆ ئەو گۆڕانە، دەتوانێت کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر کارە بازرگانییەکەت و پیشەکەت. لە ساڵی ١٩٥٢ دا، ئالبێرت ئاینشتاین فێرکار بوو لە زانکۆی پرینستۆن. ڕۆژێك کە دەگەڕایەوە بۆ نوسینگەکەی لەگەڵ یاریدەدەرەکەیدا، نوسخەیەکی تاقیکردنەوەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو کە ئاینشتاین دابوی بە قوتابییەکانی بواری فیزیا لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو و بەرزدا بوون. بە کەمێك دوودڵییەوە، یاریدەدەرەکەی لێی پرسی، دکتۆر ئاینشتاین:" ببورە بۆ پرسیارکردنەکەم، بەڵام ئایا

ئەمە هەمان تاقیکردنەوە نییە کە ساڵی پار دات بە قوتابیەکانی بواری فیزیا؟"

ئاینشتاین وەڵامی دایەوە:" بەڵێ، ڕاستە. هەمان تاقیکردنەوەیە."

پاشان بەدوودڵی زیاترەوە لێی پرسییەوە:" بەڵام چۆن دەکرێت هەمان تاقیکردنەوە بدەیتەوە بە هەمان ئەو قوتابیانە، دوو ساڵ لەدوای یەك؟"

ئاینشتاین بەئاسانی وەڵامی دایەوە:" لەبەرئەوەی وەڵامەکان گۆڕاون."

لەو کاتەدا لە جیهانی فیزیادا، بەرەوپێشچوونەکان، گریمانەکان، دۆزینەوەکان بەبەردەوامی لە سەرانسەری جیهاندا دەکران. ئەو وەڵامانەی ساڵێك ڕاست بوون ساڵی دواتر چیدیکە ڕاست نەبوون بەهۆی بیرۆکە و دۆزینەوە نوێیەکان لەو بوارەدا.

## وەڵامەکانت گۆڕاون

بارودۆخەکەت هەمان شتە. بەڵام لە زۆر بواری ژیانتدا، وەڵامەکانت گۆڕاون. ئەو شتەی کە ساڵێك بەرلەئێستا ڕاست و کارپێکراو بوو، لە ئەمڕۆدا بە ڕادەیەکی کەم یان هەر بەکاریش نایەت. بیرۆکە بەنرخەکانت لە ساڵێك یان دوو ساڵ بەرلەئێستادا یان تەنانەت مانگێك بەرلە ئێستا چیدیکە کارپێکراو یان گرنگ نین لە بازاڕە شڵەژاوەکانی ئەمڕۆدا.

بۆ نمونە، لە بواری تەکنەلۆژیادا دەوترێت بەرهەمێك کارپێنەکراوە کاتێك بۆ یەکەمجار بەردەست دەبێت بۆ کڕین. لەو کاتەی کە دەکەوێتە بازاڕەوە ئەوا پێشتر جێگەی پڕکراوەتەوە لەلایەن ئەو کۆمپانیایەی کە پەرەی پێداوە یان لەلایەن ڕکابەرەکانییەوە. درێژیی ماوەی کاتی تەکنەلۆژیا



Scanned by TapScanner

کورتتر و کورتتر دەبێتەوە. لە بواری زانیاری و پێشبڕکێکردنیشدا هەمان شتە. خێرایی گۆڕانەکەیان زۆر سەرسامکەرە.

## گرنگترین خاسیەت

لە ساڵی ١٩٩٥ دا، پەیمانگای مێنینگەر لە شاری نیویۆرک لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی گرنگترین خاسیەت یان خاسیەتەکان کە پێویستن بۆ سەرکەوتنی بازرگانییەك لە سەدەی بیست و یەکدا. لەکۆتاییدا، گەشتە ئەو دەرئەنجامەی گرنگترین خاسیەت کە پێویستە بۆ سەرکەوتن، خۆگونجاندنە.

دەبێت توانای بەخێرایی کاردانەوە و وەڵامدانەوەت هەبێت بۆ ڕێژەی گۆڕانە خێراکە لە هەموو بوارێکدا. بەرەوپێشبردنی ئەم هەڵوێستە خۆگونجاندنە. پەسەندکردنی ئەو ڕاستییەی کە وەڵامەکان گۆڕاون دەبێتەهۆی ئەوەی قازانجێکی گەورە بە کەسەکە یاخود بە کۆمپانیاکە بگات بە بەراورد بە پێشبڕکێکارە نەگۆڕ و نەگونجێنەرەکان.

## گۆڕان خێراتر و خێراترە

لە جیهانێکی گۆڕانی خێرای شێوازی کۆن بۆ نوێ و شڵەژاوترین ماوەی مێژووی مرۆڤایەتییدا دەژین، جگە لە سبەینێ و هەفتەی داهاتوو و ساڵی داهاتوو. هەتاکو ناوەڕاستی سەدەی بیست، زۆر باو بوو کە کەسێك واز لە خوێندن بهێنێت و پەیوەندی بە کۆمپانیایەکەوە بکات و دەستبە کارێك بکات و تەواوی ژیانی لەو کارەدا بمێنێتەوە. لە ژیانی ئەمڕۆدا، لە سەدا چلی کەسانی پێگەشتوو پێیان دەوترێت کرێکار ( قەرمانبەر) ی

دانەمەزراو. لە کارێکەوە دەچن بۆ کارێکی تر لە ماوەی کارکردنی ژیانیاندا وەك بەڵێندەری سەربەخۆ زۆرینەیان جگەلە ماوەیەکی کاتی نەبێت هەرگیز کار بۆ کۆمپانیا ناکەن.

## دوو ملیۆن هەلی کار نامێنێت

هەموو ساڵێك تەنها لە ئەمریکادا، بە ڕێژەیەکی ئاسایی دوو ملیۆن هەلی کار نامێنێت. ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی ئەو کۆمپانیایانە پێشکەشیان دەکرد لەگەڵ داواکارییە بەردەوام گۆڕانەکانی خەڵکیدا نەبوون، یەکناگرنەوە و ئەو کارامەییانەی کە پێویست بوون بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانە چیدیکە پێویست نەبوون. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە بواری کاردا و ئەم کێشەیە خێراتر و گەورەتریش دەبێت لە ماوەی چەند مانگ و ساڵی داهاتوودا.

خۆشبەختانە، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئەمریکادا هەموو ساڵێك دوو سەد و دوو ملیۆن هەلی کار یان زیاتر دەڕەخسێندرێت. لە سەدا هەشتای ڕەخساندنی هەلی کارە نوێیەکان لەو کۆمپانیا نوێیانەوەیە کە بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ پێشکەش دەکەن بە کڕیاری جیاواز و لە بازاڕی جیاوازدا.

بەهۆی ڕێژەی ئەم گۆڕانە خێرایەوە، زۆرینەی پیشەسازییەکان و کۆمپانیاکان دەست بە کارکردن دەکەن لە ئەمڕۆدا لەسەر بنەمای ئەو سیستەمی کاری بازرگانییەی کە چیدیکە کار ناکات یان ئەوەی کار

ناکەن بەو جۆرەی کە دەیان کرد لە دروستکردنی ڕێژەیەکی نەگۆڕی فرۆشتن و قازانجکردن.

## سیستەمی بازرگانییەکەت

پێناسەکراوە بە سیستەمێکی تەواو لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی کە بەهۆیەوە کۆمپانیاکە بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك بەرهەم دەهێنێت و دەیفرۆشێت و قازانج دەکات. لانیکەم پەنجا و پێنج جۆر سیستەمی بازرگانی جیاواز هەیە کە هەر کۆمپانیایەك دەتوانێت بەکاری بهێنێت. هەوڵدان بۆئەوەی هەمان ئەنجام بەدەست بهێنیت بە سیستەمی بازرگانی هەڵە بۆ بازاڕی ئێستات دەکرێت ببێتەهۆی دابەزینی ئاستی فرۆشتن و قازانج یان تەنانەت شکستهێنانی کاری پێکەوەبیش.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، کاتێك کۆمپانیای ئەپڵ، ئامێری ئایفۆنیان ناساند، یەکێك لە جێبەجێکارانی کۆمپانیای بلاك بێری وەك یارییەکی منداڵانە سەیری ئەو ئامێرەی دەکرد و پێیوا بوو تەنها بۆ کەسانی گەنج گونجاوە کە دەیانەوێت لەگەڵ هاوڕێکانیاندا گفتوگۆ بکەن. لە ماوەی پێنج ساڵدا ڕێژەی قازانجی نێوان خاوەندارەکانی کاری بازرگانی موبایلی کەسی لە سەدا چل و نۆوە کەمیکرد بۆ لە سەدا سفر و پۆینت چوار، وە کۆمپانیاکە بە ڕادەیەکی زۆر وازی لە کاری بازرگانی هێنا.

## خاسیەتی کارپێنەکراوی خێرا

لەگەڵ ئاشکراکردنی ئایپاد و توانای خوێنەرەکان بۆ داونلۆدکردنی کتێب بەخێرایی و بە هەرزان، تەواوی بازاڕی کتێب گۆڕانی بەسەردا هات. لە ماوەی ساڵێکدا گروپی بۆردەرەکان، یەکێك لە گەورەترین هەناردەکەرانی کتێب لە جیهاندا مایەپوچ بوو وە شەش سەد کۆگای داخست. ئەمە بۆ هەموو کۆمپانیاکان لە زۆرینەی پیشەسازییەکاندا ڕوو دەدات لەبەرئەوەی سەرکەوتوو نابن لە گونجاندنی سیستەمە بازرگانییەکەیان بۆ دۆخی بازاڕی نوێ. بەهۆی هێرشی زانیاری، تەکنەلۆژیا و پێشبڕکێکردنەوە کۆمپانیا و دامەزراوە لەمێژینەییەکان بەخێرایی لەناوچوون و چوونە نێو پەڕەکانی مێژووی بواری بازرگانییەوە.

سیستەمی بازرگانییە نوێیەکەت، ئەو شێوازەی کە ژیان و پیشەکەتت پێ ڕێکخستووە ڕەنگە تاڕادەیەك یان بەتەواوی کارپێنەکراو و بێ سود بێت. ئەگەر لە ئەمڕۆشدا کارپێکراو بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕۆژێك دێت لە داهاتوودا کە کارپێنەکراو و بێ سود دەبێت.

کاری بازرگانی توشی کێشە دەبێت لە کاتێکدا کە داواکاری و خواستی کڕیار دەگۆڕێت. تاکەکان لە پیشەکانیاندا کێشەیان دەبێت کاتێك پێداویستییەکانی فەمانبەر لەڕووی بەهرەی تایبەتمەندی، کارامەیی و تواناوە دەگۆڕێت. بۆئەوەی وەك کەسێك یان کۆمپانیایەك لە ژیان بەردەوام بیت و بمێنیتەوە و هەوڵبدەیت ئەوا پێویستە بەردەوام نوێترین شێواز و ڕێگاکان بەکار بهێنیت کاتێك گۆڕانەکان لە چواردەورتدا ڕوودەدەن.

# ڕێسا یان داهاتی ٢٠ / ٨٠

لە ئەمڕۆدا، زۆرینەی خەڵکی کارامەیی کارپێنەکراویان هەیـە. ئەوانـە شوێنیان دەگیرێتەوە بەو کەسانەی کە کارامەیی گونجاو و باشتریان هەیـە و داواکاری زیاتریان لەسەرە. گاری بێکەر، براوەی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئابوریـدا، ڕاپـۆرتیکی لـە وۆڵ ستریت جێرناڵـدا نوسـیوە سـەبارەت بـە لێکۆڵینەوەیەك لە زیادکردنی داهات.

ئەو شتەی کە بۆی دەرکەوت لە لێکۆڵینەوەکەیدا لـە زانکـۆی چـیگاکۆ ئەوە بوو کە داهـاتی ئاسـایی کەسـانی ئاسـت نـزم لـە سـەدا هەشـتا زیادیکردووە، نزیکەی لە سەدا سێ بۆ هەر ساڵێك، یەکسانە بـە ڕێـژەی هەڵئاوسان یان کەمێك زیاترە.

هەرچەندە، داهات ( دەسکەوت )ی ئەو کەسانەی کە لە ترۆپکدا بون لە سەدا بیست زیادیکرد بە ڕێژەی لە سەدا یازدە بۆ هەر ساڵێك. ئەمـەش وایان لێدەکات داهاتەکەیان هەموو شەش یان حەوت ساڵێك دوو هێنـدە لێبکەن، بچنە سەروی کەسانی ئاست مامناوەندەوە یان تەنانەت کەسانی سەرمایەداریشەوە لە ماوەی ژیانی کارکردنیاندا.
جیاوازییە گەورەکە چی بوو لەنێوان لە سەدا بیست و لە سەدا هەشتادا؟ خۆتەرخانکردن بوو بۆ فێربوونی بەردەوام و نوێکردنەوەی کارامەییـەکان. ئەو کەسانەی لە ترۆپکدا بوون لە سەدا بیستی هەموو کتێبەکانیان کڕی، بەشداریان لە هەموو کۆرسـەکاندا کـرد، گوێیـان بـۆ هـەموو بەرنامـە ڕادیۆییەکان ڕاگرت و بەبەردەوامی داوای شێواز و ڕێگای جیاواز و نوێیان

دەكرد بۆئەوەی كارەكانیان بە شێوەیەكی باشتر، هەرزانتر و خێراتر ئەنجامبدەن.

## بەكارهێنانی كارامەیی پلان بۆدانەنراو

كەسانی ئاست نزم كتومت لە سەدا هەشتا بە پێچەوانەوە بوون. بەدەگمەن كتێبیان خوێندوەتەوە، كۆرسیان وەرگرتووە یان هەوڵیان داوە بۆئەوەی كارامەییەكانیان نوێبكەنەوە. كاتە بەتاڵەكانیان لەو چالاكیانەدا بەسەربردووە كە هێوركەرەوەی دڵەڕاوكێ و قەلەقی بوون وەك لەوەی كە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج بن. لەئەنجامدا، زۆر كات بەبێ ئەوەی ئاگادار بن زیاتر دواكەوتوون.

كاتێك لە كۆتاییدا كارەكەیان لەدەستداوە بۆیان دەركەوتووە كە كارامەییەكانیان بەزۆری لەسەر بنەمای ئەزموون بووە، كەمترین بەهای هەبووە بۆ خاوەنكارەكانی ئێستا. لەبەرئەوە فێربوونی بەردەوام و بەرەوپێشچوونی كارامەیی نوێ بەشێك نەبووە لە دنیا بینیەكەیان، چونەتەوە ماڵەوە و سەیری تەلەفزیۆنیان كردووە. لە ئەنجامدا، خۆیان بینیوەتەوە كە دانەمەزراون بۆ ماوەی چەند مانگێك و تەنانەت چەند ساڵێكیش.

زۆرێك لە خەڵكی ئەمڕۆ لە هەموو ئاستەكانی دەستكەوتندا و لە هەموو جۆری پیشەكاندا بێئاگان لەم پێداویستییە سەرەكییە بۆئەوەی بەردەوام كارامەییەكانیان نوێبكەنەوە. بەڵام وەك " پات ڕایلی" ڕاهێنەری تیپی باسكە دەڵێت:" ئەگەر ئاستت باشتر نابێت ئەوا بەدڵنیاییەوە خراپتر دەبێت."

## پێشبڕکێکە بەردەوامە

هیچ کەسێك بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێگایەکدا نامێنێتەوە. ئەگەر بەردەوام زانیاری و کارامەییەکانت نوێناکەیتەوە ئەوا تەنانەت تۆش نامێنیتەوە. لەڕاستییدا، زیاتر و زیاتر دوا دەکەویت. لە کاتێکدا کەسانێك کە پەرۆشن بۆ فێربوونی بەردەوام ئەوا زیاتر و خێراتر پێشدەکەون.

زۆرینەی خەڵکی لە ئەمڕۆدا لە کارێکدا دەمێننەوە وەك ئەوەی کە لە چاڵێکدا گیریان کردبێت. تاکە جیاوازی نێوان چاڵێك و گۆڕێك قوڵییەکەیە. وەك وتاربێژی بەناوبانگ جیم ڕۆن دەڵێت:" ئەگەر لە کارێکدا ماویتەتەوە بۆماوەیەکی زۆر و لە ناوچەی پاڵدانەوەتدایت ئەوا ئومێدەوارم کە دەرفەتێکی نوێت بۆ بڕەخسێت و بتوانیت دەستبە کارێکی دیکە بکەیت و سەرکەوتوو بیت."

### سێ دوژمنەکە

سێ دوژمنەکەی گۆڕانکاری و خۆگونجاندن پێویستە بەردەوام ڕووبەڕوویان ببینەوە. یەکەمین و خراپترینیان ناوچەی پاڵدانەوەیە. کەسانێك دەستبە کار دەکەن یان لە شتێکدا کار دەکەن و بەخێرایی ئاسودە دەبن تیایدا. پاشان بەرهەڵستی هەر جۆرە گۆڕانێك دەکەن تەنانەت گۆڕانە سودبەخشەکانیش کە پێویستە بۆیان تائەوەی شتێکی نوێ یان جیاواز ئەنجام بدەن.

لەبری فێربوون، بەرەوپێشچوون و فراوانکردنی سنوری دەستکەوتەکانیان ڕەتی دەکەنەوە بیرۆکە و پلانەکانیان بگۆڕن. بەرهەڵستی گۆڕانەکەیان دەسەلمێنن و زۆر جار هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی تریش بۆ گۆڕان دەشێوێنن.

لە کتێبەکەیدا بەناوی( پێشەنگەکان ) وارن بێنیز، وەسفی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو کەسانەی لە تروپکدان لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەرهەڵستییان لە ناوچەی پاڵدانەوە کردووە بە دانانی ئامانجی گەورەتر و گەورەتر بۆ خۆیان و کۆمپانیاکانیان. جۆرە ئامانجێك کە ئەستەمە بەدەستی بهێنن بەبێ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی گەورە.

پیتەر دیاماندیس، لە کتێبەکەیدا داوا لەو کەسانە دەکات کە کاری نوێ ئەنجام دەدەن ئامانج دابنێن بۆ بەدەستهێنانی دە هێندە یان سەد هێندە زیاتر لە ئاستی ئێستای فرۆشتن، داهات و قازانجیان لەو ساڵانەی کە لە پێشیانەوەیە. ئەم قەبارەیەی کە لە سەرەتادا زۆر گەورە دەردەکەوێت بەزوویی دەبێتەهۆی بیرکردنەوەی فراوان و بیرۆکەی نوێ "بۆ گەشتنە ئەو جێگایانەی کە پێشتر هەرگیز کەسی پێنەگەشتووە."

## ترس خەڵکی دەگێڕێتەوە دواوە

بەربەستی گەورەی دووەمی خۆگونجاندن بۆ ڕووبەڕووبونەوە و پرسیارکردن لە دۆخی ئێستا ترس و هەموو جۆرەکانییەتی بەتایبەت ترس لە شکست." چی دەبێت ئەگەر شتێکی نوێ تاقی بکەمەوە و سەرکەوتوو نەبم؟"



Scanned by TapScanner

بەگوێرەی ( هارڤارد بزنس ڕیڤیو ) بەربەستە سەرەکییەکانی نوێکردنەوەی سیستەمی بازرگانی، ترس و نادڵنیایین. لە سەدا هەشتای جێبەجێکارانی هاوبەش، نوێکردنـەوەی سیستـەمی بازرگـانی ڕیـز دەکـەن بەرلـە بەرەوپێشبردنی بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەکی نوێ لەڕووی گرنگییەوە بەڵام نازانن چۆن ئەنجامی بدەن. بەو هۆیەوە دوای دەخەن و ئومێـدەوارن کە پێشەنگەکان نەوەی داهاتوو ئەو گۆڕانانە دروست بکەن کـە پێویسـتن بۆ مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان.

## هەستکردن بـە نـەتوانین بـۆ گۆڕان

هۆکاری سێیەم کە خەڵکی لێی دەترسن و بەرهەڵستی گـۆڕان دەکـەن " زانستێکی بێسودە." ئەو کەسانەی هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتی دەکـەن دەزانن کە گۆڕان گرنگـە بـەڵام وا هەسـت دەکـەن ئـەوان بێسـودن، لـە دۆخێکی سەختی ئێستادا گیریان کردووە و ناتوانن بگۆڕێن.

زانستی بێسود لە وشەدا دەردەبڕدرێت" ناتوانم یان ناتوانین." ئەو شتەی کە پاشان دێت بەدوایدا لیستێك بەهانەی دوبارەکراوی ناخۆشـە لـەڕووی نەبونی کاتی پێویست، نەبونی پارەی پێویست، نەبونی بەهرەی پێویسـت وە ڕونکردنەوەکانی دیکەش بۆچی گۆڕان ناکرێـت ڕوبـدات کـە چـەندین پەستانی دەرەکی و سنوری ناوەکی لەخۆ دەگرێت.

بەڵام وینستۆن چێرچڵ دەڵێت:" ئەگەر شەڕ نەکەیت لەکاتێکدا دەرفـەتی سەرکەوتنت هەیە ئەوا بەزوویی پێویستە شەڕ بکەیت لـە کاتێـکدا کـە

هیچ دەرفەتێکت نییە." ڕێساکە ئەوەیە بگۆڕێیت لە کاتێکدا دەتوانیت نەوەك لە کاتێکدا کە هیچ بژاردەیەکی دیکەت نییە.

دەبوو کەسێك ئەمەی بە جێبەجێکارانی کۆمپانیای بلۆك بەستەر گوتبا کە دەستیان بەسەر بازاڕی ئەو فیلمە ڤیدیۆییانەدا گرتبوو کە دەکرا لە ماڵەوە سەیر بکرێن. کاتێك نێت فلیکس هات، فەرمانبەران لە بلۆك بەستەردا وەك کۆمپانیایەکی بچوك سەیریان دەکرد کە ناتوانێت بەرەنگاری کاریگەریی کۆمپانیای بلۆك بەستەر ببێتەوە لە بازاڕی نێودەوڵەتییدا. بەڵام خواستەکانی کڕیار گۆڕا و لە ماوەی چەند ساڵێکدا نێت فلیکس بووە گەورەترین کۆمپانیا لە بواری گواستنەوەی فیلمدا بە هەر دوو شێوازی پۆست و ئۆنلاین وە بلۆك بەستەریش مایەپوچ بوو.

## بیرکردنەوەت دەربڕە

کۆمەڵە ڕێگایەکی بیرکردنەوەی کرداری و بەهێز هەن کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ دەربڕینی توانای داهێنەرییەکەت، فراوانکردنی بیرکردنەوەت وە دەربازکردنی خۆت لە ناوچەی پاڵدانەوە. باشترین ڕێگا بۆ گۆڕانی بیرکردنەوەت و بەرەوپێشچوونی زیاتری ئاستی گونجاندن" بڕیاردانە لە خاڵی سفرەوە."

بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە لە موازەنەی سفرەوە سەرچاوە دەگرێت. لە هەموو خەرجییەکان دەکۆڵێتەوە لە سەرەتای هەموو ماوەی ژمێرییارییەکانەوە. پرسیار دەکەیت نەوەك ئاخۆ دەبێت خەرجییەکی تایبەت زیاد بکەیت یان کەمبکەیتەوە بەڵکو ئاخۆ دەبێت پارە لەم بوارەدا خەرج بکەیت یان نا.



Scanned by TapScanner

لە بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە، پرسیارەکە کە دەیکەیت ئەوەیە" ئایا هیچ شتێک هەیە کە لە ئەمڕۆدا ئەنجامی دەدەین بە زانینی ئەو شتەی کە ئێستا دەیزانین، دووبارە دەستی پێناکەینەوە ئەگەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەینەوە؟"

## شیکاری بە زانینی ئەو شتەی کە ئێستا دەیزانم جێبەجێ بکە

ئەم شیکارییە پەیڕەو بکە بۆ هەموو بەشەکانی بازرگانییەکەت و ژیانی کەسییت. ئایا هیچ شتێک هەیە کە ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەیت دووبارەی دەست بە ئەنجامدانی ناکەیتەوە ئەگەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە بە زانینی ئەو شتەی کە لە ئێستادا دەیزانیت؟

چۆن دەزانیت کە لەگەڵ دۆخێکی بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە مامەڵە دەکەیت؟ ئاسانە. وەڵامەکەی سترێس (پەستانە.) ئەگەر شتێک لە ژیانتدا هەیە کە لە ئەمڕۆدا دووبارە دەستی پێناکەیتەوە ئەوا بەردەوام سترێس، نیگەرانی و توڕەیی و ناقایلییت دەبێت لەو بوارەدا یان لەگەڵ چەند کەسێکدا. ئەم دۆخە نەرێنییە زۆر جار کاریگەری لەسەر گفتوگۆکەت دەبێت، لە تەواوی ئەو ڕۆژەدا مێشکت پەرتەوازە دەبێت و لە تەواوی شەویشدا بەخەبەر دەبێت.

## بە پەیوەندییەکانت دەست پێبکە

لە بڕیاردان لە خاڵی سفردا، لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکانتەوە دەست پێبکە. ئایا کەسێک لە بازرگانییەکەت یان لە ژیانی کەسییتدا هەیە کە

لەگەڵیا دەست پێناکەیتەوە دووبارە ئەگەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە؟ ئایا کەس لە کارە بازرگانییەکەتدا هەیە کە بەکرێی نەگریت یان کاری پێنەدەیت، پلەکەی بەرز نەکەیتەوە یان تەنانەت نەڕۆیت بۆ کار بە زانینی ئەو شتەی کە لە ئێستادا دەیزانیت؟ ئایا کەسێك هەیە کە دووبارە ئەمڕۆ لەگەڵیا دەستبە کار نەکەیتەوە. تەنها پرسیار ئەوەیە" چۆن و چەندە خێرا کۆتای بەم دۆخە دەهێنیت؟"

ئایا دەتوانیت بیخەملێنیت کە چەندێك لە بڕیارەکانت هەڵە دەبن ئەگەر ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەیت؟ بەگوێرەی ڕێکخراوێکی بەڕێوەبردنی ئەمریکی، تەواوی لە سەدا حەفتای بڕیارەکان لە جیهانی کار و ژیانی کەسیشدا، لە دەرئەنجامدا دەبنە بڕیاری هەڵە. ڕەنگە کەمێك هەڵە بن، زۆر هەڵەبن یان بەتەواوی هەڵەبن.

بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی بەرزی گونجاندن، بۆ ئەنجامدانی کارەکەت بە باشترین شێوە پێویستە ئامادە بیت کە ئەو سێ دەستەواژەیە بڵێیت کە جێبەجێکاری پلە باڵا دەیڵێت.

## دانی پیادا بنێ بێکەم و کورت نییت

"هەڵەبووم" سەیری دۆخی چواردەورت بکە و بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە دەبنەهۆی خەمۆکی، ناقایلی یان دڵناخۆشی وە ئامادەبە دانی پیادا بنێیت کە هەڵە بویت. کاتێك بڕیارەکەتدا یان چویتە ناو بارودۆخەکەوە وەك دروستترین شت دەرکەوت بۆ ئەنجامدان. لەسەر بنەمای ئەو

زانیارییەی کە هەتبوو لەو کاتەدا، زۆر لـۆژیکی بـوو بـەڵام وەڵامـەکان گۆڕاون.

شتانێك فێـر بوویـت کـە پێشـتر نەتـدەزانین، دۆخـە دەرەکییـەکان و داواکاریەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەو شـتەی کـە وەك بڕیـاری دروست دەردەکەوت کاتێك لە ئەمڕۆتـدا دات، بـووە بڕیـارێکی هەڵـە.

کاتێك دانی پیادا دەنێیت کە هەڵە بویت وە دەست بە کردار دەکەیت بـۆ ڕاستکردنەوەی ئەو دۆخە ئەوا سترێسـەکەت نامێنێـت. هەنـدێك کـات خەڵکی پێیان وایە کە بە داننان بە هەڵەکانیاندا ئەوا لاوازی خۆیان نیشان دەدەن. پێیان وایە کە خەڵکی ڕێزیـان نـاگرن ئەگـەر دانـی پیـادا بنـێن بڕیارێك کە داویانە و بەرگریان لێکردووە لە ڕابردوودا هەڵە بووە.

بەڵام ئەوە کتومت بەپێچەوانەوەیە. لە کاتی شڵەژاوی و گۆڕانی خێـرادا، هەبوونی بوێریی و کەسێتی بۆ داننان بەوەی کە هەڵە بویت، بەتایبەت لە کاتێـك هەڵەکـەت بـۆ هـەمووان لـە چواردەورتدا ڕوون و ئاشـکرایە. لەڕاستییدا، ڕێزیان بـۆت زیـاد دەکـات و خواسـتیان بۆئـەوەی کـە لـە داهاتوودا کاریگەریان لەسەر بێت لەلایەن تۆوە زیاد دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، هیچ کەسێك لەو کەسە لاوازتر و گەمژەتر دەرناکەوێت کە بەڕوونی دیارە هەڵەیە بەڵام ڕەتی دەکاتەوە کـە دانـی پیـادا بنێـت. ئەمە خاڵێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە. کاتێك دۆخێك دەناسیتەوە کە لـە ئەمڕۆدا ناچیتەوە ناوی بەزانینی ئەو شتەی کە لـە ئێسـتادا دەیزانیـت. ئێستا زۆر درەنگە بۆ دەربازکردنی ئەو دۆخە یان ئەو کەسە. ئەوە کۆتای هاتووە و ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە:" چەندێك کات، پارە، کێشـە، ئـازار

لەدەست دەدەیت یان دەچێژیت بەرلەوەی دانی پیادا بنێیت کە هەڵە بویت و هەر کردارێك کە پێویستە بیگریتەبەر بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخەکە؟"

## دانی پیادا بنێ کە هەڵەت کرد

هەڵەم کرد بەهۆی خۆپەسەندییەوە. زۆربەی خەڵکی پێیان سەختە دان بە هەڵەکانیاندا بنێن تەنانەت کاتێکیش بەڕوونی دیارە کە هەڵەیان کردووە. هەڵەکە زۆر ڕوونە بۆ هەمووان لە چواردەوریاندا. ڕێگە مەدە ئەمە بۆ تۆ ڕوو بدات.

لەبەرئەوەی ڕەنگە لە سەدا حەفتای کاتەکان هەڵە بیت و هەڵە بکەیت چاوەڕێی کەسانی تر مەکە بۆت ڕوونبکەنەوە. لەبری ئەوە پەلە بکە و دانی پیادا بنێ" هەڵە بووم، هەڵەم کرد." پاشان هەڵەکەت ڕاست بکەرەوە، هێندە خێرا کە دەتوانیت.

## بڕیارەکەت بگۆڕە

دووبارە بڕیارەکەم گۆڕی. گۆڕینی بڕیارەکەت کاتێك زانیاری نوێت دەستدەکەوێت نیشانە بوێریی، کەسێتی و گونجاندنە نەك نیشانەی لاوازیی. کاتێك تەنانەت هەژدە مانگت بەسەر بردووە لەبەرەوپێشبردنی کارە بازرگانییەکەتدا یان ستراتیژیی بەرهەمەکەتدا ئەگەر زانیاریی نوێت دەستکەوت کە دەرئەنجامە سەرەکییەکەی پشت ڕاست نەکردەوە ئەوا ئامادەبە کە بڕیارەکەت بگۆڕیت.

واز له ستراتیژی کارپێنەکراوی ئێستات بهێنە لـە بەرژەوەنـدی شتێکی نوێ، جیاواز و گونجاوتردا بۆ دۆخی ئێستات. هەتا زیاتر بە ئامادەییەوە ئەو وشانە بڵێیت:" هەڵەبووم، هەڵەم کرد و بڕیارەکەم گۆڕی." ئەوا باشتر بیر دەکەیتەوە و لەلایەن کەسانی چواردەوریشتەوە زیاتر ڕێزت لێدەگیرێت.

## هەڵسەنگاندن بۆ بازرگانییەکەت و پیشەکەت بکەرەوە

بواری دووەم کە تیایدا بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە جێبەجێ دەکـەیت بـۆ هەموو لایـەنێکی بازرگانییەکـەت و پیشـەکەت بەتایبـەت سیسـتەمی بازرگانییەکەت. ئایا هیچ بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك هەیە کە بـە زانینی ئەو شتەی لە ئێستادا دەیزانیت ئەوا نایهێنیتە بازاڕی ئێسـتاوە؟ ئایا هیچ پرۆسەیەك، شێوازێك یان خەرجییەك هەیە لە بازرگانییەکەتـدا کە لە ئەمڕۆدا دووبارە دەستی پێنەکەیتەوە بە زانینـی ئـەو شـتەی کـە ئێستا دەیزانیت؟ ئایا هیچ شتێك لە ستراتیژی ئێستاتدا هەیە بە زانینـی ئەو شتەی ئێسـتا دەیزانیـت ئـەوا دووبـارە ئـەنجامی نادەیتـەوە ئەگـەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە؟

ئایا هیچ بەشێکی پیشەکەت هەیە وەك کارەکەت کە ئەنجامی دەدەیـت، ئەو چالاکیانەی بەشدارییان تیادا دەکەیت، بە زانینی ئەو شـتەی ئێسـتا دەیزانیت، دووبارە لە ئەمڕۆتدا ئەنجامت نەدەدا؟ بیرت بێت، زۆر باوە بۆ خەڵکی کە کاری زۆری جیاوازیـان هـەبێت لـە کۆمپانیـا و پیشـەسازی جیاوازدا.

بەکارهێنانی کارامەیی جیاواز لە تەواوی ژیاندا زۆرێك لە خەڵکی بڕیار دەدەن کە لە سەرەتاوە لە بوارێکی نوێدا دەست پێبکەن و کۆمەڵێك کارامەیی تەواو نوێ فێربن کاتێك دۆخی ئابوری گۆڕانی بەسەردا دێت. ئایا دەکرێت ئەمە تۆش بگرێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە ( بەڵێ )یە ئەوا پرسیاری دواتر ئەوەیە، چۆن و چەندە بەخێرایی دەتوانم لەم دۆخە بێمە دەرەوە و چیدیکە درێژەی پێنەدەم؟

## وەبەرهێنانەکانت هەڵبسەنگێنە

بواری سێیەم کە تیایدا بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە پەیوەندی هەیە بە وەبەرهێنانەکانەوە بەتایبەت کات، پارە و سۆز. لە ژمێریاریدا، جۆرێك هەیە پێیدەوترێت پارەی بەفیڕۆدراو. ئەمە بڕە پارەیەکە کە خەرجکراوە و بۆ هەمیشە لەدەستچووە و ناکرێت بەدەست بهێندرێتەوە. وەك خستنەخوارەوەی دەزگایەکی ئاسن بۆ ناوەڕاستی زەریایەك کە ناتوانی هەرگیز بەدەستی بهێنیتەوە. پێیدەوترێت پارەی بەفیڕۆدراو.

شتێکی سەرنجڕاکێشە کە چەندێك لە بازرگانییەکان و لە خەڵکی لەم بوارەدا تیادا ماون و سەریان لێشێواوە. بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان پارەکەیان بهێننەوە. ئەمەش پێیدەوترێت "بەفیڕۆدانی کات و پارە لە شتێکدا کە سودی نییە."

## بۆ هەمیشە وەبەرهێنانەکەت لەدەستچووە

ئەمە ڕەتکردنەوەی پەسەندکردنی ئەو ڕاستییەیە کە پارەی بەفیڕۆدراو ڕاستە بەتایبەت پەیوەندی بە کاتەوە. ئایا هیچ بوارێکی ژیانت هەیە کە

بڕێکی زۆر پارەت تیادا وەبەرهێناوە لە پرۆژەیەك، خزمەتگوزارییەك، کەسێك و تەنانەت بەرەوپێشبردنی کارامەییەك کە چیدیکە یارمەتیدەر و پێویست نییە؟ ئامادەبە بۆ نوسینەوەی ئەوەی کە ئەم وەبەرهێنانی کاتەی رابردووت، ئێستا بووە بە شتێکی بەفیڕۆدراو. پەسەندی بکە. بەردەوامبە. چیدیکە کاتی زیاتر وەبەرمەهێنە لە بوارێکدا کە خۆت دەزانیت ئەوە باشترین بەکارهێنانی کات و کۆششەکەت نییە.

بواری دووەمی پارەی بەفیڕۆدراو پەیوەندی بە وەبەرهێنانەکانەوە هەیە. ئایا هیچ وەبەرهێنانێکی دارایی هەیە کە بە زانینی ئەو شتەی ئێستا دەیزانیت دووبارە لە ئەمڕۆدا چیدیکە ئەو وەبەرهێنانانە ناکەیتەوە ئەگەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەیتەوە؟ ئەگەر پرسیاری داهاتوو بوونی هەیە، ئەوا ئەوەیە چۆن و چەندە بەخێرایی لەم وەبەرهێنانە دێمە دەرەوە؟

شتێکی خەمناکە کە زۆرێك لە خەڵکی و کۆمپانیاکان دەبینیت پارە وەبەردەهێنن لە بوارێکدا کە بە زانینی ئەو شتەی ئێستا دەیزانن ئەوا هەرگیز پارە لەو بوارانەدا خەرجناکەنەوە ئەگەر دووبارە دەست پێبکەنەوە.

## خەیاڵکردنی ئەوەی کە لە ئەمڕۆدا دووبارە دەستپێدەکەیتەوە

بواری سیستەمی بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە هەیە. بەگوێرەی دەروونناسەکان خەڵکی ڕقیان لە لەدەستدانی کات، پارە یان هەر جۆرێکی سۆز هەیە. زۆرجار بیرۆکەیەکی نەویستراویان هەیە

دەربارەی لەدەستدانەکان، ڕەتی دەکەنەوە دانی پیادا بنێن و هەوڵدەدەن کە دووبارە بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرکەوتوو بنەوە.

لە تەواوی ژیانتدا، بڕێکی زۆر سۆز وەبەردەهێنیت لە خەڵکی، پڕۆژەکان و دۆخەکاندا. بەتەواوی دڵت دەخەیتە ئەو دۆخەوە یان ئەو پەیوەندییەوە بۆئەوەی کە سەرکەوتوو بێت بەڵام لە کۆتاییدا، پێویستە دانی پیادا بنێیت کە سەرکەوتوو نەبویت و وەبەرهێنانی سۆزەکەت لەدەستداوە و بۆ هەمیشە لەدەستچووە. ناتوانیت بیهێنیتەوە. ئێستا چیدیکە شتێکی بەفیڕۆدراوە.

کەسایەتییەکی زۆری دەوێت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ڕاستیی دۆخێك یان پەیوەندییەکی شکستخواردوو کە دانی پیادا بنێیت هەڵە بویت. هەڵەت کرد کە بڕیارەکەت گۆڕی بەڵام تا زیاتر بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە جێبەجێ بکەیت ئەوا زیاتر دەبیتە کەسێکی خۆگونجێنەر.

## قازانجە گەورەکە

ئەمە هەواڵە خۆشەکەیە. کاتێك لە کۆتاییدا بوێرییت هەیە بۆ کۆتای هێنان بە بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە ئەوا هەمان کاردانەوەت دەبێت کە تەواوی خەڵکی لە سەرانسەری جیهاندا هەیانە. یەکەم، هەست بە پشوویەکی زۆر تەنانەت دڵخۆشی و ئازادییش دەکەیت. هەستت بە جۆرێك دەبێت وەك ئەوەی کە قورساییەکی زۆر لەسەر شانەکانت لابرا بێت. دووەم، لە خۆت دەپرسیت:" بۆچی ماوەیەکی زۆر بەرلەئێستا ئەم شتەم ئەنجامنەدا؟"

کارامەیی بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە زۆر گرنگە ئەگەر بتەوێت درک بەتەواوی تواناکەت لە کار و ژیانی کەسییتدا بکەیت. هەتا زیاتر جێبەجێی بکەیت ئەوا باشتر دەبیت تیایدا. لە تواناتدا دەبێت بڵێیت:" هیچ دۆخێك نییە لە ژیانمدا کە بیگۆڕم یان لێی بێمەدەرەوە ئەگەر پێویست بێت ئەمڕۆ دەست پێبکەمەوە."

## حەوت یاسا بۆ بیرکردنەوە بە شێوازێکی باشتر و بڵندتر

هەندێك کات سادەترین بیرۆکەکان دەتوانن بیرکردنەوەت باشتر بکەن و بینەهۆی ئەوەی دۆخەکەت بە شێوازێکی تەواو جیاواز ببینیت. کلیلەکە بۆ تۆیە تا ئەوەی هەمیشە کراوە بیت بۆ ئەو ئەگەرەی هەرشتێك کە ئەنجامی دەدەیت ڕەنگە بەتەواوی هەڵە بێت. ڕەنگە ڕێگایەکی باشتر و تەواو جیاوازتر هەبێت بۆ ئەنجامدانی هەرشتێك وە زۆربەی کاتیش ئەو ڕێگایە بوونی هەیە.

حەوت ئامرازی یارمەتیدەر هەن کە دەتوانیت بۆ زیادکردنی گونجاوییەکەت و خێراکردنی بیرکردنەوە هزرییەکەت بەکاریان بهێنیت:

١. دووبارە بیرکردنەوە: لەم کاتەدا پێویستە کاتژێرەکە بوەستێنیت، پشوو وەربگریت، بگەڕێیتەوە دواوە و سەیرێکی دۆخەکەت بکەیت. سێ پرسیار لە خۆت بکە:

* هەوڵدەدەم چی ئەنجام بدەم؟
* دەمەوێت چۆن ئەنجامی بدەم؟
* ئایا دەکرێت ڕێگایەکی باشتر هەبێت؟

هەرکاتێك هەستت بە بێ ورەیی یان هەر جۆرێك لە بەرهەڵستی کرد لە هەوڵدانەکەتدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت ئەوا بگەڕێوە دواوە و ئەم سێ پرسیارە لە خۆت بکە. زۆر جار بۆت دەردەکەوێت ئەو شتەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت شتە دروستەکە نییە یان هێندەی ڕابردوو گرنگ نییە ئەو شتە. ڕەنگە بۆت دەربکەوێت بەو ڕێگایەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت سەرکەوتوو نابێت. بە پرسیارکردن لەوەی کە ئاخۆ ڕێگایەکی باشتر هەبێت ئەوا مێشکت بەرەو ڕووی چەندین ئەگەردا دەڕوات لەبەرئەوەی هەمیشە ڕێگایەکی باشتر هەیە.

٢. هەڵسەنگاندنەوە: بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە جێبەجێ بکە و ڕەچاوی ئەگەرەکانی ئەنجامدانی شتەکان بکە بە ڕێگایەکی تەواو جیاواز. هەرکاتێك دڵخۆش نەبویت بە دۆخێکی بەردەوام ئەوا لە خۆت بپرسە:" ئەگەر لەم دۆخەدا نەبومایە بە زانینی ئەوەی کە ئێستا دەیزانم، ئایا ئەمڕۆ دووبارە دەستم پێدەکردەوە؟" ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە ئەوا چۆن و چەندە خێرا لێی دێیتە دەرەوە؟

٣. ڕێکخستنەوە: بۆ چەندین ڕێگا بگەڕێ بۆ زیادکردنی کارامەیی و کاریگەری ڕێگاکانی ئەنجامدانت بە گۆڕانی خەڵکی و سەرچاوەکان و کەمکردنەوەیان بە ڕێگای جیاواز.

☐ گرنگترین ئامانجەکانت لە کارەکەت و بازرگانییەکەتدا چین لە ئێستادا؟ ئایا گۆڕاون؟

☐ گرنگترین، بەبەهاترین و وەبەرهێنەرترین کەسانی ژیانت کێن؟

☐ چۆن دەتوانیت باشتر کارەکەت ڕێکبخەیتەوە بۆئەوەی باشترین و وەبەرهێنەرترین کەسانی ژیانت جەخت لەسەر گرنگترین ئامانجەکان و گەورەترین دەرفەتەکان بکەنەوە؟

٤. بنیادنانەوە: بەکارهێنانی کارمەندەکان و سەرچاوەکانت بۆ لە سەدا بیستی چالاکییەکانت دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی لە سەدا هەشتای دەرئەنجامەکان.

☐ لە سەدا بیستی دەرئەنجامەکانت چین کە دەبنەهۆی لە سەدا هەشتای داهات و قازانجی بازرگانییەکەت؟

☐ باشترین لە سەدا بیستی چالاکییەکانت کە دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی لە سەدا هەشتای تەواوی دەرئەنجامەکانت چین؟

☐ باشترین لە سەدا بیستی ستافەکەت کێن کە دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی لە سەدا هەشتای تەواوی ئەنجامەکانت؟

لە بازرگانییدا، مەراقی سەرەکییت دەبێت پرۆسەی بەرهەمهێنانی داهات بێت. باشترین کارمەندەکانت بخەرە ئەو بوارانەی کە تیایدا دەتوانن گەورەترین کاریگەری ئەرێنییان هەبێت لەسەر بەرهەمهێنانی داهاتی زیاتر بۆ کۆمپانیاکەت.

٥. دەستپێکردنەوە: بەبەردەوامی داوای ڕێگا بکە بۆ ئاسانکردنی کارەکەت و ژیانت بە پێدان و ڕاپەڕاندنی کارەکەت بە کارمەند و کۆمپانیای تر، بە کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێکارەکان یان لابردنی چالاکییە دیاریکراوەکان.

☐ دەتوانیت چی چالاکییەك یان پرۆسەیەك ئاسان بکەیت و بەرەوپێش ببەیت تائەوەی خێراتر و بە پارەی کەمتر ئەنجام بدرێت؟

☐ دەتوانیت چی چالاکییەك بدەیت بە کەسانی تر یان پێدانی کارەکان بە کۆمپانیای تایبەت تائەوەی خێراتر ئەنجام بدرێت؟

☐ دەتوانیت چی جۆرە چالاکییەك پێکەوە لەناو ببەیت ( نەهێڵیت ) بەبێ لەدەستدانی ڕاستی بەرهەمهێنان، فرۆشتن یاخود قازانجکردن؟

هەرکاتێك یەکێك لەم پرسیارانە دەکەیت ئەوا برەو بە داهێنەرییەکەت دەدەیت و وەڵامەکانت دەستدەکەوێت کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکەت و ئەنجامی زیاتر و باشتر بەدەست بهێنیت بە شێوەیەکی خێراتر و هەرزانتر.

٦. داهێنانەوە: بەردەوام وا خەیاڵ بکە کە چی شتێکت جیاواز ئەنجامدەدا ئەگەر دووبارە ئەمڕۆ دەستت بەکار بکردایەتەوە.

☐ خەیاڵ بکە لە بازرگانییەکەت یان بەشەکەتدا دووبارە ئەمڕۆ دەست پێدەکەیتەوە، ئایا چی شتێکی جیاوازت ئەنجامدەدا؟

☐ چی شتێکت زیاتر ئەنجام دەدا؟

☐ چی شتێکت کەمتر ئەنجامدەدا؟

☐ چی شتێکت ئەنجامدەدا کە لە ئێستادا ئەنجامی نادەیت؟

☐ وازت لە ئەنجامدانی چی شتێك دەهێنا؟

ئەم پرسیارانە بیرۆکە و بەرچاوڕوونییت پێدەدەن هەر کات کە دەیانپرسیت. چی شتێکت زیاتر، کەمتر ئەنجام دەدا یان دەستت پێدەکرد یان وازت لە ئەنجامدانی دەهێنا؟

٧. کۆنترۆڵکردنەوە: ئەمە پێویستی بەوەیە کە کرداری تایبەت بگریتەبەر لە کارەکەت و بازرگانییەکەتدا لەسەر بنەمای وەڵامەکانت بۆ شەش خاڵەکەی پێشتر.

☐ دەستبەجێ چی کردارێك ئەنجام دەدەیت سەبارەت بە کارە کەسییەکەت و چالاکییەکانت؟

☐ دەستبەجێ چی کردارێك ئەنجام دەدەیت سەبارەت بە ستافەکەت؟

☐ دەستبەجێ چی کردارێك ئەنجام دەدەیت سەبارەت بە خودی کارەکە؟

لە هە دۆخێکدایت، خەیاڵ بکە کە هیچ سنورێکت نییە. وا دابنێ کات و پارەی تەواو و هەموو بەهرە و توانایەکت هەیە، هەموو هاوڕێ و پەیوەندییەکانت وە هەموو سەرچاوەکان کە پێویستە ببیت، ئەنجامی بدەیت یان هەرشتێکت هەبێت لە بازرگانییەکەت یان ژیانی کەسییتدا.

کاری سەرەکییت ئەوەیە کە بەتەواوی ڕوون بیت سەبارەت بە شتە دروستەکە، باشترین شت بۆئەوەی ئەنجامی بدەیت و پاشان بەتەواوی خۆت تەرخان بکەیت بۆ شێوازێکی نوێ.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. لێکۆڵینەوە لە ژیانی کەسییت و سیستەمی بازرگانی پێکەوەبیت بکە. لە خۆت بپرسە، ئایا دەکرێت ڕێگایەکی باشتر هەبێت بۆئەوەی فرۆشتن و قازانج و دەستکەوتی کەسی بەرهەم بهێنیت.

٢. شیکاری بە ( زانینی ئەو شتەی لە ئێستادا دەیزانم ) بکە بۆ هەموو بەشەکانی کارەکەت و ژیانی کەسییت. " بە زانینی ئەو شتەی لە ئێستادا دەیزانم، ئایا شتێك هەیە کە ئێستا ئەنجامی دەدەم ئەوا دووبارە ئەنجامی نادەمەوە ئەگەر پێویست بێت لە سەرەتاوە دەست پێبکەمەوە؟"

٣. دەبێت چی شتێك زیاتر، کەمتر ئەنجام بدەیت یان دەست پێبکەیت یان واز لە ئەنجامدانی بهێنیت بۆئەوەی ئەنجامی باشتر و جیاوازترت دەستبکەوێت؟

# بەشی هەشتەم

## بیرکردنەوەی داهێنەرانە X بیرکردنەوەی خۆپەسەندانە

"خەیاڵکردن ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تیایدا هەموو پلانە نوێیەکانی دروست دەکات."

( ناپلیۆن هیلّ )

بیرکەرەوە داهێنەرەکان جیهان بەڕێوەدەبەن. بەبەردەوامی داوای ڕێگای ئاسانتر، باشتر و خێراتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان کە بۆ کەسانی تر گرنگن. ڕێسای بەرەوپێشچوونی کۆتایی نەهاتوو و بەردەوام پەیڕەو دەکەن.

بە واتای بەرەوپێشچوون دێت بە شێوەیەکی کۆتایی نەهاتوو و بەردەوام. ئەوان بەرپرسیارن لە هەموو بەرەوپێشچوونە گرنگەکان، بیرۆکە نوێیەکان و پێشکەوتنەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دەزانن هەندێك کات بیرۆکەیەکی باش دەبێتەهۆی گۆڕانی تەواوی بازرگانییەك یان ژیانی کەسێك.

### بیرکردنەوەی خۆپەسەندانە

لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە نەگۆڕ و نەگونجێنەرە. یان بەو شێوازەی کە من دەڵێم یان هیچ شێوازێکی دیکە بەکارناهێنن. ئەم بیرکردنەوەیە لە ترس لە شکست یان ئەنجامدانی هەڵە و لەدەستدانی

کات، پارە یان هەردووکیانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەرەوپێشچووە. لە ترس لە ڕەخنەگرتن یان پەسەندنەبوون و تاقیکردنەوەی شتێك کە سەرکەوتوو نابێت دروست دەبێت.

بیرکەرەوە هەژارەکان بیر لە شتانێك دەکەنەوە کە ئاسان و سادەن بۆ تێگەشتن وەك لە شتانێکی ئاڵۆز و دژوار بۆ تێگەشتن. بیر لە شتانێك دەکەنەوە کە تەواو پێچەوانەن وەك بەڵێ پێچەوانەی نەخێر، سەرەوەوە پێچەوانەی خوارەوە. پێیان وایە یەك ڕێگا هەیە لە کاتێکدا زۆربەی کات چەندین ڕێگا بوونی هەیە. لە ڕووی گۆڕان و ڕووبەڕووبونەوەوە، پەرە بە ڕەقبونی شانەکان دەدەن کە بە تەنها بۆچونی من پێناسەکراوە.

هەوڵ بۆ نەگۆڕی دەدەن. لە ناوچەی پاڵدانەوەکەیاندا ماونەتەوە. بێزارن و دەترسن لە هەرشتێکی نوێ یان جیاواز تەنانەت باشبوون لە بارودۆخیشدا. بەڵام ئەمە بۆ تۆ نییە.

## تۆ کەسێکی بلیمەتی بەتوانایت

توانایەکی داهێنەریی زیاترت هەیە وەك لەوەی کە بتوانیت لە ماوەی ژیانتدا بەکاری بهێنیت. هەتا زیاتر توانای داهێنەرییەکەت بەکار بهێنیت ئەوا زیاتر دەتوانیت کاری پێبکەیت. لەڕاستییدا دەبیت بە کەسێکی داهێنەرتر هەر کات بیرۆکەیەکی نوێت بۆ دێت. گوتراوە هەموو منداڵێك بە بلیمەتی لەدایك دەبێت، ئەمەش واتە تۆش لە ماوەی ژیانتدا کەسێکی بلیمەتییت.

دەریدەخات کە داهێنەریی باشترین تاکە دەرخەر یان نیشانەی سەرکەوتنە لە کار و ژیاندا. هەتا زیاتر داهێنەر بیت ئەوا بیرۆکەی باشتر و زیاترت

بۆ دێت بۆ بەرەوپێشچوونی ژیان، کارەکەت و هەموو شتەکانی چواردەورت. بیرۆکەیەکی باش دەکرێت بەس بێت بۆ گۆڕینی تەواوی ئاراستەی ژیانت. چۆن داهێنەری دەناسیتەوە؟ کەسانی داهێنەر بەمەراقن، پرسیارگەلێکی زۆر دەکەن و هەرگیزیش قایل نابن. لەڕاستییدا، دەتوانیت ببیتە کەسێکی داهێنەر تەنها بە پرسیارکردنی زیاتر سەبارەت بەو شتانەی کە ڕوودەدەن لە چواردەورت و زۆر ڕازی نیین بە وەڵامە سەرپێییەکان.

## کەسانی بلیمەت لە تەواوی سەردەمەکاندا

زۆر لێکۆڵینەوە هەیە سەبارەت بە خاسیەتەکانی کەسانی بلیمەت لە تەواوی سەردەمەکاندا. یەکەم ڕاستی کە بۆیان دەرکەوت ئەوەبوو کە زیرەکی، پەیوەندی بە ئاستی زیرەکی یان بڕوانامەی ئەکادیمییەوە نەبوو. زۆرێك لەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت بلیمەت ڕێژەییەکی زیرەکیی ئاسایی یان کەمێك لە سەرو ئاساییان هەبووە. بیرکردنەوە یان بلیمەتی، زیاتر بابەتی هەڵوێست و شێواز بوو بەرەو بەرەنگارییە ناچارییەکانی ژیان. وا دەردەکەوێ کە بلیمەتەکان بەدرێژایی تەمەنیان سێ خاسیەت پەرە پێدەدەن.

## بەردەوام با مێشکێکی کراوەت هەبێت

یەکەم، بە مێشکێکی کراوەوە ڕووبەڕووی هەموو کێشەیەك یان دۆخێك دەبنەوە. زیاتر وەك هەڵوێستێکی منداڵانەی گەڕان و دۆزینەوەیە. هەتا زیاتر مێشکت کراوە بێت بۆ شێوازی جیاواز و تەواو نوێ بۆ هەر دۆخێك

له ژیانتدا، ئەوا زیاتر ئەگەری بەرچاوڕوونی و بیرۆکەت دەبێت کە لە ناوچەی پاڵدانەوەت دەرت دەکات و وات لێدەکات بیرۆکەی نوێ بەکاربهێنێت. بەردەوام دەپرسن، "بۆچی؟" وە "بۆچی نا؟" وە "چی دەبێت ئەگەر؟"

دووەم، بلیمەتەکان بەوریاییەوە ڕەچاوی لایەنەکانی هەموو کێشەیەك دەکەن. ڕەتیدەکەنەوە دەستبەجێ بچنە دەرئەنجام و لەبری ئەوە داتا و زانیاریی زیاتر کۆ دەکەنەوە. لە هەموو قۆناغێکدا، تاقیکردنەوە و سەلماندن بۆ هەموو دەرئەنجامە نادڵنیاکان دەکەن و خۆیان لە بڕیاردانی خێرا لادەدەن. هەمیشە کراوەن بۆ هەر ئەگەرێك کە ڕەنگە ئەوان هەڵەبن یان ئەوەی کە بیرۆکەکەیان باش نەبێت.

## باشترین چارەسەر

ئالبێرت ئاینشتاین جارێك پرسیاری لێکرا، "ئەگەر دۆخێکی بەپەلەی گەورە یان کارەساتێکی وێرانکەر ڕوویدات کە ڕەنگە زەوی لەناو ببات لە ماوەی شەست خولەکدا وە تۆش داوات لێبکرێت کە چارەسەرێك بدۆزیتەوە، " ئایا چی دەکەیت؟"

وەڵامی دایەوە:" پەنجا و نۆ خولەکی سەرەتا لە کۆکردنەوەی زانیاریدا بەسەر دەبەم و خولەکی کۆتایی لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا بە باشترین شێوە." لە ئەمڕۆدا، لە کاری بازرگانییدا، بەتایبەت لە بەرەوپێشچوونی بەرهەمی نوێدا هەتا زیاتر کات بەسەر ببەیت بە کارکردن لەگەڵ کڕیارەکاندا بۆئەوەی دڵنیابیتەوە کە بەرهەمە نوێیەکەت یان بیرۆکەی خزمەتگوزارییەکەت کتومت ئەو شتەیە کە دەیانەوێت، پێویستیانە و

ئامادەن کە پارەکەی بدەن ئەوا سەرکەوتوو دەبێت لە بازاڕی پێشبڕکێدار و گۆڕانی خێرادا.

## شێوازێکی ڕێکخراو

سێیەم، هەموو جۆرەکانی کەسانی بلیمەت شێوازێکی ڕێکخراو بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کڕیارەکانیان. بیرکاریزانێکی بەتوانا، فیزناسەکان، دکتۆرەکان، میکانیکەکان و کەسانی تر لە پسپۆڕیەکانی تردا پەلەناکەن لە چارەسەرکردنی کێشەدا. لەبری ئەوە شوێن لیستێکی دیزاینکراو دەکەون و ڕێگاکەیان هەنگاو بە هەنگاو بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. ئاتول گواندی لە یەکێك لە کتێبەکانیدا، چیرۆکی دوو پسپۆڕی وەبەرهێن دەگێڕێتەوە. هەردوکیان سەرکەوتوون بەڵام یەکیان زۆر سەرکەوتووترە. دەرکەوت کە هەردووکیان چەندین ساڵ ئەزمونیان هەبووە لە هەڵسەنگاندن و وەبەرهێنانی ڕێژەیەکی زۆر بۆ خۆیان و کڕیارەکانیان. بەڵام ئەو کەسەیان سەرکەوتوتر بوو لیستێك پرسیاری گرنگ و پێویستی پەرەپێدا بۆ پرسیارکردن و تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنی پێشنیازی وەبەرهێنان بەر لە بڕیاردان. وەبەرهێنەکەی تر چەندین تەکنیك و تاکتیکی هاوشێوەی بەکارهێنا بو بۆ هەڵسەنگاندنی وەبەرهێنانێك بەڵام زیاتر زانیاری و ئەزموونی بەکاردەهێنا. لەئەنجامدا، زۆربەی جار پارەی لەدەستدەدا لە کاتێکدا کە نەدەبوو لەدەستی بدات. ئەمە خاڵێکی ناوازەیە کە گواندی خستیەڕوو. کەسی یەکەم بەردەوام سەرکەووتر بوو لە دووەم. بەڵام لە چەندین دۆخی جیاوازدا هەڵەیکرد و پارەی لەدەستدا، هۆکارەکە کتومت هەمان شت بوو

ئەویش ئەوە بوو کە لیستەکەی پشتگوێخست و شوێنی نەدەکەوت. یەك یان دوو خاڵی گرنگی لە لیستی ڕەچاوکردنە گرنگەکەیدا لەدەستدا. کاتێك گەڕایەوە هەتا شوێن لیستەکەی بکەوێت بەوردی، تۆماری وەبەرهێنانەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچوو.

## شێوازێکی ڕێکخراو بۆ چارەسەرکردنی کێشە

ئەمە ڕێگایەکی پلان بۆ داڕێژراو و پلان بۆ دانەڕێژراوی چارەسەرکردنی کێشە و بڕیاردانە کە لەلایەن پسپۆڕەکان و کۆمەڵە کەسانێکی شارەزاوە بەرەوی پێدراوە لە ماوەی چەندین ساڵدا. باشترین بیرۆکەکانم کە دۆزیومنەتەوە و کردوومن بە ڕێگایەکی ئاسان دەتوانیت بۆ تەواوی پیشەکەت بەکاریان بهێنیت.

هەنگاو یەکەم: پێناسەی کێشەکە یان ئامانجەکەت بەڕوونی و بە نوسین لەسەر پەڕەیەك بکە. ئەگەر لەگەڵ گروپێکدا کار دەکەیت ئەوا کێشەکە یان ئامانجەکە بنوسەرەوە لەسەر بۆردێکی وەرەقە یان بۆردێکی سپی هەتاکو هەمووان ڕازی دەبن.

بەڵێ، ئەمە دروستترین پێناسەی کێشەیە. لە بواری پزیشکیدا دەڵێن، "دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە بەدوروستی، نیوەی چارەسەرەکەیە." لە بازرگانییدا، بڕەودان بە پێناسەی کێشەکە بەدروستی زۆرینەی جار وا لە کێشەکە دەکات ڕوون دەربکەوێت.

هەنگاوی دووەم: کاتێك پێناسەی کێشەکەت یان ئامانجەکەت کرد بەڕوونی دواتر دەپرسیت، "چی شتێکی تر کێشەیە؟" ئاگاداری هەر کێشەیەك بە کە یەك پێناسەی هەیە. دووبارە پێناسەی کێشەکە بکەرەوە

بە چەندین ڕێگای جیاواز بۆئەوەی وای لێبکەیت زیاتر لەگەڵ وەڵامە ڕاستەکەدا بگونجێت. ( ڕەنگە بە هیچ جۆرێک کێشە نەبێت بەڵکو دەرفەتێک بێت.)

خراپترین شت کە دەتوانیت بیکەیت ئەوەیە کە چارەسەرێکی نایابت بۆ دێت بۆ کێشە هەڵەکە یان بۆ کێشەیەک کە بوونی نییە.

## ڕێژەی شکستهێنانی بەرهەمەکان

ڕێژەی لە سەدا هەشتای بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێیەکان لە ماوەی دوازدە مانگدا شکست دەهێنن. هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە کۆمپانیاکە پەرە بە بەرهەمێک دەدات، پێشکەشی دەکات و کێشەیەک چارەسەر دەکات کە کڕیارەکان نیانە.

وەک چیرۆکی کۆمپانیای خۆراکی سەگەکە وایە کە چەندین ملیۆن دۆلاریان تیادا بەکارهێنا بۆ پەرەدان بە خۆراکی بێکەم و کورتی سەگ لە هەموو ڕویەکەوە. هاوسەنگی ڕاگیرا بوو بەڵام بەرهەمەکە شکستی هێنا لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا. کاتێک ئەو کەسانەی کە پەرەیان بە بەرهەمەکەدا پرسیاریان لێکرا چی ڕوویداوە. لە وەڵامدا گوتیان:" کێشەکە ئەوە بوو سەگەکان ڕقیان لێی بوو." هەر پێناسەیەکی کێشەکە کە تۆ کاری لەسەر دەکەیت، ئاڕاستەی چارەسەرەکە دیاری دەکات. ئەگەر پێناسەی وەڵامەکەت نادروستە، وەڵامەکە هەرچەندە زیرەکانە بێت سودی نابێت.

## پرۆسەی گەشەپێدانی فرۆشتن

لە کارەکەم لەگەڵ دەزگاکانی فرۆشتندا بە پرۆسەیەکی ڕێکخراوی بیرکردنەوەی داهێنەریدا دەیانبەم. لە زۆربەی دۆخەکاندا، کێشەی سەرەکی کە بازرگانییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، فرۆشتنی هەرزانە لەبەرئەوە بە پرسیارێك دەستپێدەکەم، کێشەکە چییە؟

زۆربەی کات یەکەم پێناسەی کێشەکە ئەوەیە، فرۆشەکانمان زۆر هەرزانن.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ بە ئەندازەی پێویست کڕیاری نوێ سەرنجکێش ناکەین.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ ئەو کڕیارانەی کە سەرنجکێشیان دەکەین بە ئەندازەی پێویست شت ناکڕن.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ بە ئەندازەی پێویست بۆچونەکانمان ناگۆڕین بە کڕیاری دەوڵەمەند.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ ڕیکلامەکانمان و زیادکردنی فرۆشەکانمان کڕیاری نوێی پێویست سەرنجکێش ناکەن.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ کڕیارەکانمان زۆر جار بە ئەندازەی پێویست شت ناکڕن.

چی شتێکی تر کێشەیە؟ کڕیارەکانمان زۆرێك لە شتەکان لە پێشبڕکێکارەکانمان دەکڕن.

بەردەوامبە لە پرسیارکردنی پرسیاری" چی شتێکی تر" هەتاکو پێناسە دروستەکەی کێشەکە دەدۆزیتەوە.

پێناسەکە چارەسەرەکە دەستنیشان دەکات

هەر کام لەم وەڵامانە کە بڕیاریان لەسەر دەدەیت ئەگەر وەڵامە دروستەکەیە ئەوا هەندێک کات پێویستی بە وەڵامێکی تەواو جیاواز دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارانەیە زۆر گرنگە وەڵامەکەت تاقی بکەیتەوە و هەڵی بسەنگێنیت بۆئەوەی دڵنیابیت کە کار لەسەر کێشە ڕاستەکە دەکەیت لە سەرەتاوە.

هەنگاوی سێیەم: دەپرسیت:" چارەسەری کێشەکەمان چییە؟ هەر وەڵامێك کە دێت بە مێشکتدا، پاشان دەپرسیت:" چی شتێکی تر چارەسەری کێشەکەمانە؟" ئاگاداری ئەو کێشەیە بە کە تەنها وەڵامێکی هەیە. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان ژمارەیەك چارەسەری شیاو پەرەی پێدەدەیت و خاسیەتی چارەسەری کۆتایی کە بڕیاری لەسەر دەدەیت. زۆربەی جار دوو بیرۆکەی ناڕاستی لێکدراو دەتوانن ببنە بیرۆکەیەکی نایاب کە ئاڕاستەی بازرگانییەکەت دەگۆڕن.

هەنگاوی چوارەم: کاتێك کۆمەڵێکی زۆر چارەسەری شیاوت پەرەپێدا. پێویستە کورتیان بکەیتەوە و بڕیارێك بدەیت. لە زۆربەی دۆخەکاندا، هەر بڕیارێك بێت لە هیچ بڕیارنەدانێك باشترە. ئەگەر ناتوانیت دەستبەجێ بڕیارێك بدەیت ئەوا بەروارێك دابنێ کە تیایدا بڕیارەکە دەدەیت و دەست دەکەیت بە کردار.

ستیف جۆبز دەڵێت:" بیرۆکەی داهێنەرانە بە پێکەوەبەستنی خاڵەکان بە ڕێگای جیاواز دروست دەبێت." ئەمە کلیلەکەیە کە لەلایەن بیرکەرەوە بلندەکانەوە بەکارهاتووە لە هەموو شوێنێکدا. ئەگەر لەگەڵ بڕیارێکدا

ململانێ دەکەیت ئەوا خاڵی زیاتر کۆ بکەرەوە، زانیاری زیاتر کۆبکەرەوە و ڕاوێژکارێك بە کرێ بگرە کە شارەزا بێت لەم بـوارەدا. کەمتەرخـەمی مەکـە لـە کۆکردنـەوەی باشـترین زانیاریـدا. بیرۆکەیـەکی نـوێ یـان ڕەچاونەکراو دەتوانێت سامانێکت بۆ دەستەبەر بکات.

هەنگاوی پێنجەم: بڕیاربدە کە چۆن پێوانـەی سـەرکەوتنی ئـەم بڕیـارە دەکەیت. پێوانە و ئاستی کوالێتی ڕوون دابنێ. پێوانەی بڕی دەستکەوت و ویستراوەکەت بکە. ڕێساکە ئەمەیە:" ئەگەر دەتەوێت لـە بازرگانیـدا سەرکەوتوو بیت ئەوا پێوانە بۆ هەموو شتێك دابـنێ. ئەگـەر دەتـەوێت دەوڵەمەند بیت ئەوا پێوانەی دارایی بۆ هەموو شتێك دابنێ."

بیرت بێت ئەگەر ناتوانیـت پێوانـەی بکـەیت، ئـەوا ناتوانیـت ئـەنجامی بدەیت. ئەو شتەی کە پێوانە دەکرێت، بەئەنجام دەگەیەندرێت.

هەنگاوی شەشەم: بەرپرسیاریەتی کارێك، ئەرکێك یان چەند کارێـك بـدە بە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك. هەموو بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك یان پڕۆژەیەك پێویستی بە پاڵەوانێکە. ئەو کەسەی بەڕاستی بەرپرسـیارە لە پڕۆژەکە ئەوا سەرکەوتنی، کەسێتی و پارەدان، بەرزکردنەوەکەی دیاری دەکرێن یان کاریگەری لەسەر دەبێت لەلایەن ئەنجامەکانییەوە.

هەڵەیەکی گەورە کە کۆمپانیا بچوك و گەورەکان دەیکەن ئەوەیە هـاوڕان لەسەر بەرهەمێکی نوێ یان بیرۆکەی خزمەتگوزارییەك یان لەسەر جـۆرە پڕۆژەیەك وە پاشان هەموان دەگەڕێنەوە سەر کار. هـیچ کەسـێك کـاری تایبـەتی پێنـەدراوە بـۆ ئـەم پڕۆژەیـە. پاشـان دەبێتـە "پڕۆژەیـەکی

بێسەرپەرشتان " لە کۆمپانیاکەدا شتێك کە هی هەمووانە و هی هیچ کەسێکیش نییە. ڕێگە مەدە لە کارە بازرگانییەکەتدا ئەمە ڕوووبدات.

هەنگاوی حەوتەم: بەروارێکی سەرەکی و کۆمەڵە بەروارێك دابنێ بۆ تەواوبوون. هەتا دەرئەنجامە شاراوەکە تەواو دەبێت زیاتر و زیاتر بەدروستی پێویستە بەڕێوەی ببەیت و پێوانەی بەرەوپێشچوونەکە بکەیت. وردبینی ئەو شتە بکە کە پێشبینی دەکەیت. ئەو شتەی وردبینی دەکرێت ئەوا بەئەنجام دەگەیەندرێت.

هەنگاوی هەشتەم: پلانی ( بی ) پەرە پێبدە. ( پلانێك بۆ دۆخی دواکەوتن ) یان بژاردەیەك بۆ ئەو دۆخەی کە بە هەر هۆکارێك بێت یەکەم چارەسەرت سەرکەوتوو نابێت. ڕاپۆرتی کارەساتەکە پڕ بکەرەوە. بپرسە، خراپترین شتێك کە ئەگەری ڕوودانی هەیە لەم دۆخەدا چییە؟ خراپترین دەستکەوتی شیاو ئەوەیە کە ڕەنگە بەتەواوی شکست بهێنیت و هەموو ئەو پارە و کاتەی کە تیایدا بەکار هاتووە بەفیڕۆ بچن.

چۆن دەتوانیت ئەگەرەکانی شکست کەم بکەیتەوە؟ چۆن دەتوانیت ئەگەرەکانی سەرکەوتن زیاد بکەیت؟ چی شتێکی دیکە دەکەیت ئەگەر چارەسەرەکەت سەرکەوتوو نەبێت؟

## پلانێك بۆ دۆخی دواکەوتن پەرە پێبدە

جەنەراڵە مەزنەکان پلان دادەڕێژن کە هەموو جەنگەکان ببەنەوە بەڵام خۆیان بۆ شکست ئامادە دەکەن ئەگەر ڕوووبدات. کۆمەڵە جەنگاوەر و چەکێك لە دواوە دادەنێن. پەرە بە ئامادەکاری دەدەن بۆ ئەگەری کێشە



Scanned by TapScanner

وە پلانێکی دواکەوتنیش دادەنێن. دەزانن کە کشانەوەیەکی ڕێکخراو باشترە لە شکستێکی تەواو.

هەرگیز هەموو شتێك مەخەرە مەترسییەوە لەسەر پلانێك. تەنها ئەو مەترسییانە بگرەبەر کە هەژمارکراون. ئەو مەترسییانەی کە دەتوانیت بگەڕێیتەوە ئەگەر بەتەواوی شکستیان هێنا. ئومێد ستراتیژییەك نییە بەڵکو ڕێسایەکە بۆ کارەسات. لە بازرگانییدا، بیرۆکەی بەرهەمێکی نوێ دابنێ و ئەوان خۆیان دێن. زۆربەی کات ڕەچەتەیەکی دڵنیایە بۆ شکست.

هەنگاوی نۆیەم: لەسەر بیرۆکەکان کردار بکە. خێرا بجوڵێ. هەستێکی ئیلهامبەخش پەرە پێبدە. شتێك بکە. هەرشتێك بێت ئەنجامی بدە بەڵام لەگەڵی بەردەوامبە. جەنەراڵ جیۆرج پاتن دەڵێت:" ئەگەر ئێستا پلانێکی باش بەناچاری ( توندوتیژی )جێبەجێ بکرێت ئەوا باشترە لە پلانێکی بێکەم و کورت و نایاب کە لە هەفتەی داهاتوودا جێبەجێ بکرێت."

ئەم شێوازە ڕێکخراوەی چارەسەرکردنی کێشەکان بەکار بهێنە بۆ هەر کێشە و بەربەستێك کە لە بازرگانییەکەتدا ڕوبەڕووی دەبیتەوە. ڕێکخستنی خۆت بۆئەوەی شوێن ڕەچەتەیەك بکەویت بۆ بیرکردنەوەی باشتر. بەدڵخۆشییەوە سەرسام دەبیت بە ئەنجامەکە.

بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر چارەسەرەکە

بیرکردنەوەی جەختکراو لەسەر کێشەکە

نیشانەی ڕاستیی زیرەکییەکەت و داهێنەرییەکەت تواناکەتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیاردانەکان. هەر ناونیشانێکی نوسراو لەسەر کارتە بازرگانییەکەت، وەسفی کارە ڕاستەکەتە ( چارەسەرکەری کێشەیە.) لە سەرەتای ڕۆژەوە کە دەست بە کار دەبیت تاکو ئەو کاتەی دەست هەڵدەگریت و هەتا دواتریش ئەوا تۆ کێشە چارەسەر دەکەیت، کێشەی گەورە و بچوک.

جەنەراڵ کوڵن پاوڵ دەڵێت:" ڕابەرایەتیکردن واتە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان." هەروەها سەرکەوتنیش توانای چارەسەرکردنی کێشەکانە. ئامانجێك یان مەبەستێك لە هەر بوارێکدا کە بەدینەهێنراوە هۆکار ئەوەیە کێشەکە چارەسەر نەکراوە.

لەبەرئەم هۆکارەیە شێوازێکی ڕێکخراوەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوەی کە لە ئاستێکی بەرزتر و بەنەگۆڕی زۆر گرنگە بۆ تۆ تائەوەی بەرزترین ئاستی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

## بیر لە چارەسەرەکان بکەرەوە

کەسانی سەرکەوتوو زۆربەی کات بیر لە چارەسەرەکان دەکەنەوە. کەسانی ناسەرکەوتوو زۆربەی کات بیر لە کێشەکان دەکەنەوە. کەسانی سەرکەوتوو بیر دەکەنەوە کە چۆن کێشەکە چارەسەر بکەن یان بەربەستەکە نەهێڵن و دەستبەجێ چی کردارێك بگیرێتەبەر بۆ باشترکردنی دۆخەکە. کەسانی ناسەرکەوتوو بیر لە کێشەکە دەکەنەوە وە کێ تۆمەتبار بکەن. ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە توڕە و بێزار بن سەبارەت بە کێشەکە یان بەربەستێك کە ڕوودەدات. ئەمە دەبێتەهۆی بیرکردنەوەی نەرێنی، توڕەیی

وە گەڕان بەدوایی لایەنی تاوانباردا. " کێ کردی؟" بەڵام سودی نابێت لە دۆزینەوەی چارەسەرەکەدا.

## توانا داهێنەرییەکانت دەربخە

سێ ڕێگا یان کلیل هەن بۆ کردنەوەی توانا داهێنەرییەکانت کە پێشتر قسەمان کردووە دەربارەیان، ئەوانیش ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوەن.

یەکەم: پێویستە ڕوون بیت سەبارەت بە ئامانجەکەت بەڵام بگونجێ لەگەڵ شێوازی بەدەستهێنانەکەیدا. با هەمیشە مێشکێکی کراوەت هەبێت. ئامادەبە بۆ ڕەچاوکردنی چەندین ڕێگای جۆراوجۆر بۆ بەدەستهێنانی هەمان ئەنجام.

دووەم: جەختکردنەوە، هەموو هێزی مێشکت بهێنە وە هی کەسانی دیکەش بۆ جەختکردنەوە وەك تیشکی لیزەر لەسەر تەنها کێشەیەك، بەربەستێك یان سەختییەك بەبێ لادان یان پەرتەوازەبوونی مێشك. لە یەك کاتدا لەسەر یەك بابەت بمێنەرەوە.

سێیەم: چڕبوونەوە: هەموو شتێکی تر وەلابنێ. چڕببەرەوە لەسەر شتێك لە سەدا سەد هەتاکو گەورەترین کێشەت چارەسەر دەکەیت یان گەورەترین ئامانجت بەدەست دەهێنیت. جیم کۆڵین لە کتێبەکەیدا بەناوی ( لە باشەوە بۆ نایابی ) چیرۆکی ڕێوییەك و ژیژکێك دەگێڕێتەوە کە لەلایەن " ئیسیاح بەرلین " ەوە نوسرا بوو. دەڵێت:" ڕێوییەکە زۆر زیرەکە و لە زۆر بواردا شت دەزانێت بەڵام ژیژکەکە سەرکەوتوترە چونکە

یەك شت زۆر بەباشی دەزانێت." واتە لەبری ئەوەی لە هەموو شتێکدا شتێك بزانیت وا باشترە لە شتێکدا هەمووی بزانیت.

ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوە وات لێدەکەن کە هەموو هێز ( توانا )کانی مێشکت کۆ بکەیتەوە تائەوەی کێشەیەکی گەورە چارەسەر بکەیت یان ئامانجێکی گەورە بەدەست بهێنیت.

## سەرنجکێشکردنی بیربڵاویی

لە جیهانە نوێیەکەی کۆمپیوتەر و ئیمەیڵماندا ڕەنگە گەورەترین دوژمنی "سەرنجکێشکردنی بیربڵاویی" ئەوەبێت کە شوێن زۆر ئامێری درەوشاوە دەکەوین وەك ئیمەیڵ، نامە، پەیوەندیی تەلەفونی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. هەموو ئەمانە دەبنەهۆ ئەوەی مێشکت پەرتەوازە بێت و توانای جەختکردنەوە و چڕبوونەوەی نەمێنێت.

بەگوێرەی USA Today بەبەردەوامی کاردانەوەیان هەیە بۆ "پەرتبوونە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەت ئیمەیڵ، نامە بەنزینی مێکشت کە گلوکۆزە بەڕێژەیەکی خێرا دەسوتێنێت. هەر پێگەشتوویەکی ئاسایی بەدرێژایی ڕۆژ سەیری ئیمەیلەکەی دەکات ئەوا بەردەوام بیری بڵاو و پەرتەوازەیە وەك نەخۆشییەك کە کەسەکە بیری بڵاو دەبێت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بیری لەلای ئەو شتە بێت بەهۆی سیگناڵ و ئاگادارکەرەوەکان لەسەر ئیمەیڵ و موبایلە هۆشمەندەکان.

لە ئەنجامدا، فەرمانبەرانی ئاسایی کە خویان گرتووە بە ئیمەیڵەوە دە خاڵی تەواو لە ڕێژەیی زیرەکییان لەدەستدەدەن. لە کۆتایی ڕۆژەکەدا

زۆرێك لە خەڵكی ماندوون و ناتوانن چڕببنەوە یان تەنانەت سادەترین بڕیاریش بدەن. ئەو کەسانە زۆر لە دواوەن لە کارە سەرەکییەکەیاندا.

## کۆمەڵە ئەرکێك

## گۆڕینی ئەرك

بەردەوام کاردانەوەیان هەیە بۆ ئیمەیڵەکان، نامەکان، پەیوەندییە تەلەفونییەکان ئەمەش کەسەکان ناچار دەکات بەشداری بکەن لەو شتەی کە پێیدەوترێت کۆمەڵە ئەرکێك. هەرچەندە ئەمە زیاتر بەدروستی پێناسەکراوە بە گۆڕینی ئەرك.

تۆ کۆمەڵێك کار ئەنجامنادەیت، بەڵکو تۆ ئاڵوگۆڕ بە کارەکان دەکەیت، لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر و دواتر دەگەڕێیتەوە. بەگوێرەیی لێکۆڵینەوەیەك حەڤدە خولەکی پێدەچێت پاش ئەوەی کە وازت لە ئەرکێك هێنا بۆ نامەی داهاتوو بۆئەوەی کە دووبارە بچیتەوە سەر ئەرکەکە.

بەدرێژایی ڕۆژەکە، بیرکردنەوەت لە کارێکەوە دەچێت بۆ کارێکی تر و دووبارە دەگەڕێتەوە وەك فلچەی سەیارە. بەدەگمەن هیچ شتێکی بەبەها تەواو بکات کاتێك دەچیتە ناو تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە ئەو ڕاڕایی و شتانەی کە خەڵك بیری لێدەکەنەوە لەگەڵ سەیرکردنی فەیسبوك، تویتەر و لینکدئیندا. ڕێسایەکت هەیە بۆ کارەساتی پیشەکەت. لەبەر ئەم هۆکارەیە دەڵێن:" نێتوۆرکینگی کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتییە نەك کارکردن."

چارەسەرەکە ئاسانە و شتەکان جێبهێڵە. لە ڕۆژێکدا دوو جار سەیری ئیمەیڵەکەت بکە لە کاتژێر یازدەی بەیانی و سێی پاش نیوەڕۆدا جگەلەوە، هەموو شتەکانت بکوژێنەوە تائەوەی بە مێشکێکی کراوەوە خۆت بۆ ئەو ئەرکە تەرخانبکەیت کە ئەنجامی دەدەیت.

## ڕێسای سنورەکان

ئەمە یەکێکە لە باشترین ڕێگاکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. ڕێساکە دەڵێت لەنێوان تۆ و هەر ئامانجێکدا سنورێك هەیە و دیاری دەکات چەندە خێرا ئامانجەکەت بەدەست دەهێنیت. ئاندرو گروڤ، بەربەستی سەرەکی داناوە بە هۆکاری سنوردارکەر کە دەتگێڕێتەوە دواوە لە هەر پرۆسەیەکی بەرهەمهێناندا.

ئامانجی گەورەت چییە لە ئەمڕۆدا وە چی سنورێك خێرایی بەدەستهێنانی ئامانجەکەت دیاری دەکات؟ بۆ داڕشتنەوەی پرسیارەکە: بۆچی ئامانجەکەت بەدەستنەهێناوە؟ ئەگەر ئامانجەکەت بۆ زیادکردنی فرۆش و قازانجەکەت لە سەدا پەنجایە، ئەی بۆچی لە سەدا پەنجا زیادیان نەکردووە؟ ئەگەر ئامانجەکەت بۆ دابەزینی کێشی جەستەتە ئەی کەوایە بۆچی کێشت دانەبەزیوە و نەبویتەتە نمونەیەکی جوان؟ کاتێك ئەم پرسیارە دەکەیت، زۆربەی جار ئەو وەڵامەی کە پێیدەگەیت ئەو سنورەیە کە دەتگێڕێتەوە دواوە. زۆرجاریش کە ئەم پرسیارە دەکەیت و وەڵام دەدەیتەوە، ئەو شتانەی کە بە مێشکتدا دێن ئەو بەهانانەن کە بەدڵتن، ئەو هۆکارانەن کە زۆربەی کات دەیاندەیت بۆ بەدەست نەهێنانی دەستکەوت لە بوارێکی تایبەتدا.

## ناسینەوەی هۆکارە سنوردارکەرەکە

لە هەر دۆخێکدایت کاری سەرەکییت ئەوەیە هۆکارە سنووردارکەرەکە بناسیتەوە و پاشان جەخت بکەیتەوە لەسەر ئارامکردنەوەی. ئەم شێوازی بیرکردنەوە و کردارانە دەتوانن بتبەن بەرەو ئامانجەکانت بە شێوەیەکی خێراتر بە بەراورد بە هەر شتێکی تر کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت.

ڕێسای ۲۰ / ۸۰ جێبەجێ دەبێت بۆ سنورەکان لە ژیانی بازرگانی و کەسیدا. لە سەدا هەشتای هۆکارەکان کە دەتگێڕنە دواوە لە بەدەستهێنانی گرنگترین ئامانجەکانت لەناو خۆت یان بازرگانییەکەتدا تەنها لە سەدا بیستی دەرەکین، بۆ کار و بازرگانییەکەت.

کاتێك دەست بە ناسینەوە و لابردن سنورەکان دەکەیت سەرەتا لەگەڵ خۆت دەست پێبکە. پرسیارە سەرەکییەکە بکە ئەویش ئەوەیە:" ئەو شتە چییە لە من یان کاری بازرگانییەکەمدا دەمگێڕێتە دواوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەم؟ بیرت بێت، خولیای سروشتی زۆرینەی کەسەکان ئەوەیە کێشەکانیان تۆمەتبار بکەن بە هێزە دەرەکییەکان و کەسانی تر. خاسیەتی ئەو کەسانەی کە بەباشی بیر دەکەنەوە ئەوەیە بەرپرسیاریەتیی تەواو پەسەند دەکەن بۆ هەر کێشەیەك یان دژوارییەك پاشانیش سەیری خۆیان دەکەن بۆ ئەو شتەی کە خێرایی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە دیاری دەکات کە خواستیانە بەدەستی بهێنن.

## بیرکردنەوە لەوەی" چی ڕوودەدات ئەگەر "



Scanned by TapScanner

یەکێك لە بەهێزترین پرسیارەکان کە دەتوانیت بیکەیت لە دروستکردنی داهێنەریدا ئەوەیە " چی ڕوودەدات ئەگەر؟" هەر کاتێك ئەم پرسیارە دەکەیت ئەوا تۆ سنورەکانی بیرکردنەوەی سنوردار تێکدەشکێنیت کە ڕەنگە کارەکەت لە بوارێکی تەسکدا بهێڵنەوە. مێشکت دەکەیتەوە بۆ ئەگەری زیاتر و زیاتر.

ئەم بیرکردنەوەیە پێیدەوترێت چەمکێکی تێکشکێنەر، وای لە کۆمپانیای فیدیکس کرد ببێتە یەکێك لە سەرکەوتوترین کۆمپانیاکان لە جیهاندا.

بە پرسیارکردن دەستی پێکرد،" چی ڕوودەدات ئەگەر لە تەنها شەوێکدا بتوانیت نامەیەك بنێریت ئەگەر لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بیت؟

کاتێك فرێد سمیس سەرۆك و دامەزرێنەری کۆمپانیاکە ئەم بیرۆکەی پێشنیاز کرد لە توێژینەوەکەیدا لە زانکۆی (بیلْ ) پرۆفیسۆرەکە ( C ) ی پێدا بە واتای ئەوەی کە بیرۆکەکە زۆر باوەڕپێکراو و ڕاستی نەبوو لەو کاتەدا.

لەو کاتەدا پۆستەناردن لە ئەمریکادا سێ بۆ پێنج ڕۆژی دەخایاند بۆ هەرشوێنێك وە هەندێك کات زیاتریش هەتا دەگەشتە شوێنی مەبەست.

بیرۆکەی ناردنی پۆستە لە تەنها شەوێکدا زۆر ئەستەم بوو.

## تێکشکاندنی سنورەکان

بە بەردەوام پرسینی" چی ڕوودەدات ئەگەر؟" فرێد سمیس و جێبەجێکارەکانی کۆمپانیای فیدیکس توانیان بیرۆکە داهێنەکان پەرە پێبدەن کە تەنها ئامانجەکەی بەدەستنەهێنا بەڵکو بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە یەکێك لە گەورەترین و سەرکەوتوترین کۆمپانیاکان لە جیهاندا.

"چی ڕوودەدات ئەگەر کیبۆرد لەسەر شاشەی موبایلی کەسی دابنرێت؟" کۆمپانیای ئەپڵ گەورەترین کۆمپانیایە لە جیهاندا. "چی ڕوودەدات ئەگەر بتوانین هەر جۆرە کتێبێك بفرۆشین و بنێرین بۆ ماڵان بە ئیمەیڵ و گواستنەوەی ڕاستەوخۆ ؟" "چی ڕوودەدات ئەگەر کەسێك بنێرینە سەر مانگ و بەسەلامەت بیهێنینەوە سەر زەوی؟" جۆن کەنەدی لە ساڵی ١٩٦٢ دا کاتێك سەرۆکی ئەمریکا بوو پرسیاری لە زانایەك کرد کە بەرپرس بوو لە بەرنامەی ئاسمانی ئەمریکا ( وێرنەر ڤۆن براون ) چی شتێك پێویستە بۆئەوەی کەسێك لەسەر مانگ دابنێین و بەسەلامەت بیهێنینەوە سەر زەوی؟ زاناکە وەڵامی دایەوە:" ویستن بۆ ئەنجامدانی کارەکە." لە زۆرێك لە دۆخەکاندا بازرگانییەکەت، ژیانی کەسییت ئەو شتەی کە زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتن زۆر بەسادەیی تەنها ویستنەکەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکە. هاوڕێکەم جوڵ وێلدن بەناوبانگ بوو بە کورتەکەی بەناوی ( سەرکەوتن لە توانیندایە و شکستیش لە نەتوانیندا.) هەروەها بۆ تۆش هەمان شتە.

## پرۆسەی نوێبوونەوە

فەلسەفەی هەموو بازرگانییەکی سەرکەوتوو و جێبەجێکارێکی سەرکەوتوو " بەرەوپێشچوونی کۆتایی نەهاتوو و بەردەوامە." بڕیار بدە کە بە بوێریی لە ناوچەی پاڵدانەوەت بێیتە دەرەوە و گەڕانێکی بەردەوام بۆ ڕێگای باشتر، خێراتر و هەرزانتر بکەیت. بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت و بەرەوپێشچوون ئامادەبە بۆ شکستی زیاتر و زیاتر کاتێك

پەرە بە بەرهەم، خزمەتگوزاری و ڕێگا یان ستراتیژی نوێ دەدەیت یان دەیان ناسێنیت.

هیچ شتێك هەرگیز سەركەوتوو نابێت بەو ڕێگایەی كە پێتوایە سەركەوتوو دەبێت. توشی شكستی كاتی، بەربەست و دژواریی و نائومێدی دەبیتەوە لەسەر ڕێگای سەركەوتن. تۆماس واتسن دۆزەرەوەی ئای بی ئێم جارێكیان پرسیاری لێكرا چۆن خێراتر سەركەوتوو بین. وەڵامی دایەوە:" ئەگەر دەتەوێت خێراتر سەركەوتوو بیت پێویستە ڕێژەی شكستەكانت دوو هێندە لێبكەیت." سەركەوتن لەسەر ڕێگای شكستدا بەدەستدێت. لەڕاستیدا هیچ شتێك بوونی نییە بە ناوی شكست تەنها هەڵسەنگاندنە. سەختییەكان دێن بۆ فێركردن نەك بۆ ڕێگرتن.

ڕێساكە هەمیشە ئەوە بوو" هەوڵبدە، دووبارە و دووبارە هەوڵبدەرەوە و پاشان شتێكی نوێ تاقی بكەرەوە." تواناكەت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، بڕیاردانەكان و دۆزینەوەی ڕێگای نوێكردنەوە و داهێنەری بۆ بەرەوپێشچوونی بازرگانییەكەت و زیادكردنی فرۆشییەكانت و سودەكانت سەرەكیترین كلیلی سەركەوتنەكەتە.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. کێشەیەك هەڵبژێرە کە خۆت یان بازرگانییەکەت ململانێی لەگەڵ دەکەن لە ئەمڕۆدا و بیخەرە شێوازێکی ڕێکخراوی چارەسەرکردنی کێشەوە. دەتوانیت داهاتووت بگۆڕیت.

٢. ئەو ئامانجە بناسەرەوە کە هەتە و گەورەترین سنور دیاری بکە ( هۆکاری سنوردارکەر ) کە خێرایی ئەو ئامانجە دیاری دەکات بەدەستی دەهێنیت بۆ کەمکردنەوەی ئەو سنورە.

٣. بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەك هەڵبژێرە کە پێشکەشی دەکەیت و برەوی پێدەدەیت بە چەندین ڕێگا بۆئەوەی باشتر، خێراتر و هەرزانتری بکەیت بۆ کڕیارەکانت.



Scanned by TapScanner

# بەشی نۆیەم

## بیرکردنەوەی کەسی X بیرکردنەوەی پێکەوەیی

"ڕاستگۆبە و باشترین توانای خۆت بەکار بهێنە. ئەمەش نمونەی تۆیە. ئەگەر باشترین هەوڵی خۆت بدەیت ئەوا ناتوانیت زیاتر لەوە ئەنجام بدەیت."

( هوراشیو دریسەر )

هەموو خەڵکی دەیانەوێت بەرزترین ئاستی سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە پلانی پیشەکانیاندا. بەگوێرەی تۆماس ستانلی لە سەدا هەشتای ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان بیرکردنەوەی کەسی و تایبەت بە خۆیان هەیە کە جیاوازە لە تەواوی خەڵکی. ئەوان سامانەکەیان بەدەستهێناوە لە ژیاندا بە دامەزراندنی بازرگانی تایبەت بە خۆیان بە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بەرهەمێك بە کەسێك. ئەوان زۆربەی کات وەك بازرگانەکان بیریان کردوەتەوە و کرداریان کردووە.

بەگوێرەی گۆڤاری فۆربیس لە مانگی سێی ٢٠١٥ دا هەزار و هەشت سەد و بیست و شەش بلیۆنێر لە جیهاندا هەن لە ئەمڕۆدا. لە سەدا شەست و شەشیان توانیویانە خۆیان دروست بکەن، وەك بازرگان دەستیات پێکردووە و هیچیان نەبووە لە سەرەتادا پاشان سامانەکەیان پەیدا کردووە بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری کە خەڵکی دەیانویست و ئامادەبوون بیکڕن و پارەی پێبدەن.

## بیر لە کڕیارەکان بکەرەوە

بیرکردنەوەی کەسی واتە زۆربەی کات جەختکردنەوە و بیرکردنەوە لە کڕیارەکان. تۆم پیتەرز لە کتێبی گەڕان بەدوای نایابییدا دەڵێت: "گرنگترین خاسیەتی بازرگانی سەرکەوتوو، بیرکردنەوەی بەردەوامە لە خزمەتگوزاری کڕیار." ماوەیەکی کەم بەرلە ئێستا ڕۆژێکم بەسەربرد لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیایەکدا بەهاکەی دوو بلیۆن دۆلار بوو کە لە مێزی چێشتخانەکەیەوە دەستی پێکردبوو.

کاتێك پرسیارم لێکرد لە کاری بازرگانییەکەیدا خۆی لە چی ئاستێکدا دەبینێت دەستبەجێ وەڵامی دایەوە: "بەرپرسی فەرمانبەرەکانی فرۆشتن. ئەمە ئەو دۆخە بوو کاتێك دەستمان پێکرد لە ئەمڕۆشدا هێشتا دۆخەکەمە. هەموو کات بیر لە فرۆشتن دەکەمەوە."

## بیرکردنەوەی پێکەوەیی

ئەم شێوازە جیاوازە لە بیرکردنەوەی کەسی. لەم شێوازەدا فەرمانبەران، بەڕێوەبەران، جێبەجێکاران و پیشەزانەکان بە دوو جۆر کڕیارەکان دەبینن بە حەزلێنەبوون یان وەك کێشە کە هەموو کات سکاڵا دەکەن یان داواکارییان هەیە بۆ شتی نوێ و جیاواز. کڕیارەکان زۆربەی جار وەك ئەو مێشولانە سەیر دەکرێن کە پێویستە لێیان بدرێت و پشتگوێ بخرێن. ئەم بیرکەرەوە پێکەوەییانە زۆر سەرقاڵن بە ئەنجامدانی کارەکەیانەوە، دڵخۆشکردنی کەسانی سەرەوە، شوێنکەوتنی یاساکان و ئەنجامدانی بچوکترین شتی پێویست بۆئەوەی لە کارەکەیان دەرنەکرێن.

فەرمانبەران لەم جۆرە کار و بازرگانییەدا ڕاناوەکانی " ئەوان، هی ئەوان " بەکار دەهێنن بۆ وەسفکردنی کۆمپانیاکە و کەسانی بەرپرس لە کۆمپانیاکەدا. وا هەستدەکەن هەرشتێك کە ڕوودەدات لە کۆمپانیاکەدا ئەوا پەیوەندی کەمی بە ئەوانەوە هەیە. دەڵێن:" کار، کارە." وەك یەکێك لە هاریکارەکان پێیگوتم:" کاتێك دەڕۆم بۆ کار بیر لە کارەکەم دەکەمەوە بەڵام کاتێك دەڕۆمەوە بۆ ماڵ بە هیچ جۆرێك بیر لە کارەکەم و کۆمپانیاکەم ناکەمەوە."

## بەشداری پێنەکردن

زۆرێك لە توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە لە سەدا شەستی زیاتری فەرمانبەران لە کۆمپانیا بچوك و گەورەکاندا بەشدارییان پێناکرێت. هەست بە خۆتەرخانکردنی زۆر یان دڵسۆزی بۆ کار و کۆمپانیاکەیان ناکەن. تەنها کار دەکەن و دەڕۆن و بیرکردنەوەیان لەسەر شتێکی تر و شوێنێکی ترە. تەنها دەچن سەیری ڕیکلامەکان دەکەن کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئاسان و بەردەوام. سی ڤی و بڕوانامەکانیان پۆست دەکەن لە کریگزلیت و لینکد ئین و وێبسایتەکانی دیکەدا. بەردەوامیش بۆ شتێکی دیکە دەگەڕێن هەتاکو ئەنجامی بدەن.

فەرمانبەران لەم جۆرە کارە بازرگانییەدا لە خولەکی کۆتاییدا دێنە سەر کار. هەموو کاتەکەیان بە پشووی قاوەخواردنەوە، نانی نیوەڕۆ بەسەر دەبەن. لە سەدا پەنجای کاتەکەیان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوکارەکانیان، بە سەیرکردن ئیمەیڵەکانیان و ئەنجامدانی کۆمەڵە شتانێك کە بەهایەکی کەم یان هیچ بەهایەکیان نییە بۆ کۆمپانیاکە بەسەر دەبەن.



Scanned by TapScanner

## خۆتەرخانکردن کلیلەکەیە

بیرکەرەوە کەسییەکان جیاوازن. خۆیان تەرخان دەکەن بۆ سەرکەوتنی کۆمپانیاکە. خۆیان دەبینن وەك فەرمانبەری خودی و بە جۆرێك کردار دەکەن وەك ئەوەی کە خودی خۆیان بونەتە خاوەنی کۆمپانیاکە. کۆمەڵە وشەیەکی وەك:" ئێمە، هی من، هی ئێمە " بەکاردەهێنن کاتێك باس لە کۆمپانیاکە و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان دەکەن. لە هەموو ئەوانە گرنگتریش، ئەوان بەرزترین ئاستی بەرپرسیاریەتی پەسەند دەکەن بۆ ئەنجامدانی. بیرکەرەوە کەسییەکان هەمیشە خۆبەخشانە داوای بەرپرسیاریەتی زیاتر دەکەن. بەردەوام بیر لە خۆتەرخانکردنی زیاتر دەکەنەوە. بەبەردەوامی کارامەییەکانیان نوێدەکەنەوە، شتی نوێ فێر دەبن، داوای ڕێگای نوێ دەکەن تائەوەی بەسودتر بن بۆ کۆمپانیاکەیان. لە سەروی هەمویشەوە، بەدوای ڕێگادا دەگەڕێن بۆئەوەی فرۆش و سودی کۆمپانیاکانیان زیاد بکەن. بیرکردنەوەی کەسی جەخت لەسەر شتی نوێ بۆ کڕیار و جەخت لەسەر پێداویستییەکان دەکاتەوە. هەمیشە و هەموو کات بیر لە کڕیارەکان دەکەنەوە.

## فرۆشتنەکان سەرەکیترینن

وەك لە بەشی پێشودا گوتمان یەکەم هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی بازرگانی ڕێژەی بەرزی فرۆشتنەکانە هەموو شتەکانی دیکە کە دەگوترێن شتانێکی لاوەکیین. کلیلی سەرکەوتنی بازرگانی " شتی زیاتر بفرۆشە."

ئەو شتەیە کە بیرکەرەوەی کەسی زۆربەی کات جەختی لەسەر دەکاتەوە.

چۆن دەتوانین شتی زیاتر بفرۆشین؟

بازرگانە سەرکەوتووەکان خاسیەتی تایبەت و دیاریکراو کەسایەتی و توانای کۆنترۆڵکردنیان هەیە کە وایان لێدەکات زیاتر لە کەسانی ئاسایی شت بەدەست بهێنن. چەندین ڕێگا هەن تاکو بتوانیت پەرە بە خاسیەتەکانی بیرکردنەوەی کەسی بدەیت و بەرهەم و خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بکەیت بۆ فرۆشتن و قازانجی کۆمپانیاکەت. سێ خاسیەتی سەرەکییت بیر بێت: ڕوونی، جەختکردنەوە و چڕبوونەوە.

## پرسیارە بنچینەییەکان بکە

هەندێك پرسیاری بنچینەیی بازرگانی هەن پێویستە بیانکەیت و وەڵامیان بدەیتەوە هەموو کات بەتایبەت کاتێك ڕوبەڕووی گۆڕانی خێرا دەبیتەوە لە زانیاری، تەکنەلۆژیا و پێشبڕکێدا. یەکەم: بەڕاست کارە بازرگانییەکەت چییە؟ پێناسەی کارە بازرگانییەکەت بکە لەڕووی چۆنیەتی خزمەتکردنی کڕیارەکان و ئەو پێشکەوتن و گۆڕانانەی کە بەرهەمەکانت لە ژیان و کارەکانیاندا دروستی دەکەن. بیرکەرەوە (پێکەوەیی) هاریکارەکان بازرگانییەکەیان وەك کۆمپانیا دەبینن کە شت بەرهەم دەهێنێت و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و دەیفرۆشێت.

بیرکەرەوە کەسییەکان پەیامی بازرگانییەکەیان دەبینن وەك پێشکەوتن و دەوڵەمەندکردنی ژیانی کڕیارەکانیان. هەوڵبدە وەسفی بازرگانییەکەت بکەیت لەڕووی گۆڕانی ئەرێنییەوە یان ئەو پێشکەوتنەی بەرهەمەکانت

یان خزمەتگوزارییەکانت دروستی دەکەن لە ژیانی کڕیارەکانـدا بەبێ ئاماژەدان بە کۆمپانیاکەت، بەرهەمەکانت یان خزمەتگوزارییەکانت. ئەمە ڕەنگە ببێتەهۆی بەرەنگارییەکی ڕاستی یەکەمجار کە تاقی دەکەیتەوە.

## وەك کڕیارێك بیر بکەرەوە

جۆری بیرکردنەوەی پێکەوەیی دەڵێت:" سەیارەکانم دەفرۆشم." جۆری بیرکردنەوەی کەسی دەڵێت:" وا لە خەڵکی دەکەم بەسەلامەتی و ئاسودەیی سەیارە بۆ هەر جێگایەك لێبخوڕن کە دەیانەوێت." دەزانیت کاتێك وەسفی بەرهەمەکەت یان خزمەتگوزارییەکەت دەکەیت لەڕووی کارەوە بۆ کڕیارەکانت، ئەو کێشانەی کە چارەسەری دەکەیت، ئەو سودانەی کڕیارەکانت خۆشی لێدەبینن، لەبەرئەوە دەبێتەهۆی ئەو وەڵامەی" چۆن ئەوە دەکەیت؟" یان " ئەوەم دەوێت." یان "ئەوە بۆ منە."

کێ کڕیاری نمونەییتە؟ یێکەم و کورترین کەس کە شتی پێدەفرۆشیت کێیە؟ ئەمە وەسفی دیمۆگرافی و سایکۆگرافی ئەو کەسەیە کە بەها و نرخی تایبەتمەندییە تایبەتەکان، سودەکانی بەرهەم یان ئەو خزمەتگوزارییەیە کە پێشکەشی دەکەیت. کڕیارە نمونەییەکەت بەهای چی شتێك زۆر دەگرێت؟ چی شتێك زۆر گرنگە بۆئەوەی کە بتوانیت بۆی دابین بکەیت و وا لە نرخەکانت بکات گرنگ دەرنەکەون؟ هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە بازرگانییەکان شکست دەهێنن ئەوەیە هیچ

داواکارییەك بۆ بەرهەمەکانیان نییە. خەڵکی بەهای ناگرن یان نایانەوێت و حەز بە کڕینی ناکەن.

## بواری نایابییەکەت

ئەو شتە تایبەتە چییە کە زۆر بەباشی ئەنجامی دەدەیت؟ ئەو بواری نایابییەت یان کوالێتی باشترەت چییە بە بەراورد بە پێشبڕکێکارەکانت بەو شتەی کە کڕیارە نمونەییەکەت دەیەوێت، پێویستیەتی یان ئامادەیە پارەی بۆ بدات؟ هەموو کۆمپانیا، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان پێویستە سودی باشتر و زیاتریان هەبێت بەسەر پێشبڕکێکارەکاندا کە وایان لێبکات ببنە باشترین بژاردە و تەنها بژاردە لە بازاڕەکەیاندا. چی شتێك هی تۆیە؟ دەکرێت چی بێت؟

جاك وێلچ دەڵێت:" ئەگەر شتی باشتر و هەرزانترت نییە، ئەوا پێشبڕکێ مەکە." کەسێکی بەناوبانگە بۆ یاساکەی کە کۆمپانیاکەی General Electric دەبوایە ببێتە ژمارە یەك یان دوو لە هەموو بازاڕێکدا کە بەشدار بووە تیایدا یان واز لە بازاڕ دەهێنێت و هەوڵەکانی لە شوێنێکی دیکەدا چڕ دەکاتەوە.

بۆئەوەی کۆمپانیا سەرکەوتوو بێت پێویستە کۆنترۆڵی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی بازاڕ بکات لانیکەم لە بوارێکدا. پێویستە لای کڕیارەکانت بناسرێیتەوە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا وەك باشترین بۆ ئەو کڕیارە تایبەتە. لە چی بوارێکدا دەتوانیت کۆنترۆڵی بازاڕ بکەیت؟ چی شتێك پێویستە کە کەمتر یان زیاتر ئەنجامی بدەیت؟ پێویستە دەست بە چی شتێك بکەیت یان واز لە چی شتێك بهێنیت؟ پیتەر دراکەر

ڕاوێژکاری جاك وێلچ دەڵێت:" ئەگەر بوارێکی نایاب و باشی ڕوونت نییە ئەوا پەرە بە بوارێك بدە."

بیرکردنەوەی کەسی بەچڕی جەخت لەسەر پەرەپێدان و هێشتنەوەی لایەنێکی باشی مانادار دەکاتەوە لە بازاڕی پێشبڕکێدارا.

## سیستەمە بازرگانییەکەت

لە ئەمڕۆدا جەختکردنەوەی کەسی زیاتر و زیاتر لەسەر سیستەمی بازرگانییەکە و ئەو ستراتیژیە دژوارەیە کە کۆمپانیاکەت بەکاری دەهێنێت بۆ بەرهەمهێنان، فرۆشتن و گواستنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکەت بۆ کڕیاری زیاتر و زیاتر بە ڕێگای تێچوی کەم و قازانج بەخش. سیستەمەکەی تۆ چییە؟ بەگوێرەی جیۆفری گۆڵڤینی گۆڤاری فۆرچن، زۆرێك ئەگەر زۆرینەی کۆمپانیاکانیش نەبن لەسەر سیستەمێکی بازرگانی کۆن کاردەکەن شێوازێك کە تاڕادەیەك یان بەتەواوی کارپێکراو نییە.

چۆن دەزانیت کە سیستەمێکی بازرگانی دروستت هەیە بۆ کارە بازرگانییەکەت. ئاسانترین پێوەر ئەوەیە کە فرۆشتنەکان و قازانجەکان بە شێوازێکی نەگۆڕ و چاوەڕواننەکراو زیاد دەکەن. ئەگەر فرۆشتنەکانت گۆڕانیان بەسەردا دێت یان لە ئاستێکدا جێگیر بوون یان تەنانەت خراپتریش بوون و کەمدەکەن ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە سیستەمی بازرگانییەکەت چی دیکە کار ناکات. ئەگەر ئەمە دۆخەکەیە و تۆش سیستەمی بازرگانییەکەت نەگۆڕیت ئەوا کۆتاییەکەی دیارە.

## بیرکردنەوە سەبارەت بە بازرگانییەکەت

بیرکردنەوەی کەسی پێویستی بەوەیە کە بەبەردەوامی پێداچونەوە و هەڵسەنگاندن بکەیت بۆ گرنگترین بەشەکانی سیستەمی بازرگانییەکەت.

١. بەرهەمەکەت چی بەهایەك پێشکەش دەکات؟ بەرهەمەکەت چی کارێك دەکات بۆ کڕیارەکەت؟ چی کێشەیەك چارەسەر دەکات؟ چی سودێك دەگوازێتەوە؟ چی ئازارێك لادەبات؟ وا دەکات کە کڕیارەکانت چی ئامانجێك بەدەست بهێنن؟ بەتایبەت سودەکانی چەندە گرنگن بۆ کڕیارەکانت؟

توانای پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەدروستی، بە شێوەیەکی بەرچاو داهاتوی بازرگانییەکەت دیاری دەکات.

٢. کێ کڕیارتە؟ ئەو کڕیارانە کێن کە دەتوانن زۆرترین سود لە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت ببینن کە تۆ پێشکەشیان دەکەیت؟ لە چی تەمەنێکدان، داهاتیان چەندە، ئاستی ڕۆشنبیرییان چەندە، ڕەگەزیان چییە، پیشەیان چییە و شێوازی پێکهاتەی خێزانیان چۆنە؟ سایکۆگرافیایان چییە؟ ئومێد، خەون، ترس و خولیایان چییە بە بەراورد بەو شتەی دەیفرۆشیت؟ بەتایبەت کلتورەکانیان چین؟ چۆن بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت بەکار دەهێنن؟ چی ڕۆڵێکی هەیە لە ژیان و کارەکانیاندا؟ چەندە گرنگە بۆیان بە بەراورد بە شتەکانی تر؟

٣. کاریگەرترین ڕێگاکان چین بۆ سەرنجکێشکردنی کڕیاری نوێ، فرۆشتن و بەخشینی بەرهەمەکانت بە کڕیارەکانت؟ چۆن دەتوانیت کڕیارانێك کە

پارەی زیاتر دەدەن سەرنجکێش بکەیت؟ چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی خێراتر و کاریگەرتر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت پێشکەش بکەیت؟ یاساکە ئەوەیە هەرشتێك کە لە ئەمڕۆدا ئەنجامی دەدەیت پێویستە زۆر باشتر بێت بۆئەوەی کە ساڵی داهاتوو لە بازاڕی ئێستادا بمێنیتەوە.

٤. چۆن خزمەتگوزارییەکەت دەدەیت بە کڕیارێکی هێندە باش کە کڕیارە دڵخۆشەکەت دووبارە و دووبارە شتت لێبکڕێتەوە و هەروەها بە کەسانی تریش بڵێت کە شتت لێبکڕن؟

٥. پلانی بازرگانییەکەت چیە و چۆن دەتوانیت بیگۆڕیت بۆئەوەی قازانجی زیاتر بەدەست بهێنیت؟ چۆن وا دەکەیت چالاکییە دیاریکراوەکانت بۆ ئەنجام بدرێت، بچوکردنەوەی قەبارەیان یان لابردنیان بۆئەوەی بتوانیت هەمان کوالێتی بە ئاستی بەرز پێشکەش بکەیت بەڵام بە نرخێکی کەم؟

## بەردەوام بە لە پرسیارکردن

بەڵێندەرەکان لە هەموو جۆرە بازرگانییەکدا زۆربەی کات سەبارەت بەم هۆکارە ڕەخنەییانە بیر دەکەنەوە. هەمیشە ئامادەن ڕەچاوی ئەو ئەگەرانە بکەن کە ڕەنگە هەڵەبن یان ڕێگای باشتر هەیە بۆئەوەی ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنن لە یەکێك یان زیاتری ئەم بوارانەدا. بەبەردەوامی بڕیاردان لە خاڵی سفرەوە پەیڕەو دەکەن لە هەموو بوارێکدا. دەپرسن:" ئایا هیچ شتێك هەیە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین بە زانینی ئەو شتەی کە لە ئێستادا دەیزانین ناچینەوە ناو ئەو کارە یان دەستی پێناکەینەوە لە ئەمڕۆدا؟

زیاتر نیگەرانن سەبارەت بەو شتەی کە ڕاستە نەك ئەو کەسەی کە ڕاستە. باس لە خۆپەرستییەکەیان ناکەن. ئامادەن دان بەوەدا بنێن:" دەکرێت هەڵەبم." بەئاشکرا دانی پیادا دەنێن" هەڵە دەکەم." پاشان سەرقاڵ دەبن بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان هێندە بەخێرایی کە دەکرێت و دەگونجێت لەبری ئەوەی هەوڵبدەن خۆیان وا نیشان بدەن کە ئەنجامی دەدەن یان خۆیان توڕە بکەن و ناپەسەندیان بکەن یان هیوا بخوازن کە نەمێنێت.

بە زانیاری نوێوە بەڵێندەران ئامادەن بڵێن:" بۆچونم گۆڕی." بەخێرایی بیرۆکەی نوێ و شێوازی نوێ پەسەند دەکەن بۆئەوەی ئامانجی باشتر بەدەست بهێنن بەبێ گوێدانە سەرچاوەکەی.

## جەختکردنەوە لە کڕیار

بیرکردنەوەی کەسی پێویستی بەوە هەیە کە هەموو کات بیر لە کڕیار بکەیتەوە. بەردەوام داوای ڕێگای نوێ، جیاواز، باشتر و خێراتر و هەرزانتر دەکەیت بۆ خزمەتکردنی کڕیارەکانت و پێدانی زیاتری ئەو شتەی کە بەڕاستی دەیانەوێت و پێویستیانە.

تواناکەت بۆ بیرکردنەوە هاوشێوەی بەڵێندەرێك وەك لە فەرمانبەرێك دەبێتەهۆی نیشاندانی تەواوی تواناکەت لە پیشەکەتدا وەك لە هەر هۆکارێکی تر تەنانەت ڕەنگە دەوڵەمەندیشت بکات.

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. بەڕوونی پێناسەی کڕیاری بێ کێشە بکە چۆن دەتوانیت باشتر لە پێشبڕکێکارەکانت خزمەتی بکەیت؟

٢. بەهای ئەو شتە دیاری بکە کە پێشکەشی دەکەیت. یەك یان دوو خاسیەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت دیاری بکە کە وایان لێدەکات باشتر بن لە پێشبڕکێکارەکانت.

٣. سیستەمی بازرگانییەکەت هەڵبسەنگێنە تائەوەی دڵنیابیت کە شێوازی کارپێکردنی فرۆشتنەکان و دەستکەوتنی قازانج لە ئەمڕۆدا باشترین و کاریگەرترین ڕێگایە بۆ ئەنجامدان.

## بەشی دەیەم

# بیرکردنەوەی دەوڵەمەندانە X بیرکردنەوەی هەژارانە

"بیرکردنەوە سەرچاوەی سەرەکی هەموو سامان، سەرکەوتن، دەستکەوتی مادی، دۆزینەوە و داهێنانە مەزنەکانە."

( کلۆ بریستۆڵ )

پێشتر هەرگیز دەرفەتی زیاترت نەبووە تائەوەی ببیتە کەسێکی ساماندار و ڕێگای جیاوازی زیاتر نەبووە بۆ بەدەستهێنانی سامان وەك لەوە کە ئەمڕۆ هەتە. خەڵکی زیاتر دەست بە بازرگانی دەکەن لە پیشەسازی جیاوازی زیاتردا بە بەراورد بە پێشوو. زانیاری و زانستی تەکنەلۆژیا، بەرهەم و خزمەتگوزاری زیاتر دروست دەکەن کە خەڵکی دەیانەوێت، پێویستیانە و ئامادەن پارەی بۆ بدەن. یەك بیرۆکەی نوێ هەموو ئەو شتەیە کە پێویستە تائەوەی دەست بە پەیداکردنی سامان بکەیت.

لە ساڵی ١٩٠٠ دا پێنج هەزار ملیۆنێر لە ئەمریکادا هەبوو. پاش نزیکەی دوو ساڵ لە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری، لە ساڵی ١٩٨٠ دا یەك ملیۆن ملیۆنێر لە ئەمریکادا هەبوو. لە ساڵی ٢٠١٥ دا زیاتر لە دە ملیۆن ملیۆنێر و هەزار و هەشت سەد و بیست و شەش بلیۆنێر بونیان هەیە. زۆرینەیان لە سفرەوە دەستیان پێکرد و هەموو پارەکەیان لە ژیاندا بەدەستهێناوە. بەدڵنیاییەوە تۆش دەتوانیت.

کردارەکانت ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەکانتن

یاسای بەرپەرچدانەوە بۆ هەمووان و لە هەموو بارودۆخ و کاتێکدا کاری خۆی دەکات. ئەم یاسایە دەڵێت:" جیهانی دەرەکییت ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەکییتە. " هەموو شتێك لە ناوەوە دەستپێدەکات و دەڕوات بۆ دەرەوە. ناتوانیت لە دەرەوە هیچ شتێك بەدەست بهێنیت هەتاکو لە ناوەوە بەدەستی نەهێنیت. بۆئەوەی لە دەرەوە کەسێکی ساماندار بیت پێویستە لە ناوەوەی خۆتدا وەك کەسێکی دەوڵەمەند بیر بکەیتەوە. هیچ ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەوڵەمەند بوون.

کەسانی هەژار وەك هەژارەکان بیر دەکەنەوە. هەندێك باوەڕی خودی سنورداریان هەیە کە دەیانگێڕێتەوە دواوە و تەنانەت لە هەوڵدانیش دەیانوەستێنێت. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە چەند ساڵێك بەرلەئێستا تەواو بوو بەناوی سەد ملیۆن ملیۆنێر، نوسەرەکە دەری خست کە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی مانگانە سەد دۆلارت پاشەکەوت کرد بێت لە ماوەی ژیانی کارکردنتدا، خستبێتە کاری وەبەرهێنانەوە ئەوا وازی لێبهێنە بە سووی کەڵەکەبوو زیاد بکات لەو کاتەی کە خانەنشین دەبیت دەکاتە یەك ملیۆن دۆلار. بۆچی هەمووان ئەمە ئەنجامنادەن؟ بەهۆی بیرکردنەوەی هەژارانەوە!

تۆنی ڕۆبینسن لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە کتێبەکەیدا بەناوی"پارە: کۆنترۆڵی یارییەکە بکە" جەخت لەو شتە دەکاتەوە کە ئاینشتاین دەڵێت:" سووی کەڵەکەبوو بەهێزترین هێزی گەردوونە. "

پاش چەندین چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ پەنجا کەس لە دەوڵەمەندەکانی جیهاندا، ڕۆبینسن گەشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرکەسێك دەتوانێت بە

برێکی کەم دەستپێبکات، پاشەکەوت بکات، بە شێوەیەکی ئاسایی وەبەرهێنان بکات. موعجیزەی سووی کەڵەکەبوو بەکار بهێنە تائەوەی لە کۆتاییدا ببیتە کەسێکی سەربەخۆ لەڕووی داراییەوە ئەگەر نەبیتە کەسێکی سامانداریش.

ئەم ڕێگا سادەیە بەدرێژایی مێژوو بۆ هەمووان کاری خۆی کردووە لە هەموو کاتەکاندا و دەتوانێت بۆ تۆش کاری خۆی بکات.

## ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان

چەند ساڵێک بەرلەئێستا داوام لێکرا کە وتارێک پێشکەش بکەم سەبارەت بە ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کە پێکهاتبوون لە خاوەن بازرگانییەکان لە تەواوی وڵاتدا. ئەم بانگهێشتکردنە ناچاری کردم کە هەندێک بیرکردنەوەی جددی ئەنجام بدەم. ئەم بیرکردنەوانە ژیانمی گۆڕی.

لەو کاتەوەی هەرزەکارێک بووم، بەرزیخوازییەکەم ئەوە بوو کە لە تەمەنی سی ساڵیدا ببم بە کەسێکی ملیۆنێر. کاتێک تەمەنم بوو بە سی ساڵ، هێشتا مایەپووچ بووم. دواخست بۆ سی و پێج ساڵی. لە سی و پێنج ساڵیشدا دوام خست بۆ چل ساڵی بەڵام بە ئومێدی کەمتر و کەمترەوە کە ئەو ژمارە سیحراوییە بەدەست بهێنم.

بەڵام کاتێک داوام لێکرا وتارێک پێشکەش بکەم سەبارەت بە ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان، تێگەشتم کە زۆر کەم دەزانم سەبارەت بە ئەوان. لەبەرئەوەی بەجدی دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد سەبارەت بەوەی ئەوان کێ بوون و چییان ئەنجامداوە تائەوەی لە سفرەوە ملیۆنێک دۆلار پەیدا بکەن.

بەم دۆزینەوانە، پەرەم بە بەرنامەیەك دا بەناوی بیست و یەك نهێنی سەرکەوتنی ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان کە پێشکەشم کرد بۆ ملیۆنێك کەس لە پەنجا وڵاتدا لە ماوەی چەندساڵێکی کەمدا.

شتە سەرنجڕاکێشەکە ئەوە بوو لێکۆڵینەوەم کرد و خەڵکیم فێرکرد بەو شێوازانەی کە ملیۆنێرە خۆدروستکەرەکان بیر دەکەنەوە و کردار دەکەن. خودی خۆم دەستم کرد بە جێبەجێکردنی هەمان ئەو ڕێسایانە و لە ماوەی پێنج ساڵدا بووم بە ملیۆنێر.

## دووبارە بەرنامەڕێژی بیرکردنەوەت بکە

کەسانێکی زۆر لە تەواوی جیهاندا، پێیان گوتم کە بە چەند جارێك گوێڕاگرتن بۆ ئەم بەرنامەیە و جێبەجێکردنی ڕێساکان، ئەوانیش بونەتە ملیۆنێر تەنانەت پاش چەندین ساڵی لە هەژاری و هەوڵدان. لەبەرئەوە تۆش دەتوانیت. لەم بەشەدا، بەنیازم زنجیرەیەك بیرۆکەی سادەت پێبڵێم کە دەتوانیت فێریان ببیت و جێبەجێیان بکەیت لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی چڕ لەسەر ژیان و خووەکانی هەزاران کەسی ساماندار.

بەهۆی یاسای هۆ و ئەنجامەوە، ئەگەر بیر بکەیتەوە و هەمان ئەو شتانە بکەیت کە کەسانی ساماندار دەیکەن ئەوا بەزوویی هەمان ئەنجامەکانی ئەوانت دەبێت. یەکێك لە نوسەرەکان بەناوی ئۆگ ماندینۆ کە خاوەنی یەکێك لە پرۆفرۆشترین کتێبەکانە پێی گوتم:" نهێنیی سەرکەوتن بوونی نییە بەڵکو چەند ڕاستییەکی نەگۆڕ و ڕێسای گەردوونی هەن کە دۆزرانەتەوە و دووبارە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دۆزراونەتەوە.

هەموو ئەو شتەی کە پێویستە بیکەیت ئەوەیە فێریان ببیت و جێبەجێیان بکەیت بۆ خۆشی بینین لەو سەرکەوتنەی کە ئارەزووتە."

## ئەو هۆکارانەی کە خەڵکی نابنە سەرمایەدار

جارێکیان کە تێپەڕیم بەلای نیشانەی یەك ملیۆن دۆلاری جادوویيدا، سەیری چواردەوری خۆم کرد و دەستم کرد بە پرسیارکردن:" بۆچی هەمووان هەمان ئەم ڕێسایانە بەکارناهێنن تائەوەی کە دەوڵەمەند بن؟"

کاتێك لێکۆڵینەوەکەم بەردەوام بوو، بۆم دەرکەوت کە حەوت هۆکار هەن بۆچی خەڵکی دەوڵەمەند نابن و نابنە کەسانی ساماندار. با بە نۆرە چارەسەری هەریەکێکیان بکەین:

### ١. هەرگیز بۆ ئەوان ڕوونادات:

هەرگیز بۆ ئەوان ڕوونادات کە ببنە کەسانی ساماندار بەهۆی بەخێوکردنیان و چۆنیەتی ڕاهێنانیان لە ڕابردوودا ڕەنگە لە خانەوادەیەکەوە هاتبن کە هیچ کەسێکیان پێشتر ساماندار نەبوو بێت و هاوڕێیەتی کەسانی هەژاریان کردبێت. هەرگیز بیریان نەکردوەتەوە کە ئەوانیش دەتوانن ساماندار بن وەك چۆن ملیۆنان کەس بەرلە ئەوان توانیویانە ببن.

### ٢. هەرگیز بڕیار نادەن ئەنجامی بدەن:

زۆرێك لە خەڵکی خۆزگە دەخوازن، ئومێد دەکەن و خەون دەبینن سەبارەت بەوەی کە ژیانیان چەندە جیاواز دەبێت ئەگەر بڕێکی زۆر

پارەیان هەبوایە. ئەوان سەرسامن و ئیرەیی بەو کەسانە دەبەن کە لە چواردەوریاندا لە وان باشترن. هەموو کات نیگەرانی پارەن.

بەڵام هەرگیز بڕیارێکی ژیان و مردن ( یەکلاکەرەوە ) و نەگۆڕ نادەن تائەوەی ببنە کەسانی ساماندار. لە ئەنجامدا، هەنگاوی یەکەم نانێن. تەکنیکەکانی پەیداکردنی سامان فێرنابن. زانست و کارامەییەکانیان نوێناکەنەوە تائەوەی بەبەهاتر بن لە کارەکانیاندا. بەهانە دەهێننەوە بۆ دۆخەکەیان بە گوتنی ئەوەی کە سەرکەوتن بابەتی "بەختە" و هیچیان دەست ناکەوێت.

**٣. ئەوان دوای دەخەن:**

ئەگەر بۆیان ڕووبدات و بڕیار بدەن کە ببنە ساماندار ئەوا هەرگیز دەست پێناکەن. دوای دەخەن. دەچنە شوێنێکی خەیاڵی سەرنجڕاکێشەوە کە پێی دەوترێت " ڕۆژێك دەست پێدەکەم." " ڕۆژێك پارەکەم پاشەکەوت دەکەم لەبری ئەوەی خەرجی بکەم." " ڕۆژێك زیاتر کاردەکەم و خۆم بەبەهاتر دەکەم." " ڕۆژێك دێت ڕزگارم دەبێت لە قەرز." " ژیانیان بەڕێدەکەن و زۆربەی کاتەکانیان دەژین لەسەر ئەوەی کە دەڵێن ڕۆژێك ئەنجامی دەدەین."

یەکێك لە نهێنییە گەورەکانی سەرکەوتن بۆ تۆ ئەوەیە کە دەستبە کار بکەیت و واز لە بەهانەهێنانەوە بهێنیت و پێشبکەویت.

**٤. ترس لە شکست:**

لە ئەنجامی ترسیان لە هەڵە و لەدەستدانی کات یان پارە و ڕەخنەیەکی ڕوخێنەر لە منداڵیاندا و ئەو هەڵانەی کە وەك پێگەشتوو کردویانە دەست و پێیان دەوەستێت و هیچ کارێکیان بۆ ئەنجام نادرێت. ئەگەر تەنانەت دەرفەتێکیشیان پێبدرێت ئەوا دەستەوەسان دەبن. ترسیان لە شکست دەبێتەهۆی دروستکردنی هەموو جۆرە هۆکارێك بۆئەوەی کە کردار نەکەن. کاتی پێویستیان نییە. ناتوانن بچوکترین وەبەرهێنانیش بکەن، زانست و کارامەیی پێویستیان نییە. زۆر سەریان دەسوڕمێ و ناتوانن بیر بکەنەوە بەهۆی ترس لە شکستەوە کە دەبێتەهۆی ئەوەی هیچ کردارێك نەکەن.

زۆربەی ساماندارەکان سامانەکەیان بەهۆی فرۆشتنی خزمەتگوزاریی کەسییەوە دەستپێکرد و کۆیان کردەوە. خەڵکەکە پارەیان نەبوو بەڵام توانایان هەبوو بۆئەوەی کە کاری زۆر بکەن و کارامەییەکانیان نوێبکەنەوە و زیاتر و زیاتر بەبەهاتر بن. لە ئەنجامدا، درگای زیاتر و زیاتری دەرفەت بە ڕویاندا کرایەوە.

٥. ترسیان لە ڕەخنە و ڕازینەبوون هەیە:

زورێك باوەڕیان وایە ئەگەر ئامانجێك بۆ خۆیان دابنێن بۆئەوەی باشتربن لەڕووی داراییەوە، کەسانی چواردەوریان گاڵتەیان پێدەکەن و ڕەخنەیان لێدەگرن. دەترسن کە ئەو کەسانە بەوردی چاودێرییان بکەن و بەدڵخۆشییەوە هەموو هەڵەکانیان دەربخەن کە ئەنجامیان دەدەن. بەو هۆیەوە لە ناپەسەندی کەسانی دیکە زۆر دەترسن. بە زۆری هیچ هەوڵێك نادەن.

ئەمە چارەسەرەکەیە: کاتێك بڕیار دەدەیت کە ببیتە کەسێکی ساماندار، بە هیچ کەسێك مەڵێ و بەنهێنی بیهێڵەرەوە. بەنهێنی کار بۆ ئامانجەکەت بکە و تەنها بەو کەسانە بڵێ کە پێشکەوتنەکانت دەبینن و پرسیارت لێدەکەن دەربارەی.

**٦. لە فێربوون و گەشەکردن دەوەستن:**

بۆئەوەی شتێك بەدەست بهێنیت کە پێشتر بەدەستت نەهێناوە پێویستە شتێك فێربیت و جێبەجێی بکەیت کە پێشتر ئەنجامت نەداوە. ئاستەکانی پەیژەی سەرکەوتنی دارایی، زانیاری و کارامەیین. بۆئەوەی لەڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بیت و لە سفرەوە دەست پێبکەیت، پێویستە فێر بیت و پەرەی پێبدەیت، زنجیرەیەك کارامەیی نوێ جێبەجێ بکەیت کە وات لێدەکەن بەبەها بیت و تەنانەت ببیتە کەسێکی گرنگ لە کارەکەتدا.

ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێت:" دەخوێنم و خۆم ئامادە دەکەم، ڕۆژێك دەرفەتەکەم دەردەکەوێت." کاتێك دەخوێنیت و خۆت ئامادە دەکەیت هەندێك یاسای گەردوونی دەڵێن:" هەمیشە دەرفەتێکت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارامەییە نوێیەکانت بەڵام بەدڵی خۆتە کە لە سەرەتادا برەویان پێبدەیت و بەردەوام بیت لە برەودان پێیان لە ماوەی ژیانتدا."

**٧. بەردەوام نابن:**

زۆرینەی خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر و بە ئەندازەی پێویست بەردەوام نابن بۆ سەرکەوتن. کەسانی سەرکەوتوو پێت دەڵێن کە هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنیان ئەوە بووە ڕەتیان کردوەتەوە دەست هەڵگرن و ڕەتیان

کردووەتەوە وازبهێنن لە کاتێکدا ڕێگاکەیان دژوار بووە. زیاتر و زیاتر بەردەوام بوون، ساڵ لەدوای ساڵ، تەنانەت لە کاتێکیشدا ڕووبەڕووی داڕوخانی دارایی و مایەپوچی تەواویش دەبونەوە.

شتێکی سەرنجڕاکێشە کە چەندێك لە خەڵکی وازدەهێنن لە هەوڵدان بە چەند هەنگاوێکی کەم لە خاڵە وەرچەرخانە سەرەکییەکەوە لە ژیانیاندا. پاش ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا. بەردەوام بوون و سووربوون گرەنتی سەرەکیین بۆت کە هەموو ئامانجە داراییەکانت بەدەست بهێنیت.

## فێربوون و جێبەجێکردن

خۆشبەختانە، دەتوانیت زاڵ بیت بەسەر هەریەکێك لەم سنورانەدا بۆ سەرکەوتنی دارایی بەهۆی فێربوون و کردارەوە. هەریەکێك لەم بەربەستانە دەکرێ بگۆڕدرێن بۆ ئەزمونێکی یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتن کاتێك فێر دەبیت بەو جۆرەی کە دەوڵەمەندەکان بیردەکەنەوە، بیر بکەیتەوە.

یاسای بەرپەرچدانەوە یاسایەکی نەگۆڕی هزرە بۆ هەموو کەسێك و لە هەموو بارودۆخێکدا کاری خۆی دەکات. خوڵێلانەدەر و بەتەواوی پێشبینی نەکراوە. سەبارەت بە کەڵەکەکردنی سامان، ئەم یاسایە دەڵێت:" لە دەرەوە ڕەفتار دەکەیت پەیوەست بە بیرکردنەوەکانت، هەستەکانت، باوەڕەکانت، بیرۆکەکان و بەهاکانتەوە کە لە ناوەوەی ناخی خۆتدا خاوەنیانیت. هەمیشە لە دەرەوە کردار دەکەیت بەو جۆرەی کە

بەڕاستی لە ناوەوە باوەڕت هەیە. ئەگەر ئەنجامی بدەیت بەزوویی هەمان دەرئەنجامت دەستدەکەوێت کە کەسانی تر هەمان باوەڕیان هەبووە.

## ئەو جۆرەی کە بیردەکەیتەوە، بەو جۆرە کردار دەکەیت

دەروونزانەکان بەمە دەڵێن وێنەی بیرکردنەوەی خودییت. دانراوە بە گەورەترین دەستکەوت لە پێشکەوتنی توانای مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا. وێنە بیرکردنەوە خودییەکەت ئەو جۆرەیە کە بیر دەکەیتەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە باوەڕەکانتە سەبارەت بە خۆت. هەمیشە لە دەرەوە کردار دەکەیت پەیوەست بە وێنەی بیرکردنەوە خودییەکەتەوە، هەرشتێك بێت. هەموو کات دەتوانیت بڵێیت خەڵکی بیرکردنەوەیان چۆنە، هەستیان چۆنە و باوەڕیان چۆنە سەبارەت بە خۆیان بە سەیرکردنی ئەو شتانەی ئەنجامی دەدەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

هەموو پێشکەوتنەکان لە ئاستی دەرەوە و ئەنجامەکاندا بە پێشکەوتن لە وێنە بیرکردنەوە خودییەکاندا دەستپێدەکات. کاتێك بیرت کردەوە سەبارەت بە خۆت لەڕووی ئەرێنی و بنیادنەری و ڕێگای سەرکەوتووی داراییەوە لە ناخی خۆتدا ئەوا بەگوێرەی ئەو باوەڕانە کردار دەکەیت لە دەرەوە هەتاکو لە کۆتاییدا دەبن بە ژیانی ڕاستییت.

ئەو منداڵانەی کە لە ماڵە سامانداڕەکاندا بەخێوکراون بەتایبەت لەلایەن ئەو خێزانانەی وەك بەڵێندەر دەستیان بە کار کردووە و زۆر کاریان کردووە و سەرکەوتوو بوون لە سەردەمی خۆیاندا ئەوا ئەگەر زۆرە کە سەرکەوتوو بن و ببنە کەسانی ساماندار لە سەردەمی پێگەشتوییدا.

بەدرێژایی ژیانیان و بەخێوکردنیان چواردەور درابوون بەو بیرکردنەوە و باوەڕ و شێوازی ژیانکردنانە بە سەرکەوتوویی و ساماندار کاتێک گەورە دەبن. پێشبینی هیچ شتێکی کەمتر ناکەن بۆ خۆیان هەتاکو بەدەستی دەهێنن.

## بیرکردنەوەیەکی دەوڵەمەندانە پەرە پێبدە

پەرەدان بە وێنەیەکی بیرکردنەوەی خودی دەوڵەمەندانە زۆر کات پێویستی بە چەندین ساڵ لە بەشداریکردن و بەریەککەوتن هەیە بۆ خود و هەڵسوکەوتی کەسانی ساماندار. بەڵام هەندێک کات دەکرێت تەنها بەریەککەوتنێک بێت لەگەڵ کەسێکی کاریگەر لە سیمینارێکدا، لە کتێبخانەیەکدا یان لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا کە بۆ هەمیشە کاریگەرییەکی ڕوون دروستدەکات لەسەر تاک کە پاش ئەوە وەک سەرکەوتنێکی دارایی بیر لە خۆی دەکاتەوە تەنها بۆ شوێنێک دەگەڕێت کە تیایدا ڕوو بدات.

زۆرێک لە خەڵکی بونەتە ساماندار پاش ئەوەی تەنها گوێیان ڕاگرتووە بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یان بەشدارییان کردووە لە سیمینارێکدا. لە زۆربەی دۆخەکاندا، بیرۆکەکان و هاندانەکە لە تەنها کتێبێکدا بووە کە خەڵکیان خستوەتە سەر ئاڕاستەیەکی جیاواز. هەندێک کات لە چەند ساڵێکی کەمدا بوەتە هۆی بەدەستهێنانی سامان.

## سەرچاوە مێژووییەکەی سامان

لە تەواوی زۆربەی مێژووی مرۆڤایەتیدا، وە ئەمڕۆش لە هەندێك وڵاتدا خەڵكی سامانیان دەستكەوتووە بە بردنی لە كەسانی تر یان لە هەندێك وڵاتی تر. یەكەم شت كە سوپاكانی ناپلیۆن ئەنجامیاندا كاتێك دەستیان بەسەر هەر وڵاتێكدا یان ڕێسایەكدا دەگرت، دزین و بردنی هەموو شتەكانی ئەو ناوچەیە بوو كە دەگوازرانەوە و دەبران بۆ پاریس. ناپلیۆن زۆر بەتوانا بوو لە دەستكەوتنی موڵك بۆ فەرەنسا. لە كۆتاییدا، بووە ئیمپراتۆر و دەسەڵاتێكی نایاسایی پێدرا بۆ بڵاوەپێكردنی سوپاكانی بۆئەوەی هەموو شتەكانی ئەوروپا ببەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.
یەكەم شت كە نازییەكان ئەنجامیاندا، لەژێر دەسەڵاتی هیتلەردا كاتێك دەستیان بەسەر هەر وڵاتێكدا دەگرت دزینی هەموو ئەو شتانە بوو كە دەكرا بگوازرێنەوە و لەگەڵ خۆیاندا بە بارهەڵگر دەیان بردن بۆ ئەڵمانیا. كاتێك ڕووسەكان بەشدارییان كرد لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، هەموو شتێكیان دەدزی لە ڕێگاكەیاندا.
بەدرێژایی مێژوو، هەر دیكتاتۆرێك كە دەهاتە سەر دەسەڵات لە هەر وڵاتێكدا ئەوا دەستبەجێ هەموو ئەو شتانەی دەدزی كە دەستی پێدەگەشت. موڵك و سامان لەم دۆخانەدا كۆنەدەكرانەوە بەڵكو ئەوە گواستنەوەی موڵك و سامان بوو لە كەسانی لاوازەوە بۆ بەهێز.

## پەیداكردنی سامان لە ئەمڕۆدا

پاش ساڵی ١٨١٥ لە ئەوروپا و ئەمریكاش دیاردەیەك ڕوویدا كە پێشتر هەرگیز لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نەبینرا بوو. خەڵكی بۆیان دەركەوت كە دەتوانن سامان پەیدا بكەن بە دروستكردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان

که کەسانی تر دەیان ویست، پێویستیان بوو وە ئامادەیشیان هەبوو پارەی پێبدەن. سیستەمە یاساییەکان دانران بۆ پاراستنی بەرهەمهێنان و دەستکەوتنی سامان بەم ڕێگایە هەروەها دەوڵەمەندکردنی هەر وڵاتێک کە بەشداری لە سیستەمی بازاڕیدا دەکرد.

لەبەرئەوەی بەڵێندەر و بازرگانەکان ترسیان نەبوو لەوەی کە سامانەکەیان ببڕێت لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی کە لە هەندێك وڵاتدا هەیە. زۆرێك لە باشترین و داهێنەرترین مێشکە بازرگانییەکان و بەهرەکان جەختیان لەسەر پەیداکردنی سامان کردەوە نەك بەسادەیی گواستنەوەی سامان. لە ئەمریکادا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، دەستەواژەی پەیداکردنی سامان ناوبانگی دەرکرد و پەسەند کرا. خەڵکی لە تەواوی جیهاندا ڕۆشتن هێشتا لە ئەمڕۆشدا دەچن بۆ ئەو دەرفەتەی کە بەشداری لە گەورەترین سیستەمی پەیداکردن سامان و بازرگانی لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییدا بکەن.

## دەستپێکردن لە خاڵی سفرەوە

لە ڕاستییدا، ئەمڕۆ کۆچبەرە نوێیەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوار جار زیاتر ئەگەری بوون بە ملیۆنێریان هەیە بە بەراورد بەو کەسانە کە لەو وڵاتە لەدایك دەبن و بە ڕەچەڵەك ئەمریکین چونکە کلیلی دەوڵەمەندبوونیان ونکردووە و پێویستە بیدۆزنەوە.

ستیڤ سیبوڵد نوسەری کتێبی کەسانی دەوڵەمەند چۆن بیر دەکەنەوە دەڵێت:" ئەگەر دەتەوێت پارەیەکی زۆر پەیدا بکەیت، کێشەیەکی گەورە

بدۆزەرەوە کە خەڵکانێکی زۆر هەیان بێت و بە ڕێگایەکی نوێ چارەسەری بکە." هەروەها ئەمەش کلیلی پەیداکردنی سامانە بۆ تۆ و هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە کە بەڕاستی ببیتە کەسێکی دەوڵەمەند جگەلە دابینکردنی ئەو شتانەی کە خەڵکی دەیانەوێت، پێویستیانە و ئامادەن پارەی بۆ بدەن.

## خووەکانی کەسانی دەوڵەمەند پەرە پێبدە

لە ئاسانترین دەستەواژەدا واتە کەسانی دەوڵەمەند خووی دەوڵەمەندانەیان هەیە و کەسانی هەژاریش خووی هەژارانە. ماری کای ئاش، ملیۆنێرێکی خۆدروستکەر بوو هانی ئامادەبوانی دەدا بە گوتنی" خووی هەژارەکان مەگرە بەڵکو وەك دەوڵەمەندەکان بیر بکەرەوە."

کەسانی دەوڵەمەند بە شێوازی دەوڵەمەندانە بیر دەکەنەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا. لەبیرمە کاتێك سی ساڵ بووم هێشتا مایەپوچ بووم، هەوڵمدەدا و زۆریش کارم دەکرد بەڵام بە ڕادەیەکی کەم بەرەوپێش دەچووم. ناوم تۆمار کرد لە بەرنامەی ماستەر لە بواری بەڕێوەبردنی بازرگانییدا لە زانکۆیەکی ناوخۆیی. ئێوارەکیان کاتێك کە گەشتم، بەڵێندەرێکی ناسراوی ناوخۆیی دەوڵەمەندی زۆر سەرکەوتوو لە شوێنی ڕاگیرکردنی ئوتۆمبیلدا وەستا لە تەنیشتمەوە، ئوتۆمبیلێکی مارسیدزی ٤٥٠ ی ڕەنگ ڕەساسیی کاڵی لێدەخوڕی. منیش لە قۆڵقۆ کۆنەکەم دابەزیم و وەستام لەوێدا و چاوم بڕیبووە ئوتۆمبیلەکەی.

شۆفێرەکە سەیری ئوتۆمبیلەکەی کردم و پاشان سەیرێکی ئوتۆمبیلەکەی خۆی کردەوە، زەردەخەنەیەکی کرد و پاشان دەستی ڕاوەشاند و ڕۆشت

بەرەو پوڵ. لەو کاتەدا، بڕیارمدا هەرشتێک کە پێویستە ئەنجامی دەدەم بۆئەوەی بە ئەندازەی پێویست دەوڵەمەند بم و بتوانم ئوتوٚمبیلێکی مارسیدزی گرانبەهای جوانی گەورە لێبخورم. کاتێک ڕۆشتم سەیری ناو ئوتوٚمبیلەکەم کرد و بەرگە کوشنێکی چەرمی ڕەنگ شینم بینی و هەوڵمدا تائەوەی لە هزرمدا توٚماری بکەم و لە داهاتوودا بتوانم بیرم بکەوێتەوە.

## دەوڵەمەندانە بیر بکەرەوە

لەو ساتە بە دواوە، دەوڵەمەندانە بیرم دەکردەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوە و لە ڕۆژێکدا دوو یان سێ کاتژێر سەبارەت بە خوو و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی کەسانی ساماندار و دەوڵەمەند دەمخوێندەوە. کارێکی باشترم دەستکەوت و پاشانیش کارێکی زۆر باشتر. بەرپرسیاریەتی زیاترم لە ئەستۆ گرت و بەرەوپێشچووم. زیاتر کارم دەکرد هەندێک کات دوازدە کاتژێر لە ڕۆژێکدا کارم دەکرد. پارەی زۆر زیاترم پەیدا دەکرد بۆ خاوەنکارەکەم و ئەویش هەندێک لەو بڕە پارەیەی پێدەدام وەك بەخشش و دەستکەوتی هاوبەش.

لە ماوەی سی و شەش مانگدا چومە ناو کوٚمپانیایەکی ئاڵوگۆڕی مارسیدزەوە و ئوتوٚمبیلەکەم فرۆشت و پارەکەم دانا و ئوتوٚمبیلێکی مارسیدزی ٤٥٠ ی ڕەنگ ڕەساسیی کاڵم کڕی. بەرگە کوشنێکی چەرمی ڕەنگ شینی هەبوو. ئەوە یەکێك بوو لە گرنگترین ساتەکانی ژیانم.

## خووەکان پەرە پێبدە

بۆئەوەی کە تۆ بیرکردنەوەی دەوڵەمەندانە پەرە پێبدەیت و دەوڵەمەند بیت سەرەتا پێویستە خووەکانی بیرکردنەوە و کردارەکانی کەسانی دەوڵەمەند پەرە پێبدەیت کە هەتن. جیم ڕۆن دەڵێت:" ئەوە گرنگ نییە کە ببیتە ملیۆنێر بەڵکو جۆری ئەو کەسەی کە دەبیت زۆر گرنگترە. پاشان ئەگەر تەنانەت پارەکەشت لەدەستبدەیت ئەوا دەتوانیت دووبارە بەدەستی بهێنیتەوە لەبەرئەوەی ئێستا تۆ ئەو جۆرە کەسەیت کە دەزانیت چۆن ئەم پارەیە پەیدا بکەیتەوە."

مایك تۆد، بەرهەمهێنەری فیلم و هاوسەری ئیلیزابێس تایلەر، جارێکیان هەموو پارەکەی لەدەستدا لە بەرهەمهێنانێکی گەورەدا و بەتەواوی مایەپوچ بوو. ڕۆژنامەکان و زۆرێك لە هاوڕێکانی گاڵتەیان پێدەکرد و پێی پێدەکەنین. یەکێکیان لێی پرسی:" مایك، هەستت چۆنە ئێستا هەژاریت؟"

مایك تۆد بەم وشانە وەڵامی دایەوە:" هەرگیز هەژار نەبووم، تەنها مایەپوچ بووم. هەژاری لەدەستدانی پارە نییە بەڵکو شێوازی تایبەتی بیرکردنەوەیە. مایەپوچبوون دۆخێکی کاتییە." پاشان گەڕایەوە بۆ کارکردن لەسەر پرۆژەکەی و دواتر سەرکەوتوو بوو. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دووبارە دەوڵەمەند بویەوە.

## سروشت بێلایەنە

یاسای هۆ و ئەنجام، یاسا گەورەکەی گەردوون دەڵێت:" ئەگەر هاوشێوەی کەسانی ساماندار بیر بکەیتەوە و کردار بکەیت بەزوویی دەبیت بە کەسێکی هاوشێوەی ئەوان. ئەگەر هاوشێوەی ئەوانیش بیر نەکەیتەوە و



Scanned by TapScanner

کردار نەکەیت ئەوا نابیت بـە کەسێکی ساماندار هاوشێوەی ئـەوان.
سروشت بێلایەنە."

سروشت وەك پەیکـەری دادوەری وایـە بـە چاوبەسـراویی. سروشـت لـە بەرژەوەندیی هیچ کەسێکدا ڕۆڵ نابینێت. وەك گۆتە دەڵێت:" سروشت لە گاڵتـە تێناگـات. هەمیشـە ڕاسـت دەکـات و جدییـە. هەڵـە و کـەمو کوڕتییەکان هی مرۆڤن، سروشت هەڵە ناکات. ئەو کەسەی کە ناتوانێت بەهای بگرێت، سروشت ڕقی لێدەبێتەوە. تەنها بۆ کەسە بـە تواناکـان و خاوێنەکان و ڕاستەکان ئەو شتە پەسەند دەکات و نهێنییـەکانی ئاشکرا دەکات." خۆشبەختانە، مێشکت لە گەردووندا تاکە شتە کـە کـۆنترۆڵی تەوات بەسەریدا هەیە. ئەوەش ئەو شتەیە کە پێویستە.

## بیرکردنەوەی شتێك لەبەرامبەر شتێکدا

## بیرکردنەوەی شتێك لەبەرامبەر هیچ شتێکدا

ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە لە شێوازی بیرکردنەوەی کەسانی دەوڵەمەنـد و هەژاردا. کەسانی دەوڵەمەند هەمیشە بۆ ڕێگا دەگەڕێن تائەوەی بەها دروست بکەن، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بەرهـەم بهێـنن و پـەرەیان پێبدەن. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە ژیان و کـارو بـاری کەسـانی تـر دەوڵەمەندتر و بەرەوپێشتر ببەن.

هەمیشە ئامادەییان هەیە کە شـت دابنـێن بەرلـەوەی لێـی دەربکـەن. باوەڕیان بە پارەی ئاسان یـان شـتێك نییـە بـۆ هـیچ شـتێك. کەسـانی دەوڵەمەند باوەڕیان وایە کە دەبێت دادپەروەرانە پارە بەدەست بهێـنن و

بیدەن لەڕووی کاری قورس و سامانەوە، هەر جۆرە پاداشت و سامانێك کە خواستیانە.

کەسانی هەژار ئەم تێگەشتنە سەرەکییەیان نییە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئەو شتەی کە دای دەنێت و ئەو شتەی کە وەری دەگریت. هەموو کات داوا دەکەن کە شتێکیان پێبدرێت بۆ هیچ شتێك یان شتێکی زۆر کەم. سەرکەوتنیان دەوێت بەبێ دەستکەوت، سامانیش بەبێ کار، پارە بەبێ کۆشش، ناوبانگی بەبێ بەهرە.

کەسانی هەژار قومار دەکەن، بلیتی یانسیب دەبەنەوە، لە خولەکی کۆتاییدا دێنە سەر کارەکەیان و کاتیش بەفیڕۆ دەدەن کاتێك لەسەر کارن. لە یەکەم خولەکدا کە بۆیان دەگونجێت کارەکەیان جێدەهێڵن. بە ڕیز دەوەستن بە سەدان و هەزاران کەس بۆ تەماشاکردنی بەرنامەی وەك " ئەمەریکەن ئایدڵ " پێیان وایە کە دەتوانن دەوڵەمەند و بەناوبانگ بن بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بدەن کە پێویستە بۆ پەرەپێدان بە ئاستی بەهرە و تواناکەیان و وایان لێدەکات لە سەروی پێشبڕکێکارەکانیانەوە بن. یەکێك لە گەورەترین نهێنییەکانی ساماندارییی ئەوەیە هەمیشە زیاتر لەو کارە ئەنجام بدەیت کە پارەت پێدەدرێت بۆی. ئەگەر وا بکەیت ئەوا زیاتر لەو برە پارەیەت پێدەدرێت کە لە ئەمڕۆدا بەدەستی دەهێنیت. هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە. میلێکی زیاتر هەنگاو بنێ. ئامادەبە کە زیاتر دابنێیت، زیاتر لەو برەی کە لێی دەردەکەیت.

# پەرەدان بە خووە نوێیەکان

لە سەدا نەوەد و پێنجی ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەیت دیاری دەکرێن بە خووەکانت، سەرەتا بیرکردنەوە پاشان کردار. کەسانی سەرکەوتوو خووی باشیان هەیە کە دەبێتەهۆی خۆشبەختی، بەرهەمهێنان و ژیانێکی سەرکەوتوو لەڕووی داراییەوە. کەسانی هەژاریش خووی خراپیان هەیە یان هەر هیچ جۆرە خوویەکیان نییە کە دەبێتەهۆی پێچەوانەکەی. خۆشبەختانە، مرۆڤ دەتوانێت هەموو خووەکان بە کردار و زۆر دووبارەکردنەوە فێر بێت.

دەتوانیت هەر جۆرە خوویەك یان کارامەییەك فێربیت کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێك کە دەتوانیت بۆ خۆتی دابنێیت. تاکە پرسیاری ڕاست ئەوەیە "چەندە ئەو شتەت دەوێت؟" لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر کەسانی دەوڵەمەند و هەژار و بەراوردکراون بۆ دیاریکردنی ئەو شتەی کە وایان لێدەکات جیاواز بن لە یەکتر.

دەرئەنجامی کۆتایی ئەوە بوو کە دەتوانیت دەست بە هەموو شتێکی باش لە ژیان، خێزانی باش، پەروەردەی نایاب، بەڵێننامە و دەرفەتە نمونەییەکان بکەیت بەڵام ئەگەر خووی بیرکردنەوەکانت نەبێت کە پێویستن بۆ سەرکەوتن ئەوا هیچ سودێکیان بۆت نابێت.

لەلایەکی دیکەوە، دەتوانیت هیچ قازانجێك نەکەیت وەك کەسانێك کە لە وڵاتی هەژارەوە یان لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە هەڵاتوون بەبێ هاوڕێ، بەبێ پەیماننامە تەنانەت بەبێ کارامەیی زمانیش دەگەن بەڵام بە

خووی نایابەوە و پاشان بەردەوام دەبن بۆ دروستکردنی ژیانێکی ناوازە بۆ خۆیان.

## ستراتیژی حەوت هەنگاوەکە

خووەکان بە ستراتیژی حەوت هەنگاوە سادەکە پەرەیان پێدەدرێت.

یەکەم: هەوڵبدە تەنها پەرە بە یەك خوو بدەیت لە یەك کاتدا. ئەگەر زۆر بەرزیخوازیت و چەند خوویەکی باش پەرە پێبدەیت ئەوا لە ئەنجامدا پـەرە بە هیچیان نادەیت و سەرکەوتوو نابیت. ئارام بگرە و پەلە مەکە.

لەبەرئەوەی بیست بۆ سی ڕۆژی پێویستە بـۆ دووبارەکردنـەوە تائـەوەی خوویەکی نوێ پەرە پێبدەیت. دەتوانیت بەڕاستی لە مانگێکدا خویـەکی نوێی بنیادنەری سامان پەرە پێبدەیت یان دوازدە خوو لە ساڵێکدا. ئەمە بەسە. بۆ نمونە، زۆرینەی کەسانی دەوڵەمەند لە خەو هەڵدەستن لە کاتژێر شەشی بەیانیدا. سێ کاتژێری تەواو بەرلە چاوپێکەوتنی یەکەمیان چەند نەریتێکیان هەیە کە ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەن کاتێك بەخەبەردێن، ڕاهێنان دەکەن، جلو بەرگ لەبەر دەکەن و پلانیش دادەنێن. خۆیان بـۆ ئـەو ڕۆژە ئامادە دەکەن. دەخوێننەوە، شتێك فێر دەبن، خۆیان ڕێکدەخـەن. ئـەوان زۆر کات لەسەر کارن ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی کەسێکی ئاسایی یەکـەم کوپ قاوەی تەواو کرد بێت. ئەمە خوویەکە کـە دەتوانیـت دەسـتبەجێ بڕیاری لێبدەیت. ڕەنگە ژیانت بگۆڕێت.

دووەم: داتای نوێ داخڵ بکە. بڕیار لەسـەر خوویـەك بـدە کـە دەکرێـت یارمەتیدەرت بێت تائەوەی پەرەی پێبدەیت. ڕوونبە سەبارەت بەم ڕێگا

نوێیە کە دەتەوێت بیری لێبکەیتەوە و کردار بکەیت. بەوریاییەوە بیر لەم خووە نوێیە بکەرەوە.

بۆ نموونە، کەسانی دەوڵەمەند زۆربەی کات بیردەکەنەوە سەبارەت بە پەیداکردنی سامان. بەبەردەوامی سەیری چواردەوریان دەکەن و بۆ دەرفەتەکان دەگەڕێن تائەوەی پارەی زیاتر پەیدا بکەن بە پێشکەشکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان کە خەڵکی دەیانەوێت و پێویستیانە لە ئەمڕۆ و داهاتوشدا. بەردەوام بیر دەکەنەوە سەبارەت بە پڕۆسەی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان. تۆش دەتوانیت هەمان شت ئەنجام بدەیت.

سێیەم: بۆ خۆتی بسەلمێنە کە ئەم خووەت هەیە. بەردەوام بەخۆت بڵێ، "لە هەموو شوێنێك دەرفەتەکانی پەیداکردنی پارە دەبینم. بەهێزترین وشەکان ئەوانەن کە بەخۆتیان دەڵێیت و باوەڕت پێیان هەیە. بەردەوام بخوێنەرەوە، فێرببە، لێکۆڵینەوە بکە، زانیاری کۆ بکەرەوە سەبارەت بە پەیداکردنی پارە. چاوپێکەوتن و چیرۆکەکانی کەسانی تر بخوێنەرەوە کە کاتێك دەستیان پێکردووە، بڕە پارەیەکی کەمیان هەبووە و دواتر لەڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بوون. بیر بکەرەوە چۆن دەتوانیت هەمان شت ئەنجام بدەیت.

چوارەم: خەیاڵ بکە کە خۆت ئەم خووە نوێیە جێبەجێ دەکەیت. بیرت بێت " ئەو کەسەی کە خەیاڵی دەکەیت لە بیرکردنەوەتدا ئەو کەسەیە کە لە داهاتوودا دەبیت."

هەموو پێشکەوتنەکان لە ئاستتدا بەو گۆڕانە دەست پێدەکەن. بەو وێنە بیرکردنەوەیەی خۆت کە بە ڕێگایەکی تایبەت کردار دەکەیت. تۆ

هەمیشە بەو جۆرە کردار دەکەیت کە خۆت دەبینیت لە ناوەوەی ناخی خۆتدا. وێنەیەکی بیرکردنەوەی خۆت دروست بکە کە لە جێگای نوستن دێیتە دەرەوە بەرلە کاتژێر شەشی بەیانی و دەستبەجێ دەست بە ئەو ڕۆژەت دەکەیت. شتێکی سەرنجڕاکێشە کە چەند کەسی دەوڵەمەند ئەوە دەڵێن هەموو بەیانیانێك هەندێك کات لە کاتژێر چوار یان پێنجدا بە سی بۆ شەست خولەك ڕاهێنانی جەستە دەکەن.

ئەگەر بۆ ماوەی مانگێك هەموو ڕۆژێك ئەمە ئەنجام بدەیت ئەوا بەزوویی خوویەکی ئەرێنی پەرە پێدەدەیت بۆ هەستی زیرەکی، بەئاگایی و پڕوزەیی بەدرێژایی ڕۆژەکە.

پێنجەم: بە جۆرێك کردار بکە وەك ئەوەی کە پێشتر ئەم خووە نوێیەت هەبوو بێت. دەتوانیت ڕێسای بەرپەرچدانەوە بەکار بهێنیت کە بەرپرسە لە زۆربەی گۆڕانە گرنگەکان لە خەڵکیدا و دەبێتەهۆی سەرکەوتنی دارایی. ئەم یاسایە دەڵێت:" ئەگەر هەستت بە جۆرێکی تایبەت کرد یان ئەگەر باوەڕت بەخۆت هەبێت ببیت بە جۆرە کەسێکی تایبەت ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی و بە جۆرێکی تایبەت کردار دەکەیت. بەڵام چی دەبێت ئەگەر هەستێك یان باوەڕێکی وات هەبێت کە کەسێکی سەرکەوتوو یان ساماندار نییت؟

ویلیام جەیمس ڕونی کردەوە" ئەگەر پێشتر خوویەکت نەبوو بێت کە خولیات بووە ئەوا بە جۆرێك کردار بکە وەك ئەوەی کە لە هەموو بوارێکدا ئەم خووەت هەیە. کردارەکە خۆی بەزوویی باوەڕە ڕاستییەکە دروست دەکات." زۆربەی کات کەسانی سەرکەوتوو هەموو ڕۆژێك پێشتر

پلانی پێشوەختە دادەنێن. لەپێشینەکان لە ئەرکەکانیاندا دادەنێن یەکەم شت دەست بە گرنگترین ئەرکیان دەکەن بەر لـە هەرشتێکی تر. تـۆش دەتوانیت هەمان شت بکەیت. لە سبەینێوە دەست پێبکە. کاتێـك پـلان دادەنێیـت و کارەکـانی ڕۆژەکـەت ڕێـك دەخـەیت ئـەوا بـۆ خـۆت بـیر بکەرەوە،" ئەمە ئەو شتەیە کە کەسانی دەوڵەمەنـد ئـەنجامی دەدەن." بەزوویی دەبێت بە خوویەك و جێگیر دەبێـت وەك بەشێکی هەمیشـەیی کردارەکانی ڕۆژانەت.

شەشەم: هەموو ئەگەرەکان ڕەتبکەرەوە. کاتێك بڕیارتـدا خوویـەك پـەرە پێبدەیت ئەوا هەرگیز وازمەهێنە هەتاکو خوویـەکی نـوێ بـۆ هەمیشـە جێگیر دەبێت. ( هەڵسـوکەوتی نایارمەتیـدەر ڕوون مەکـەرەوە.) هـیچ بەهانەیەك مەهێنەرەوە بۆئەوەی کە بەڕاستی نەمایەتەوە بۆ ئەو شتەی کە بڕیارتدا ئەنجامی بدەیت. ئەمە ئەو شتەیە کە کەسانی هـەژار ئـەنجامی دەدەن.

حەوتەم: ئەگەر لەسەر ئەسپەکەت کەوتیتـە خـوارەوە ئـەوا دەستبەجێ سواربەرەوە. ئەگەر دووبارە خوویـەکی کۆنـت ئەنجامـدا، کـە جار جار ئەنجامی دەدەیت، ئەوا دەستبەجێ خۆت ڕێکبخەرەوە و دەست بە کردار بکەرەوە بەگوێرەی ئەو خووە نوێیەی کـە بڕیارتـداوە پـەرەی پێبـدەیت. شکستەکانیش بسڕەوە و بڵێ:" جاری داهاتوو باشتر ئـەنجامی دەدەم." پاشان دەستپێبکەرەوە. چاوەڕوان نەبیت کە یەکەمجار و تەنانەت چـەندین جارێکی سەرەتاش بە ڕاست و دروستی ئەنجامی بـدەیت. ئارام بگرە و بەردەوام بە.

## له خووه باشه‌كانه‌وه

خووه باشه‌كان سه‌ختن بۆئه‌وه‌ى كه دروست بكرێن به‌ڵام ئاسانن بۆئه‌وه‌ى له‌گه‌ڵیان بژیت. له‌لایه‌كی دیكه‌وه، خووه خراپه‌كان ئاسان دروست ده‌كرێن به‌ڵام سه‌ختن بۆئه‌وه‌ى كه ژیانیان له‌گه‌ڵدا بكه‌یت. یاساكه بۆ تۆیه تائه‌وه‌ى خووه باشه‌كان دروست بكه‌یت و بیانكه‌یت به ماموٚستای خوٚت. خووه نوێیه‌كان قورسن بۆئه‌وه‌ى كه جێبه‌جێ بكرێن له سه‌ره‌تادا به‌ڵام به‌زوویی ده‌بن به شتێكی ئۆتۆماتیكی و ئاسان. به‌زوویی ئاسانتر ده‌بێت بۆ كرداركردنی خووه نوێیه‌كه‌ت وه‌ك له‌وه‌ى دووباره شێوازه كۆنه‌كه‌ى ئه‌نجامدانی شته‌كان به‌كاربهێنیته‌وه.

## خووه‌كانی كه‌سانی ساماندار

ده‌توانیت چه‌ندین خوو په‌ره پێبده‌یت كه ده‌كرێن به كردار له‌لایه‌ن هه‌موو كه‌سانی ده‌وڵه‌مه‌نده‌وه. بۆ نموونه، له هه‌ژماركردنێكی ملیۆنێره خۆدروستكه‌ره‌كانی فۆربیس له ساڵی ٢٠١٥ دا، له سه‌دا حه‌فتا و شه‌شیان سه‌ركه‌وتنه‌كه‌یان پێده‌به‌خشرێت به " كاری زۆر و كۆنترۆڵكردنی خود." ملیۆنێره‌كان نزیكه‌ى شه‌ست كاتژێر كار ده‌كه‌ن له هه‌فته‌یه‌كدا، زۆر كات شه‌ش ڕۆژ له هه‌فته‌یه‌كدا. ده كاتژێر یان زیاتریش كار ده‌كه‌ن له ڕۆژێكدا. زوو له خه‌و هه‌ڵده‌ستن و ده‌ست به كار ده‌كه‌ن له كاتژێر حه‌وت یان هه‌شتی به‌یانیدا. به‌رده‌وام ده‌بن له كار هه‌تاكو كاتژێر شه‌ش یان

حەوتی ئێوارە. وەك داڤید فۆستەر دەڵێت: "هیچ کەسێکی سەرکەوتوو ناناسم کە کەمتر لە شەش ڕۆژ کار بکات لە هەفتەیەکدا."

## ئەو شتە ئەنجامبدە کە حەزت لێیە

ئەمە کلیلەکەیە. ئەو شتە ئەنجام بدە کە حەزت لێیە ئەنجامی بدەیت. ئەو کارە ئەنجام بدە کە خۆشی دەبینیت لە ئەنجامدانی، سەرنجت ڕادەکێشێت و ووزەت پێدەدات و دڵخۆشت دەکات. زۆرینەی ملیۆنێرەکان دەڵێن هەگیز لە ژیانیاندا ڕۆژێك کارێك ناکەن کە حەز بە ئەنجامدانی ناکەن. تەنها شتێك ئەنجام دەدەن کە حەز بە ئەنجامدانی دەکەن و پارەی باشیان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی. دەبێت تۆش هەمان شت بکەیت. سەرەڕای کاری زۆر و کۆنتڕۆڵکردنی خود، ملیۆنێرەکان کاتەکانیان بەفیڕۆ نادەن. بەبەردەوامی بیر دەکەنەوە سەبارەت بە بەرهەمهێنانی شمەك و خزمەتگوزاری و فرۆشتنیان، خزمەتکردنی کڕیارەکانیا بە شێوەیەکی باشتر، خێراتر و هەرزانتر بە بەراورد بە پێشبڕکێکارەکانیان. گرنگ نییە کە لە چی کارێکدان. بەردەوام لە خۆیان دەپرسن: "ئایا ئەمە بەبەهاترین شتێکە کە کاتەکەمی تیادا بەکار دەهێنم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانم؟"

## ئامانجی ڕوون دابنێ

زۆرینەی ملیۆنێرەکان هەموو کات ئامانجیان هەیە. ئامانج و مەبەستێکی گەورەی ڕوونیان هەیە. هەندێك کات پێیدەڵێن "ئامانجێکی

درێژخایەنی ڕوون " کە هەموو کات بیری لێدەکەنەوە و کاری لەسەر دەکەن. ئەی ئامانجەکەی تۆ چییە؟

ملیۆنێرەکان پێوانە دادەنێن، بەتایبەت پێوانەی دارایی و دوامۆڵەت بۆ هەر یەك لە ئامانجەکانیان. ملیۆنێرەکان دەستپێوەگر و وریان سەبارەت بە پارەکەیان. ئەوان لێکۆڵینەوە دەکەن لە هەموو وردەکارییەکی وەبەرهێنان یان هەر خەرجییەك بەرلەوەی بڕیارێك بدەن. حەزیان لێیە پارە پەیدا بکەن بەڵام ڕقیان لە لەدەستدانی پارەیە.

ملیۆنێرەکان جەخت لەسەر کۆکردنەوەی پارە دەکەنەوە لەسەر بەدەستهێنان و هێشتنەوەی زیاتر و زیاتری پارەکەیان. وەك پەندە یابانییەکە دەڵێت:" پەیداکردنی پارە زۆر قورسە بەڵام لەدەستدانی زۆر ئاسانە."

## کاتەکەت بەباشی بەکار بهێنە

ملیۆنێرەکان زۆر بەرهەمهێنن و کاتەکانیان بەباشی بەکار دەهێنن. بەرلە هەموو ڕۆژێك پلان دادەنێن. لەپێشینە ڕوونەکان دادەنێن بەپێی کاتەکانیان و جەخت لەسەر بەکارهێنانی کاتەکەیان دەکەنەوە بە بەهاترین شێوە هەموو خولەك و کاتژێرێك. کەسانی هەژار دەچنە سەر کارەکانیان بەبێ پلانێکی ورد، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ بدەن، ماندوو دەبن و ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی سەرکەوتوو بن دڵیان سارد دەبێتەوە.

یەکێك لە بەبەهاترین کارامەییەکان کە دەتوانیت فێری بیت هەژمارکردنی ڕێژەی ئەو کاتژێرانە یان ئەو داهاتانەیە کە داواکراون. ژمارە دوو هەزار دابەش بکە. ژمارەی ئاسایی کاتژێرەکان کە کەسانی سەرکەوتوو کار دەکەن لە ساڵێکدا بۆ داهاتە ساڵانەییەکەی خواستەکەت. ئەگەر ئامانجەکەت ئەوەیە کە سەد هەزار دۆلار بەدەست بهێنیت لە ساڵێکدا ئەوا دابەشی بکە بەسەر دوو هەزار کاتژێردا ئەوەش یەکسانە بە پەنجا دۆلار لە کاتژێرێکدا.

لەو کاتە بەدواوە هەموو خولەك و کاتژێرێکی ڕۆژانەت لە خۆت دەپرسیت ئایا ئەو کارە دەکەیت کە پارەت پێدەدات بەگوێرەی ڕێژەی کاتژێرە داواکراوەکان. ئەگەر پێت نابەخشێت ئەوا دەستبەجێ بوەستە لە ئەنجامدانی. ئەو کارە دەدەیت بە کەسێکی تر یان بەتەواوی وازی لێدەهێنیت. بەدڵنیاییەوە واز لە هەر جۆرە کارێك بهێنە کە ئەو بڕە پارەت پێنادات بڕیارتداوە بەدەستی بهێنیت.

## تەنها بڵێ نەخێر

وەك چۆن نانسی ڕیگان لە ئامۆژگاریکردنی هەرزەکاراندا سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان دەڵێت "تەنها بڵێ نەخێر." تەنها بڵێ نەخێر بۆ هەرشتێك کە باشترین بەکارهێنانی کاتەکەت نییە، بۆ هەرشتێك کە ئەو بڕە پارەت پێنابەخشێت کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

کاتێك وارن بافت پرسیاری لێکرا سەبارەت بە نهێنیـی سـەرکەوتنەکەی، ئەویش دەستبەجێ وەڵامی دایـەوە:" تـەنها دەڵـێم نـەخێر بـۆ هـەموو شتێك."

جۆن دوێر، سەرمایەدارێك بوو کە خاوەنی حەوت بلیۆن دۆلار بوو، پارەی بە قەرز دەدا بە خەڵکی و کۆمپانیاکانی تـر تائـەوەی سـودمەند بێـت. دەستەیەکی تەواوی هەیە کە کاریان ئەوەیە هەموو شتێك بکەن جگەلـە کۆمەڵێك شت کە تەنها ئەو دەتوانێت ئەنجامیان بدات کە بەرپرسـن لـە بەرهەمهێنانی دەیان ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیاکە. بۆ هەموو شتێکی تر دەڵێت نەخێر.

## بەردەوامبە لە فێربوون و بەرەوپێشچوون

ملیۆنێرەکان هەمیشە و هەموو کات بیرۆکەی نوێ فێر دەبن. دەخوێننەوە و ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو یان سێ کاتژێر لە ڕۆژێـکدا گـوێ دەگـرن، پـارە دەدەن و داوای کورتکراوەی نوسـین و کتێبـە بازرگانییـەکان دەکـەن بـە شێوەی نوسین و دەنگی. دەزانن کە بیرۆکەیەکی سەرەکی بەستراوەتەوە بە زانیـاری ئێسـتایانەوە و دەتـوانن داهـاتووی بازرگانییەکـەیان بگـۆڕن و پێدەچێت سەروەتێکی زۆریشیان بۆ دەستەبەر بکات. دڵنیان لـەوەی کـە بیرۆکە دروستەکە لە جێگایەك بوونی هەیـە و هەمیشـەش لـە هـەموو سەرچاوەیەکدا داوای دەکەن و بۆی دەگەڕێن.

## فریوی تەڵەی تەلەفزیۆن مەخۆ

کەسانی دەوڵەمەند لە ڕۆژێکدا کەمتر لە کاتژێرێك سەیری تەلەفزیۆن دەکەن. کەسانی هەژاریش لە ڕۆژێکدا پێنج بۆ هەشت کاتژێر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن. دەڕۆن دەخەون لە کاتێکدا کە زۆر ماندوون لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و پاشان بەخەبەردێن و دووبارە تەلەفزیۆنەکە دادەگیرسێننەوە بۆ دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ. تەلەفزیۆن دەکرێت ببێتە کۆیلەیەکی ناوازە بەڵام لە هەمان کاتیشدا ببێت بە بەڕێوەبەرێکی خراپ. تەلەفزیۆنەکەت دەتوانێت دەوڵەمەند یان هەژارت بکات. دەوڵەمەندت دەکات ئەگەر زۆرینەی کاتەکەت جێی بهێڵێت. هەژاریشت دەکات ئەگەر دابنیشت کاتژێر لەدوای کاتژێر سەیری بکەیت. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە کاتێك خەڵکی دەوڵەمەندتر و ساماندارتر دەبن تەلەفزیۆنەکەیان زیاتر و زیاتر دوور دەخەنەوە لە سەنتەری چالاکی خێزانەکانیانەوە. دەوڵەمەندترین کەسەکان لەڕاستیدا ژوورێك بۆ تەلەفزیۆن دادەنێن، شوێنێك کە بەخەبەر هاتن پێویستە بچنە خوارەوە بۆ هۆڵەکە و لە شوێنی خۆیاندا دابنیشن بۆئەوەی سەیری تەلەفزیۆن بکەن. سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەکەن بە کارێکی زۆر قورس و وایان لێدێت کە بەتەواوی واز لە کاتەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بهێنن.

## ببە بە کەسێکی زۆر بەمەراق

خوویەکی تری کەسانی ساماندار ئەوەیە کە پرسیارگەلێکی زۆر دەکەن و پاشانیش بەوردی گوێ بۆ هەمووو وەڵامەکان ڕادەگرن. بەڕێوەبەرە ئاست مامناوەندەکان و ئەو کەسانەش کە داهاتێکی مامناوەند پەیدا دەکەن زۆر قسە دەکەن، کەم گرنگی دەدەن و گوێ ڕادەگرن لە کاتێکدا کەسانی

تر قسەیان بۆ دەکەن. کەسانی دەوڵەمەند زۆر زۆر پرسیار دەکەن، زۆر گوێ ڕادەگرن و تەنانەت تێبینیش دەنوسن و وا دەزانن کە هەمووان دەتوانن بەرچاوڕوونی و زانیاری بەنرخ بدەن کە دەکرێت سودبەخش بێت لە پەیداکردنی سامان و بەدەستهێنانی پارەی زیاتردا.

## هێزەکەت و ووزەکەت بپارێزە

کەسانی دەوڵەمەند چاودێرییەکی ورد و بەئاگای تەندروستیی جەستەیان دەکەن. خۆیان زۆر بەباشی پڕ زانیاری و ئاگادار دەکەنەوە سەبارەت بەو شتانەی کە دەتوانن ئەنجامیان بدەن تائەوەی ژیانێکی درێژ، تەندروستتر و باشتر بەڕێبکەن. ووزەیەکی زۆر ئاست بەرزی دەوێ بۆئەوەی سەرکەوتوو بیت، تائەوەی زیاتر کار بکەیت، زووتر لە کەسانی تر دەست پێبکەیت و هەتا کاتێکی درەنگتریش کار بکەیت. کەسانی دەوڵەمەند بەبەردەوامی بە شوێن ڕێگای نوێوەن تائەوەی ئاستی ووزەکەیان زیاد بکەن.

پسپۆڕێك گوتی:" گرنگترین سەرمایەی هەر بازرگانییەك ( کاتی بیرکردنەوەی جێبەجێکاری چالاکانەیە. ) ئەمە گرنگترین سەرمایەی هزری تۆیە. چۆن دەتوانیت زیاترت دەستبکەوێت؟"

## کێشی پێویست

ئەمە ئەو جێگایەیە کە تیایدا کێشی پێویست زۆر گرنگە. کێشی زیاد دەبێتەهۆی کێشەی تەندروستی زۆر گەورە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە هەڵگرتنی پاوەندێکی زیادە نیشانەیەك لەسەر جەستەت دادەنێت،

وزەکەت لەناو دەبات کە دەکرێت بەکاربێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنەی دەتەوێت.

یاسای پێنج وشەکە بۆ دابەزینی کێش ئەوەیە:

کەمتر بخۆ، ڕاهێنانی زیاتر بکە: کەسانی ساماندار خواردنە سودبەخشەکان دەخۆن و بڕێکی زۆر ئاویش دەخۆنەوە. لە ئەنجامدا، وزەی زیاتریان هەیە بەتایبەت وزەی هزری دەتوانن جەخت بکەنەوە لە دەرئەنجامی باشتر و زیاتر و پارەی زیاتر.

## پشووی پێویست

بەگوێرەی ئەندرێس ئێریکسن، دەروونناس لە زانکۆی فلۆریدا، وەرزشوانە بەتواناکان هەموو شەوێك هەشت کاتژێر و چل و شەش خولەك دەخەون. ئەو شتەی کە بۆی دەرکەوت ئەوە بوو کە لوتکەی ئاست بەرزی کارکردن زۆرە. وزەی زۆر پێویستە. ناتوانیت باشترین ئاست پێشکەش بکەیت بۆ هیچ ماوەیەك ئەگەر تەنها پێنج، شەش یان حەوت کاتژێر بخەویت لە شەوێکدا.

پێویستت بە هەشت بۆ نۆ کاتژێر خەو دەبێت لە شەوێکدا بۆئەوەی بەتەواوی پشوو بە جەستەت بدەیت و مێشکت پڕووزە بکەیتەوە بۆ ڕۆژی دواتر.

## ڕاهێنانی پێویست

کەسانی ساماندار بەڕێژەیەکی ئاسایی ڕاهێنان دەکەن، دوو سەد خولەك لە هەفتەیەکدا، سی خولەك یان زیاتر لە ڕۆژێکدا. هەموو بەیانیانێك لە

خەو هەڵدەستن و ڕاهێنان دەکەن. زۆربەی جار لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر پیاسە دەکەن، بە پەیژە دەچنە سەرەوە و دێنە خوارەوە نەك بە بەرزکەرەوەکە. هەمیشەش بۆ دەرفەتێك دەگەڕێن تائەوەی جەستەیان بجوڵێنن.

جارێکیان کەسێك پێی گوتم:" تەواوی جومگەکان لە جەستەدا دەبێت هەموو ڕۆژێك بەیەك بگەیەندرێن." ئەم ئامۆژگارییە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕێبەری بەرنامەی ڕاهێنانەکەمی کرد.

## ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانەی کە دەرئەنجامی باشیان هەیە

کەسانی دەوڵەمەند ئامادەن بۆ زیادکردنی سامانەکەیان هەر جۆرە کارێك ئەنجام بدەن بەڵام کارێك ناکەن کە ڕەنگە کاریگەری خراپی هەبێت. شێوازێکی تایبەت لە خۆلادان لەو کارانەی کە ڕەنگە کاریگەری خراپیان هەبێت پەیڕەو دەکەن بۆئەوەی کە داهاتێکی زیاتر بەدەست بهێنن. کەسانی ساماندار ئامادەن لە ناوچەی پاڵدانەوەیان بێنە دەرەوە بۆئەوەی شتێکی نوێ و سەخت تاقی بکەنەوە ئەگەر ئەوە ئەو شتە بێت کە پێویستە بۆئەوەی پاداشتێکی دارایی گەورەتر بەدەست بهێنن. کەسانی دەوڵەمەند بەردەوام بۆ دەرفەتەکان دەگەڕێن تائەوەی بتوانن تیایدا زیرەکییەکەیان و سەرچاوەکانیان جێەجێ بکەن بۆ پەیداکردنی سامان بە ڕێگایەکی نوێ و جیاواز.

کەسانی دەوڵەمەند دەرئەنجامی کاری خراپی وەبەرهێنان کەم دەکەنەوە بە کارکردن لەگەڵ پسپۆڕەکان و چاودێریکردنی وەبەرهێنانەکانیان

بەوریاییەوە. کاتێک پارەکەیان پەیدا کرد ئەوا سوور دەبن لە دەستپێوەگرتنی و بەردەوام دەبن.

## بەردەوام کاری نێتۆرك کردن

کەسانی دەوڵەمەند بەردەوام کاری نێتۆرك دەکەن. هەمیشە بۆ ڕێگای نوێ دەگەڕێن بۆ فراوانکردنی ژمارەی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەتوانن یارمەتییان بدەن و ئەمانیش بتوانن هاوکارییان بکەن. بەڵام وەك بارۆن دی ڕۆن شیلد دەڵێت:" هیچ ئاشناییەکی بێسود دروست مەکە."

کەسانی دەوڵەمەند کاتەکانیان بەسەر نابەن لەگەڵ کەسانێکدا کە لە ژیاندا بە هیچ جێگایەك ناگەن. ئەوان بە شوێن سەرکەوتووترین کەساندا دەگەڕێن لە کۆمەڵگا و پیشەسازییەکەیاندا. بۆ ڕێگایەك دەگەڕێن تائەوەی کاتی زیاتریان لەگەڵ بەسەر ببەن. خۆیان بەدوور دەگرن لە کەسانی نەرێنی و لەو کەسانەش کە ڕەخنە دەگرن، سەرزەنشتی خەڵکی دەکەن و سکاڵا دەکەن. ئەگەر خۆیان ببیننەوە لەگەڵ کەسانێکدا کە سکاڵا دەکەن سەبارەت بە ژیان یان کارەکەیان ئەوا بە ڕێزەوە داوای لێبوردن دەکەن و دەڕۆن.

### ببە بە ئەندام

ئەو شتانە ئەنجام بدە کە کەسانی دەوڵەمەند ئەنجامی دەدەن. پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی بازرگانی یان دوو کۆمپانیاوە بکە کە گرنگ یان یارمەتیدەربن بۆ بوارەکەت. ئامادەی کۆبونەوەکان بە. گرنگترین

دەستەکان بناسەرەوە و بە خۆبەخش ببە بە ئەندام لە یەکێکیاندا.
گرنگترین دەستەکان لە هەر کۆمپانیایەکدا گرنگترین کەسانن لەو پیشەسازییەدا و سەرنجکێشت دەکەن بۆ خۆیان.
کاتێك لەگەڵ ئەم دەستە خەڵکەدا خزمەت دەکەیت ئەوا دەرفەتێکت دەستدەکەوێت بۆ بینین و ناسینی ئەم کەسانە لە ژینگەیەکی بێ مەترسی و بێلایەندا. بە هەر ڕێگایەك چاوپێکەوتن دەکەیت لەگەڵ ئەم کەسانەدا و ڕێگە دەدەیت بتبینن کە چی جۆرە کەسێکیت بە چۆنیەتی ئەو یارمەتییە ( سودە ) ی کە بۆ کۆمپانیاکە یان دەزگا خۆبەخشەکەتی دەگەیەنییت.

## گرنگترین خاسیەت

ڕەنگە گرنگترین خاسیەتی کەسانی دەوڵەمەند ئەوە بێت کە جەخت دەکەنەوە لەسەر پێشکەشکردنی ئاستی نایاب و باشتر لەو کارەی کە ئەنجامی دەدەن. لە کۆتا شیکردنەوەدا، هیچ شتێك یارمەتییت نادات لە ژیاندا وەك لەوەی کە پەرە بە ناوبانگییەکەت بدەیت وەك باشترین کوڕ یان کچ. ئەو کەسەی کە ناسراوە وەك باشترین ئاست پێشکەشکەرێك لە بوارە تایبەتەکەتدا.
وەك باشترین وەبەرهێنان کە کۆمپانیایەك دەتوانێت بیکات لە بەرەوپێشچوونی بەرهەمەکانی یان خزمەتگوزارییەکانییدا لەڕووی ئەو شتەی کە کڕیارەکان دەیانەوێت و پێویستیانە. وە باشترین وەبەرهێنانێك کە کەسانی دەوڵەمەند لە خۆیاندا ئەنجامی دەدەن ئەوەیە کە لە بوارە کارامەییە سەرەکییەکاندا باشتر و باشتر دەبن.

راهاتووت بێ سنووره

هەرگیز دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵکی زیاتر نەبووە کە پارەی زیاتر پەیدا بکەن و ئامانجی دارایی زیاتر بەدەست بهێنن بە شێوەیەکی خێراتر لەوەی کە لە ئەمڕۆدا هەیە. بەڵام وەك ئێرل نایتینگال دەڵێت:" بەرلەوەی کە بتوانیت شتێکی زیاتر و جیاوازترت هەبێت ئەوا پێویستە ببیتە کەسێکی جیاوازتر." یاسای کۆششی ناڕاستەوخۆ دەڵێت:" کاتێك زۆر بە حەماس و سووربوونەوەوە جەخت لەسەر پەرەدان بە شێوازەکانی بیرکردنەوەی کەسانی دەوڵەمەند دەکەیتەوە و ئەو کارانە دەکەیت کە هەموو ڕۆژێك ئەنجامی دەدەن ئەوا بەزوویی خۆت دەبیت بە کەسێکی ساماندار، لە ناوەوە و لە دەرەوەشدا."

## ڕاهێنانە کردارییەکان

١. ئەمڕۆ بڕیار بدە کە وەك کەسانی دەوڵەمەند بیر بکەیتەوە و کردار بکەیت. بیرۆکەکانی ئەم بەشە جێبەجێ بکە. چاوپێکەوتنەکان، چیرۆکەکان و کتێبەکان بخوێنەرەوە سەبارەت بەو کەسانەی کە زۆر سەرکەوتوون و ئەو شتانەش ئەنجام بدە کە ئەوان ئەنجامی دەدەن.

٢. خوویەك هەڵبژێرە کە پێت وایە دەتوانێت یارمەتییت بدات بۆ پەرەدان بە بیرکردنەوەت، چەمکی خودی کەسانی دەوڵەمەند وە هەموو ڕۆژێك کاری لەسەر بکە هەتاکو دەبێت بە شتێکی ئۆتۆماتیکی بۆت و ئاسان

دەبێت.

٣. چالاکییەك یان هەڵسوکەوتێکی شێوازی ژیانکردنی کەسانی سەرکەوتوو هەڵبژێرە. هەروەها بیکە بە بەشێك لە شێوازی ژیان کردنت. ئێستا ئەنجامی بدە.

## کورتکراوە

هیچ کام لە سەرکەوتن و شکست بەڕێکەوت نین. تۆ لەو شوێنەیت و ئەو کەسەیت بەهۆی خۆتەوە، بەهۆی شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتتەوە. ئەگەر دەتەوێت داهاتووت لە هەر بوارێکدا باشتر بێت ئەوا پێویستە سەرەتا بیرکردنەوەت بگۆڕیت و بەرەوپێشی ببەیت لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەم کتێبەدا وەسفکراون. پێویستە هەڵبژاردنی نوێ بکەیت و بڕیاری باشتر بدەیت.

خۆشبەختانە، هەموو ئەو شتەی کە هەیت، لە تەمەنی منداڵییەوە فێری بویت لە دەرئەنجامی وەرگرتن و کردارەوە بووە. لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانیت بڕیار بدەیت بیرۆکەی نوێ فێربیت، هەڵسوکەوتی نوێ پەیڕەو بکەیت و دەرئەنجامی جیاواز بەدەست بهێنیت.

بەختێکی باش!

## له بڵاوکراوەکانی دیکەی کتێبخانەی بەختیاری لە بواری گەشەپێدانی مرۆییدا:

| کتێب | نوسەر | وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ملیۆنێری خێرا | مارك فیشەر | حەیدەر ئیبراهیم |
| شوێن دڵت بکەوە | ئەندریۆ ماتیۆس | حەیدەر ئیبراهیم |
| هێزی باوەڕ بەخۆبوون | برایان ترەیسی | کەلسوم عومەر و حەیدەر ئیبراهیم |
| نهێنییەکانی مێشکی ملیۆنێر | تی. هارڤ ئیکەر | کەلسوم عومەر و حەیدەر ئیبراهیم |
| شازادە بچکۆلەکە | ئانتوان دو سانت ئێگزیوپێری | حەیدەر ئیبراهیم |



Scanned by TapScanner

# Get Smart!

## Brian Tracy

برایان ترەیسی

نوسەرێکی ئەمریکی بەڕەچەڵەك کەنەدییە و وتاربێژی بواری گەشەپێدانی مرۆییە. کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی گرنگە لە بواری سەرکەوتن، دانانی پلان و بەدیهێنانی ئامانجەکان لە ئەمڕۆدا. نوسەری کتێبە بەناوبانگەکەیە بەناوی ( بۆقەکە قوت بدە! ) خاوەن و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نێودەوڵەتی برایان ترەیسی یە لە بواری ڕاهێنان و گەشەپێدانی تاك و کۆمپانیاکاندا.

لەم کتێبەدا فێر دەبیت:

١. مێشکت بەو جۆرە ڕابهێنیت کە ئەنجامی سەرکەوتوو بەدەست بهێنیت.

٢. لە هەر دۆخێکدا بێت، دەرفەتەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بناسیتەوە.

٣. ئەو هۆکار و شێوازی بیرکردنەوە نەرێنییانە بناسیتەوە و بنبڕیان بکەیت کە دەتگێڕنەوە دواوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەت.

٤.پلان دابنێیت، کردار بکەیت و بەخێرایی ئامانجەکانت بەدی بهێنیت.

" پێشنیاز ئەکەم ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێی ڕێگای سەرکەوتندایت. ئەم کتێبە تەنها یارمەتییت نادات بگەیت بە لوتکەی سەرکەوتن بەڵکو یارمەتیشت دەدات خێراتر پێی بگەیت."

( دۆن ئێم گرین ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی ناپلیۆن هیڵ )

بەختیاری